# بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەنفلۆنزای بەراز 2 ملیۆن و نیو کەپسولمان کڕیوە



**ڕوودلو-هەولێر**

د. زریان عوسمان، وەزیری تەندروستی حکومەتی کوردستان ڕایگەیاند بـۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی پەتای ئەنفلەوەنزای بەراز 6 کامێرای حەرارییان هێناوەو لــە فرۆکەخانەکان دایانناوە "ئەو کامێرانە لــەدوورەوە دیاری دەکات کە کەســەکە هەڵگری ڤایرۆسەکەیە یان نا". هەروەها گوتیشی "جل وبەرگی خۆپاراستن بۆ کارمەندانی تەندروستی کڕدراوەو، ماسکێکی زۆر بۆ کارمەندانی تەندروستی و هاووڵاتیانیش دابینکراوە". هەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترســیەکانی ئەنفلۆنزای بەراز د.زریان ڕایگەیاند "2 ملیۆن و نیو کەپســولمان کڕیوە، بۆ ئەوەی وەک چارەســەر بدرێتە هاووڵاتی". وەزیری تەندروســتی بەدووری نازانێ لە پایزی ئەمساڵ ئەو پەتایە کوردستانیش بگرێتەوە "ئەگەری ئەوە زۆرە پەتاکە لەکوردســتاندا بڵاو ببێتەوەو سەدان هەزار کەس تووشی نەخۆشییەکە ببێت".

8

# هولیا: باوکم کوردێکی تۆخ بوو



**ڕوودلو-ئەنقەرە**

سینەماکار، گۆرانیبێژ و پێشکێشــکاری تەلەڤزیۆنی هولیا ئاڤشار ڕایگەیاند ئەو هەستدەکات تورکێکی بە ڕەگەز کوردە.

لە هەڤپەیڤینێکدا لەگــەڵ ڕۆژنامەی (Milliyet)ی تورکیــدا هولیــا بە درێــژی باســی کوردبوونی بنەماڵــەی خۆی کردو گوتــی " باوکم کوردێکی تــۆخ بوو". لەبارەی ئــەوەی ئایا خۆی بە کورد دەزانێت یان تورک، ئاڤشــار دەڵێ "من تورکم، بەڵام کوردبوونیش لە مندا هەیە". هولیا گوتیشی کورد بە بەراورد لەگــەڵ نەتەوەکانی دیکە زۆر کەمتر ڕووبەڕووی ژنەکانیان دەوەستنەوەو زۆر پەیوەستن بەخێزانەکانیانەوە.

10

# داوا دەکەین دەرگای قەڵای هەولێر هەڵبگیرێت

**ڕوودلو- هەولێر**

پارێزگاری هەولێر ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە کە یونسکۆ تا ئێستا ڕەزامەندی لەسەر ئەوەدابێت قەڵای هەولێر بخرێتە ناو لیستی شوێنەوارەکانی جیهان.

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕوودلو) ڕایگەیاند ئێستا کار لەسەر ئەوە دەکەن قەڵای هەولێر وەک شوێنەوارێکی جیهانی دانی پێدابنرێت و گرێبەستیشیان لەگەڵ ڕێکخراوی یونسکۆ مۆرکردووە " بەڵام ئــەوان مەرجی خۆیــان هەیەو ئەوە بە شــەوو ڕۆژێــک ناکرێت".



پارێزگاری هەولێر نیگەرانی خۆشی لەبەرامبەر ئەو کەســانە دەربڕی کە بەبێ خوێندنەوەو ئاگاداربوون لە ماستەر پلانی هەولێر ڕەخنە دەگرن. گوتیشی " ئەوانەی ڕەخنە دەگرن وخۆیان بە پەرۆشــی قەڵا دەزانن بۆچی ڕەخنەیەکیــان لە دەرگای قەڵا نەگرت کە کاتی خۆی لە هەشتاکان گەورەترین تاوان دەرهــەق بە قەڵا کرا و دەرگایەکی بابلی سەیرو سەمەرەیان لەسەر جەستەی قەڵا دروستکرد".

7


ژمارە (76)
دووشەممە 2009/8/31
9ی گەلاوێژی 2709
(750) دینار
چاپی کوردستان
Rûdaw ڕووداو
www.rudaw.net


## کورد پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق لەدەست دەدات

# " ئەگەر لیستی گۆڕان پشتگیریی نەکات مام جەلال نابێتەوە سەرۆک کۆمار"

**ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی:**

### ئەمجارە پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بەر کورد دەکەوێت

**تایبەت بەڕووداو**

ئەندامێکی ســەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕایگەیاند بەهۆی دروستبوونی چەندین لیستی ڕکابەر لەناوخۆی کوردستان و عێراق بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، لیستی هاوپەیمانی کوردســتانی لە هێزی دووەمەوە دەبێتە سێیەم یان چوارەم و بەمەش لە بری پۆســتی سەرۆک کۆمار، سەرۆکی پەرلەمانی پێدەبڕێ.

جگە لەناوخۆی کوردســتان، لەسەر ئاستی عێراق سێ لیستی ســەرەکی هەن کە کێبرکێ لەگەڵ لیستی کوردســتانیدا دەکەن، ئەوانیش لیســتی ئیئتیلافی نیشــتیمانی، حزبی دەعوە بەڕابەرایەتــی نووری مالیکــی، ڕەوتێکی دیکە کە ســاڵح موتلەگ، ئەیاد عــەلاوی، مەحمود مەشهەدانی، جەواد بۆلانی و ئەحمەد عەبدولغەفور بە نیازی پێکهێنانین.

بەشــداریکردنی ســوننەکان لە هەڵبژاردن و دروســتبوونی هاوپەیمانی تــازەو بوونی چەند لیســتێکی کوردی لــەو هەڵبژاردنــەدا ڕێگرە لەبەردەم ئەوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان وەکو هەڵبژاردنی ڕابــردوو ببێتە دووەم، فەرید ئەسەســەرد، ئەندامی سەرکردایەتی وبەرپرسی ســەنتەری لێکۆڵینەوەی ســتراتیژی یەکێتی، پێیوانییە کورد بتوانێت پۆستی سەرۆک کۆمار وەربگرێتەوە" لەعێراقدا هێزی یەکەم ســەرۆکی حکومەت پێکدێنێت، هێزی دووەم پۆستی سەرۆک کۆماری دەدرێتێ و هێزی ســێیەمیش سەرۆکی پەرلەمان". ئەسەســەرد گوتیشی "ئەگەری ئەوە هەیە لەم هەڵبژاردنەدا کورد سێیەم یان چوارەم بێت و بەمەش پۆســتی ســەرۆکی پەرلەمان بۆ کورد دەبێت".



تاڵەبانی لە کۆبوونەوەیەکی UN لە نیویۆرک (فۆتۆ: AFP)

لیستی هاوپەیمانی کوردستانی، کە خاوەنی 53 کورسییە لە پەرلەمانی عێراقدا و دووەمین لیستە لە پاش لیستی ئیئتیلافی شیعە، بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارە جگە لە عێراق لەنێو خۆی کوردستانیش ڕکابەری هەیە، ڕکابەرە دیارەکانیشی بریتین لە لیستی گۆڕان و خزمەتگوزاری و چاکسازی

لیســتی گۆڕان، کە خاوەنی 25 کورســییە لەپەرلەمانی کوردســتان، بڕیارە بە لیســتێکی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنەکانی عێراق بکات.

لیســتەکە لەو باوەڕەدایە لە هەڵبژاردنەکانی عێــراق، دەنگی زیاتر لەو دەنگانە دەهێنن کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بەدەستیهێنان.

جەمال محەمەد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لە باڵی ریفۆرم، دەڵێت"زۆرینەی کوردەکانی تاراوگەو ناوچــە جێناکۆکەکان لەگەڵ لیســتی گۆڕانن". هەروەها ئازاد چالاک ئەندامی پەرلەمانی عێراق، کە نزیکە لە لیســتی گۆڕان بــۆ (ڕوودلو) گوتی "ئەگەر گۆڕان پشــتگیریی نــەکات، مام جەلال نابێتەوە سەرۆک کۆمار".

بەپێی زانیارییەکانی سەرچاوەیەکی ئاگادار"لە کۆبوونەوەی ســەرکردەی چوار حیزبەکە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمدا بە سەرۆکی هەرێمیان ڕاگەیاندبوو بە لیستی جیاواز بەشــداری هەڵبژاردنی عێراق دەکەن". لەلایەکی دیکەوە عەلی قادر، سەرۆکی دەستەی هەرێمی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ڕایگەیانــد "12 لیســتی کوردی نــاوی خۆیان تۆمارکردووە بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا بەبێ ئەوەی ناوی لیســتەکان ئاشکرا بکات".

3

## تورکمانەکان داوای جێگری سەرۆکی حکومەت و شارەوانی هەولێر دەکەن

# 4 حیزبەکە لەسەر بەشداریکردن لەحکومەت یەکدەنگ نین

**ڕوودلو- هەولێر**

لەکاتێکدا لیستی گۆڕان بڕیاری داوە بەشداریی لەکابینــەی نوێــی حکومەتدا نــەکات و وەک ئۆپۆزســیۆن بمێنێتەوە، لیستی چوار حیزبەکە لەبارەی بەشــداریکردن و نەکــردن هاوڕا نین و تەنیا یەکگرتووی ئیســلامی پێداگری لەســەر بەشــدارینەکردن دەکات. لەلایەکــی دیکــەوە، لایەنە تورکمانەکان بۆ بەشــداریی لە حکومەت داوای پۆســتی جێگری ســەرۆکی حکومەت و جێگری پارێزگارو سەرۆکایەتی شارەوانیی هەولێر دەکەن.

شــێردڵ تەحسین سەرۆکی لیستی تورکمانی لەوبارەوە ڕایگەیاند "لە کۆبوونەوەکەمان لەگەڵ ســەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشــنیازێکمان ئاراستە کردووەو داوای چەند پۆستێکمان کردووە، لەوانەش پۆستی جێگری ســەرۆکی حکومەت، جێگری پارێزگاری هەولێر، ســەرۆکی شارەوانی هەولێر". شێردڵ گوتیشــی "تورکمان نەتەوەی دووەمە لە کوردستان، بۆیە پێمان باش بوو داوای ئەو پۆستانە بکەین".

هەرچی لیســتی چوار حیزبەکەیە، لەســەر بەشــداریکردن یەکدەنگ نیــن. لەکاتێکدا هادی عەلی ســکرتێری مەکتەبی سیاســی یەکگرتوو ڕایگەیاند کە ئەوان وەک لیســتی خزمەتگوزاری بڕیاریانداوە بەشداریی نەکەن و وەک ئۆپۆزسیۆن بمێننەوە، کەچی یەکێک لەسەرکردەکانی لیستی چوار حیزبەکە بە (ڕوودلو)ی ڕاگەیاند "تائێســتا چەنــد کۆبوونەوەیەکمــان بۆ بڕیــاری کۆتایی کردووەو نەگەیشتووینەتە بڕیارێک".

ئەو ســەرکردەیە کە نەیویست ناوی بهێنین گوتیشی "هەوڵێکی زۆرهەیە لەگەڵمان وبەتایبەتی لەگەڵ ئیسلامییەکان، لەناوئیسلامییەکانیش زیاتر یەکگرتوو پێ لەسەر بەشدارینەکردن دادەگرێت، هەرچەندە لەناو یەکگرتووش ڕای جیاواز هەیە".

هەروەها بەدووریشــی نەزانی کە سەرئەنجام کۆمەڵی ئیسلامی و قادر عەزیز و سۆشیالیست بە بەشداریکردن لەحکومەت ڕازی بن بەو مەرجەی لیستی کوردستانی داواکانیان جێبەجێ بکات.

هەر لەوبــارەوە محەممەد حەکیــم ئەندامی مەکتەبی سیاســی کۆمەڵی ئیسلامی ڕایگەیاند کە ئێســتا سەرقاڵی ڕاپرســی و وەرگرتنی ڕای ئەندام و کادیرانیانن بۆ بەشداریکردن یان نەکردن لەحکومەت و گوتیشــی "پشــت بەوئەنجامانە دەبەســتین، چونکە ڕێز لەڕای ئەندامانی خۆمان دەگرین". ئەوە لەکاتێکدایە کە هادی عەلی دەڵێت "لەنێو ئەنــدام و کادیرانی یەکگرتوو ڕاپرســی کراوەو پێیانباشە لەو قۆناخەدا ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن ببینین".

4و2


Reklam

ERBİL STEEL company

گەورەترین کۆمپانیای بەرهەم هێنانی ئاسن لە کوردستان و عێراق دا





Factory:
Iraq, Erbil, Guwer Road, 18th KM
Office Dept. Tel: +964 66 256 18 18
Sales Dept. Tel: +964 66 256 19 19
+964 750 435 18 18
+964 750 435 19 19

Istanbul Head Office:
Metroport İş Merkezi Kültür Sokak
No:1 K:9 D:165
Bahçelievler / İstanbul Türkiye
Tel: +90 212 441 90 00 (pbx)
Fax: +90 212 441 90 17

www.erbilsteel.com

بریکارەکانی فرۆشتنی شیش:
نووسینگەی هەژار: 0750 449 16 88 - 0750 445 33 39
کۆمپانیای یعقوب: 0770 152 59 00 - 0750 714 11 67
کۆمپانیای کریم گەردی: 0750 445 90 60 - 0750 445 13 62

## راپۆرتە هەواڵ




### مام جەلال پارەی نەداوەتە شەرقولئەوسەت

**رووداو- هەولێر**

مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندنی یەکێتی لەبەیاننامەیەکدا رەتیکردەوە مام جەلال لەبەرامبەر ئەو زنجیرە راپۆرتەی مەعد فەییازی نێردراوی رۆژنامەی (الشرق الاوسط) لەبارەی ژیاننامەی ئەووە بڵاویکردەوە هیچ برە پارەیەکی دابێتە فەییازو ستافی رۆژنامەکەی.

بەیاننامەکـە لەوەڵامی هەواڵێکی سـایتی (اور نیـوز)دا هات کە دواتر لەچەند ماڵپەرێکی دیکەی عەرەبیشـدا بڵاوکرایەوە گوایە رۆژنامەکە لەبەرامبەر ئەو زنجیرە راپۆرتەدا پارەی خەیاڵیی وەرگرتووە.

پێدەچێت تەنها گۆڕان و یەکگرتوو وەک ئۆپۆزسیۆن بمێننەوە

# کۆمەڵی ئیسلامی و سۆشیالیست داوای وەزارەتی زیندوو دەکەن

**ئەوزاد مەحمود**
**رووداو- سلێمانی**

هەوڵەکانی لیسـتی کوردستانی بۆ رازیکردنی لیستی چوارحیزبەکـە بەردەوامەو تائێسـتا لیسـتەکە بڕیاری کۆتاییان لەبارەی بەشـداریکردن یان بەشـداری نەکردن لەکابینەی شەشـەمی حکومەت نەداوەو سەرکردەیەکی چوارحیزبەکەش دەڵێ، دوورنییە بەشـداری لەحکومەت بکەیـن، ئەگەر مەرجەکانمان جێبەجـێ بکرێت لەلایەن لیستی کوردستانیەوە .

هەفتەی رابـردوو دوای کۆبونەوەی لەگەڵ مەسـعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح کاندیدی لیسـتی کوردستانی بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەت رایگەیاند " دەمانەوێ حکومەتێکی بنکە فراوان دروسـت بکەین". دوای ئەو لێدوانە، لیستی کوردستانی لەهەوڵی رازی کردنی چوارحیزبەکەدایە .

محەممەد حەکیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ، هەتا ئێستا بڕیاروابوو لیستی خزمەتگوزاری بەشداری حکومەت نەکات . گوتیشی " بەڵام خۆتان دەزانن ئێمە لەچوار حیزب پێکهاتووین و دەکرێ ڕای جیاوازیشی تێدابێت، هەرچەندە بەرەسمی رای جیاواز نییە" .ئەندامێکی مەکتەبی سیاسـی یەکگرتووی ئیسـلامیش دەڵێ ئێمە هێشتا لەچوارچێوەی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازیداین و دەبێت پابەند بین بەرێنمایی و بڕیارەکانی ئەو لیستەوە . محەممەد فەرەج گوتیشی " هێشتا هەڵوێستی رەسمی ئەو لیستە رانەگەیێنراوە" .

محەممەد فەرەج رەتی کردەوە کەلیستی چوارحیزبەکە زیاتـر لەبڕیاری بەشـداری کردن لەحکومـەت نزیک بن تائۆپۆزسیۆن، کەچی سەرکردەیەکی لیستی چوارحیزبەکە گوتی" تائێستا چەند کۆبوونەوەیەکمان بۆ بڕیاری کۆتایی کردووەو نەگەیشـتووینەتە بڕیارێک " . ئەو سـەرکردەیە گوتیشی " هەوڵێکی زۆر هەیە لەگەڵمان و بەتایبەتی لەگەڵ ئیسلامیەکان، لەناو ئیسلامییەکانیش زیاتر یەکگرتوو پێ لەسـەر بەشـداری نەکردن دادەگرێت، هەرچەندە لەناو یەکگرتووش رای جیاواز هەیە " .

هەریەک لەکۆمەڵی ئیسـلامی و یەکگرتووی ئیسلامی سەرقاڵی راپرسـی و وەرگرتنی رای ئەندامان و کادیرانی خۆیانن لەبارەی بەشـداری کردن و نەکردنەوەو محەممەد حەکیـم ئەوەی نەشـاردەوەو گوتی " هێشـتا ئەنجامی راپرسـییەکەمان لەبەردەسـتدا نییە" . گوتیشی " پشت بەوئەنجامانە دەبەسـتین، چونکە رێز لـەرای ئەندامانی خۆمان دەگرین " . سەرچاوەیەکی نزیک لەکۆبونەوەکانی چوار حیزبەکە بە (رووداو)ی گوت "ئەو گەڕانەوەیە بۆرای ئەندامان، بۆخۆی دەریدەخات کەلەناو یەکگرتوو کۆمەڵی ئیسـلامی دەنگی جیـاواز هەیە و دەیانەوێ بەشـداری لەحکومەت بکەن " .

سەرکردەیەکی لیستی خزمەتگوزاری دەڵێ " دواجار من وای دەبینم کەکۆمەڵی ئیسلامی و کاک قادرو سۆشیالیست بەبەشداریکردن لەحکومەت رازی دەبن بەو مەرجەی لیستی کوردسـتانی مەرجەکانیان جێبەجێ بـکات، کەلەچەند مەرجێکی گشتی و تایبەتیدا خۆی دەبینێتەوە".لەبارەی مەرجەکانەوە گوتیشـی "وەزارەتـی زیندوویان پێبدرێت و لەبڕیارە سیاسـیەکاندا بەشداربن و حکومەتێکی کاراو شەفاف بێت و بایەخ بەخزمەتگوزاری زۆر بدات " .

ئەو سەرچاوەیە پێداگرتنی یەکگرتوو لەسەر بەشداری نەکـردن دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کەدەیـەوێ زەمینە بۆ بەتەنها دابەزین لەهەڵبژاردنـی پەرلەمانی عێراق خۆش بکات وەک ئەوەی چوار ساڵ لەمەوبەر و گوتی "ئەوەندەی مەبەسـتی ئەو هەڵبژاردنەیە، ئەوەندە مەبەستی خودی کابینەی شـەش نییە ".لەبارەی هەڵوێسـتی کۆمەڵ و سۆسیالیسـت باڵی قادر عەزیزی زەحمەتکێشانیش بۆ هەڵبژاردنـی پەرلەمانی عێراق گوتـی " ئەگەر کابینەی شەشی حکومەتی هەرێم بەشداری بکەن، دوور نیە بۆ ئەو هەڵبژاردنەش لەگەڵ لیستی کوردستانی لیستێک دروست بکەن " .

سـۆزان شـەهاب، گوتەبێژی لیسـتی کوردستانی رایگەیاند، کاتێک سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرهەمی راسـپارد بۆ پێکهێنانـی حکومەت، ئـەوکات ئەویش بەرەسمی داوا لەو حیزبانەو هەموو لایەنەکانی تر دەکات بەشـداری لەحکومەت بکەن . گوتیشـی " رای جیاواز لەناو لیسـتی خزمەتگوزاری و چاکسـازی هەیە، بەڵام ئەوان دەبێت پێشـتر بەشێوەی رەسمی خۆیان یەکلایی بکەنەوە وەک لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی " . سۆزان خاڵەشەهاب سـەبارەت بەومەرجانەش کەسەرکردەکەی لیسـتی خزمەتگوزاری باسـی کرد دەڵـێ " ئێمە وەک لیستی کوردستانی مەرجەکانمان بڵاوکردووەتەوە بۆ ئەو لایەنانەی کەبەشداری دەکەن لە حکومەت " .

لەبەرامبەر ئـەو ئەگەرەی ئایا گەر سـێ لایەنەکەی دیکە بڕیاری بەشداری کردن لەحکومەت بدەن هەڵوێستی یەکگرتوو چی دەبێت، محەممەد فەرەج گوتی "ئاسـاییە ئەگـەر رای جیاوازیش لەناو چوارحیزبەکە هەبێت و ئەو کات یەکگرتووش بڕیارێک دەدات " .

سـەرچاوەکەی (رووداو) لەبارەی هەڵوێستی لیستی گۆڕان لەبەرامبەر ئەگەری بەشـداریکردنی چوارحیزبەکە دەڵـێ، لیسـتی گـۆڕان هـەوڵ دەدات ئەوانیش وەک ئۆپۆزسـیۆن بمێننەوە"بەڵام بڕواناکەم بتوانن کاریگەری لەسـەر چوارحیزبەکە دابنێن، چونکە خاڵی هاوبەش و بەهێز لەنێوان گۆڕان و لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازیدا نییە " .

# تورکمانەکان داوای جێگری سەرۆکی حکومەت و دوو وەزیر و شارەوانی هەولێر دەکەن



### پەرلەمانتار شێردل تەحسین: کاک مەسعود بەڵێنیدا لە داواکەمان بکۆڵێتەوە

**تایبەت بە رووداو**

هەرسـێ لایەنی تورکمانی کە پێنج کورسـییان هەیە لەپەرلەماندا داوای جێگری سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی شارەوانی هەولێر و دوو وەزیر و جێگری پارێزگاری هەولێر دەکەن و سەرۆکی هەرێمیش بەڵێن دەدات لەگەڵ سـەرۆکی حکومەتدا بەدواداچوون بۆ داواکانیان بکات.

رۆژی 2009/8/27، ئەو سێ لایەنە تورکمانییەی کە پێنـج کورسـییان بەدەسـتهێنا لەپەرلەمانی کوردسـتاندا، لەگەڵ مەسـعود بارزانی سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتاندا کۆبوونـەوەو داوای چەندین پۆستی گرنگیان کردبوو.

شـێردل تەحسـین، پەرلەمانتار لەسەر لیستی تورکمانەکانـی هەولێـر، بـە (رووداو)ی راگەیاند" لە کۆبوونەوەکەدا سـەرۆکی هەرێمیـش ئاماژەی بەو راسـتییە کرد کەتورکمان نەتەوەی دووەمە لە کوردسـتاندا، ئێمەش داوای چەند پۆستێکمان کرد لەوانە جێگری سەرۆکی حکومەت، ئەو یەک وەزیرەی کەدەماندرێتێ بکرێت بە دووان، جێگری پارێزگاری هەولێر و سەرۆکی شارەوانی هەولێر".

بەپێی گوتەی ئەو پەرلەمانتارە، سەرۆکی هەرێم، بەڵێنی پێداون لێکۆڵینەوە لەداواکەیان بکات" گوتی لەگەڵ د.بەرهەم دادەنیشـین و ئەو باسـە لەگەڵ د.بەرهـەم دەکەم و وەک سـێ لایەنـی تورکمانی لەنزیکترین کاتدا لەگەڵ د.بەرهەم دادەنیشین".

شـێردڵ تەحسـین، ئـەوەی رەتکردەوە بەشداربوونیان لە حکومەتدا بەسترابێت بەپێدانی ئەو پۆستانەوە"وەک هەرسێ لایەنی تورکمان بڕیارمانداوە بەشداربین لەحکومەت و وەکو هەرسێ لایەنیش ئەو داواکاریانەمان کردووە".

# مۆڵەتی یەک هەفتە دراوەتە پەرلەمانتاران بۆ چۆڵکردنی شوقەکانی ناز ستی

**رووداو-هەولێر**

بەشـێکی ئـەو پەرلەمانتارانـەی کابینەی پێشوو کە لەشـوقەکانی نازسـتی (زەکەریا)دا نیشتەجێبوون، شـوقەکانیان چۆڵ نەکردووەو دوایەمیـن کاتیش بۆ چۆڵکردنی شـوقەکان کە دانراوە هەفتەیەکـە و حکومەتیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو شوقانە نابنە موڵکی کەس.

لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردسـتاندا 56 شـوقە لە ئەپارتمانێکی کۆمەڵگای ناز سـتی (زەکەریا) لە هەولێر بۆ ئەو ئەندامانەی پەرلەمانی کوردستان کرِدران کە ماڵیان لە دەرەوەی هەولێر بوو، پـاش تەواوبوونـی کاری پەرلەمانتارییان دەبوایە شـوقەکانیان چۆڵبکردایە، بەڵام تاوەکو ئێستا چەند پەرلەمانتارێک لەوێ نیشتەجێن

فرسـەت ئەحمـەد، سـکرتێری پەرلەمانی کوردسـتان بـە (ڕووداو)ی راگەیانـد" ئەو 56 شوقەیە موڵکی پەرلەمانی کوردستانە و چەند ئەندامێکی پێشـوو چۆڵییان کردووە، ئەوەشی ماوە چاوەڕوانی دەکەین حاڵی خۆی ڕێکبخات و شوێنێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە لە ماوەی هەفتەیەک یـان 10 ڕۆژ، چونکـە هیچ بڕیارێـک نییە بۆ ئەوەی ئەو شوقانە بەسەر ئەندامەکانی پێشوو پەرلەماندا تەملیک بکرێت و ئەو شـوقانەش بە هیچ کەسێک نادرێت".

سەرچاوەیەک، لە کۆمەڵگای ناز سیتی، ئەوەی بۆ (رووداو) خستەڕووکە 30 لە ئەندامانی پێشووی پەرلەمان شوقەکانیان چۆڵکرد و دوای ئەوەش کلیلەکان تەسـلیم بە پەرلەمانی کوردسـتان دەکەنەوەو تەواوی ئەو 56 شـوقەیەش لە ئۆفیسـی کۆمەڵگای ناز سیتی بە ناوی پەرلەمانی کوردستان تۆمارکراوە.



جگە لە پەرلەمانتارەکان چەند وەزیر و بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەری گشتیش لەشـوقەکانی نازسـتیدا نیشتەجێن، کەبەپێـی ڕێنماییەکانی حکومەت پاش تەواوبوونی کارەکانیـان دەبێت چۆڵی بکەن.

محمـد قەرەداخـی سـکرتێری ئەنجومەنـی وەزیرانـی حکومەتـی هەرێمی کوردستان، ئەوەی خستەڕوو کە چاوەڕوانی پێـک هێنانی کابینەی نـوی حکومـەت دەکەن و ئـەوکات هەندێک گۆڕانکاری بەسەر بەڕێوەبەرە گشـتیەکان و بریکاری وەزارەتەکاندا دێت بەشـێکیان خانەنشین دەکرێن" ئەو وەزیرانەش کە بۆ نیشـتەجێبون شـوقەکانی ئەنجومەنـی وەزیرانیان بەکارهێنـاوە لێیـان وەردەگیرێتەوە دەدرێت بەو وەزیرو ئەندام پەرلەمانەی کە لەدەرەوەی هەولێرەوە دێن".

لەبەر بڵاوکردنەوەی نەخشەی کوردستان

# CNN داوای لێبووردن دەکات




**رووداو-میللییەت**

کەناڵی تەلەڤزیۆنی CNN، دوای بڵاوکردنەوەی نەخشـەی کوردسـتان، داوای لێبووردنـی لە تورکەکانی ئەمریکا کرد.

دوای ئـەوەی تورکەکانـی دانیشـتووی ئەمریـکا، بەرامبـەر پێشـاندانی نەخشـەی کوردسـتان لە بەرنامەی Campbell Brown لە کەناڵـی نێونەتەوەیی CNN لە بەرنامەکانی رۆژی2009/8/21دا کاردانەوەیەکـی توندیان نیشاندا و بە رێگەی فاکس، ئیمێل و تەلەفۆن نارەزایی خۆیان گەیاندە لووتکە. بۆیەCampbell Brown دوای ئـەوە لـە بەرنامەکەیـدا داوای لێبووردنـی کرد. براون گوتـی" ئەو هەڵەیەی رۆژی هەینی رابردوو لە ئەنجامی بڵاوکردنەوەی نەخشـەیەک کردمـان هەوڵدەدەین راسـتی بکەینەوە. ئەو نەخشـەیەی بەکارمان هێنا کە هەندێـک هەرێمـی تورکیا و ئێران و سـووریا دەگرێتەوە. ئەو نەخشەیەمان بەهەڵە بە دەست گەیشتووە. لەنێو ئەو سێ دەوڵەتەدا ژمارەیەکی زۆر کـورد دەژین، بەڵام وڵاتێـک نییە بەناوی کوردستان، لەبەرامبەر ئەو هەڵەیەی کردوومانە داوای لێبوردن دەکەین".

Bridget Leininge بەرپرسی پەیوەندییەکانی کەناڵـی CNN لەنامەیەکدا بـۆ گونای ئەڤینج سـەرۆکی TURK-AMERIKAN dernekleri asamblesiدەڵێ" هەست بەو هەڵە گەورەیەی کردوومانە دەکەین، داوای لێبووردن دەکەین".

# زیندانییانی سیاسی هەڕەشەی خۆپێشاندان دەکەن

**رووداو- هەولێر**

لە کۆبوونەوەیەکدا کە دوێنێ 2009/8/30 لەشـاری هەولێر بە بەشداریی زیاتر لە 250 زیندانی سیاسـی بەڕێوەچوو، کۆمکاری زیندانیانی سیاسـی کۆمەڵێـک داخوازیی بۆ بەردەم حکومەتی داهاتووی کوردسـتان گەڵاڵەکرد لەبارەی ماف و ئیمتیازاتەکانیان، هەڕەشـەی ئەوەشـی کرد کە ئەگەر ئەو داواکارییانەیان جێبەجێ نەکرێ رێگەی مانگرتن و خۆپێشاندانی سەرتاسەری دەگرنەبەر.

لەبارەی بڕیارەکانی ئەو کۆبوونەوەیە، نەجمەدین حەمەسـەعید کارگێڕی کۆمکار بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەوان حکومەتی هەرێمی کوردستانیان پابەند کردووە بەجێبەجێکردنی یاسـای ژمارە 4ی سـاڵی 2006ی عێراق لەبارەی زیندانیانی سیاسی بەهەمان ئەو شێوەیەی لەناوچەکانی دیکەی عێراق ماوەی دووساڵە جێبەجێ دەکرێ.

هەروەها گوتی "داوامان کردووە لەپرۆژەی دەستووری هەرێمدا ناوی زیندانی سیاسی بەماددەیەکی جیا بێت و تێیدا ئەوە جێگیر بکرێ کە زیندانیانی سیاسی لەکوردستان پێویستە لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە قەرەبوو بکرێنەوە نەک وەک ئەوەی ئێستا کە داوا لەحکومەتی عێراق دەکات قەرەبوویان بکاتەوە".

نەجمەدین حەمەسـەعید ئەوەشـی راگەیاند کە بڕیاریان داوە لەدادگای فیدراڵی سـکاڵایەک تۆماربکەن لەبارەی ئەوەی کە یاسـای ژمارە 4 لە 15 پارێـزگای عێراقدا جێبەجێ دەکرێ و لە 3 پارێزگای کوردسـتان جێبەجێ ناکرێ و گوتیشـی "ئەوەشـمان دیـاری کـردووە کە رێـگای مانگرتن و خۆپێشاندانی سەرتاسـەری بۆ جێبەجێکردنی ئەو داواکارییانە دەگرینەبەر، بەڵام هێشتا کاتەکەمان دیاری نەکردووە، چونکە هێشتا پەرلەمان و حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان دەست بەکارنەبوونە".



12قەوارەی سیاسی کوردستان بەشداری هەڵبژاردنەکانی عێراق دەکەن

# گۆڕان هاوپەیمانێتی لەگەڵ لایەنە عەرەبییەکاندا ناکات

**رووداو-هەولێر**

سـەرۆکی دەسـتەی هەرێمی کوردستانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان رایدەگەیەنێت تاوەکـو ئێسـتا 12 قـەوارەی سیاسـی لە کوردسـتان نـاوی خۆیان بۆ بەشـداریکردن لەهەڵبژاردنەکانـی پەرلەمانـی عێراقـدا تۆمارکردووەو بەشـێک لەو قەوارە سیاسییانە نوێن و بەشـداری هەڵبژاردنەکانی پێشووتری پەرلەمانی کوردستانیان نەکردووە.

د.عەلی قادر، سـەرۆکی دەستەی هەرێمی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند" تاوەکو ئێسـتا لەهەرێمی کوردسـتان 12 قەوارەی سیاسـی نـاوی خۆیان تۆمارکردووە بۆ بەشـداریکردن لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا".

د.عەلی، ئاماژەی بەوەشکرد کە "بەشێک لەو قەوارە سیاسییانەی کەناوی خۆیان تۆمارکردووە نوێن و بەشداری هەڵبژاردنی پێشو پەرلەمانی کوردستانیان نەکردووە".

لەهەڵبژاردنی پێشوتردا کورد بە دوو لیست بەشداری کرد لیستی هاوپەیمانی کوردستان 53 کورسی بەدەستهێناو یەکگرتووی ئیسلامیش 5 کورسی، بەڵام بۆ ئەم هەڵبژاردنە ئەگەری ئەوە هەیە کورسییەکانی کورد بەسەر چەندین لیستی جیاوازدا دابەش ببن.

لـەو 12 قـەوارە سیاسـییەی کـە ناوی خۆیان تۆمارکردووە، دەتوانن هاوپەیمانییەتی بکەن بـۆ دروسـتکردنی لیسـتی هاوبەش، سەرۆکی دەسـتەی هەرێمی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیـش رایدەگەینێت" لەمانگی 9دا دەرگای هاوپەیمانییەتی بۆ قەوارە سیاسییەکان دەکرێتەوە".

هەفتەی رابردوو مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ هەریەک لە لیستی گۆڕان و لیسـتی چاکسازی و خزمەتگوزاریدا کۆبووەوە بەمەبەسـتی گفتوگۆکردن لەبارەی حکومەتیئایندەوەوە .هەرچەندە لەکۆبونەوەکەدا نوێنەرانی لیسـتی گۆڕان ئاماژەیان بەوەدابوو کە بڕیاردان لەبارەی شـێوازی بەشـداریکردن لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لەدەسەڵاتی سـەرکردایەتی بزووتنـەوەی گۆڕاندایە، بەڵام ئەوەشیان بەسـەرۆکی هەرێم راگەیاندبوو کە بزوتنـەوەی گۆڕان بڕیاریـداوە وەک خۆی بە لیستێک بەشـداربێت و ئەو هەواڵانەش راست نییە کـە لەگەڵ لایەنـی دیکـەی عەرەبیدا هاوپەیمانی بکات.

یەکگرتـووی ئیسـلامی کە سـەرۆکایەتی لیستی چاکسـازی و خزمەتگوزاری دەکات و لەهەڵبژاردنی پێشتریشدا بە لیستێکی جیاواز بەشـداری کـرد و 5 کورسـی لەپەرلەمانی عێراقدا بۆ خۆی مسۆگەرکرد، بەنیاز نییە لەم هەڵبژاردنەشدا لەگەڵ یەکێتی و پارتی بە یەک لیست دابەزن.

ئەو سەرچاوە ئاگادارەی چوار حیزبەکە ئەوەی بۆ (رووداو) خستەڕوو کە وەک چوار حیزبەکە بەسەرۆکی هەرێمیان گوتووە نایەنە ناو لیستی هاوپەیمانی کوردستانەوە "یەک لیستی جیاوازە، لە یەک هەڵوێستی و بەسەرۆکی هەرێم گوتراوە فرە لیستی مانای فرە هەڵوێستی نییە، دەکرێت فرە لیست بین، بەڵام یەک هەڵوێست بین".

# ڕاپۆرت



فوئاد مەعسوم جێگەی بەرهەم ساڵح دەگرێتەوە

ڕووداو- بەغدا
بەگوێرەی هەندێ سەرچاوەی ئاگاداری نێو فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان، فوئاد مەعسوم سەرۆکی فراکسیۆنەکەو ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی، لەلایەن هاوپەیمانیی کوردستانەوە پاڵێوراوە بۆ ئەوەی پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق وەربگرێ و شوێنی بەرهەم ساڵح بگرێتەوە کە ماوەیەک لەمەوبەر بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەشی نووری مالیکی سەرۆک وەزیران کرد.

# کورد پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق لەدەست دەدات



عەلی حەمەساڵح
ali@rudaw.net

**ڕووداو-هەولێر**

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کورد لەهەڵبژاردنی عێراقدا لەپلەی دووەمەوە دەبێتە سێیەم یان چوارەم و لە بری پۆستی سەرۆک کۆماریش، پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی دەدرێتێ.

هەڵبژاردنی ئەمجارەی عێراق بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە یەکێتی و پارتی ڕابەرایەتی دەکەن زۆر جیاوازە لەهەڵبژاردنەکانی پێشووتر، لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان و عێراقیشدا کورد لەبەردەم دوو بەربەستی گرنگدایە کە بەڕای



**ئەگەری ئەوە هەیە هاوپەیمانی کوردستان ببێتە هێزی سێیەم یان چوارەم و سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێت**

فەرید ئەسەسەرد

چاودێرانی سیاسی بڕینی ئەم بەربەستانە بۆ یەکێتی و پارتی کارێکی ئەستەمە.

**بەربەستی ناوخۆیی**

لیستی هاوپەیمانی کوردستان، خاوەنی 53 کورسییە لەپەرلەمانی عێراقدا و دووەمین لیستە لە پاش لیستی ئیئتیلافی شیعە، ئەو کاتەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئەم 53 کورسییەی بەدەستهێنا لیستێکی ئەوتۆ نەبوو لەکوردستاندا کێبڕکێی لەگەڵ بکات، جگە لە یەکگرتووی ئیسلامی کە 5 کورسی بەدەستهێناو ئەمەش هیچی لەهاوکێشە سیاسییەکانی ناو پەرلەمانی عێراق نەگۆڕی.

بۆ ئەم هەڵبژاردنە، لیستی کوردستانی، لەناو کوردستاندا ڕووبەڕووی ململانێیەکی قورس بووەتەوە، لیستی گۆڕان خاوەنی 25 کورسی لە پەرلەمانی کوردستان بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنەکانی عێراق دەکات.

بەرپرسانی گۆڕان پێیانوایە ئەو دەنگانەی ئەوان دەیهێنن لەهەڵبژاردنەکانی عێراقدا زۆر زیاتر دەبێت لەو دەنگانەی لەهەڵبژاردنەکانی کوردستاندا بەدەستیانهێناوە، جەمال محەممەد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لە باڵی ڕیفۆرم، جەخت لەبەهێزبوونی



**60 کورسی پەرلەمانی عێراق بەدەست دەهێنین**

جەعفەرئیمینکی

بەرپرسی دەزگای هەڵبژادنی پارتی

لیستەکەیان دەکاتەوەو پشت ئەستورە بەوەی کە "زۆرینەی کوردەکانی تاراوگەو ناوچە جێناکۆکەکان لەگەڵ لیستی گۆڕانن".

ژمارەی کورسییەکانی گۆڕان هەرچەندبێت لەپەرلەمانی عێراقدا لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەڕوات، چونکە ئەوانەی دەنگ بەگۆڕان دەدەن هەر ئەو کوردانەبوون لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا دەنگیان بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان دا.

جگە لەگۆڕان لیستێکی دیکەی کوردی کە ململانێی لیستی گۆڕان بکات، چوار حیزبەکەیە، هەرچەندە بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) کە لەسەرچاوەی ئاگاداری ئەو لیستەوە وەریگرتووە "تاوەکو ئێستا چوار حیزبەکە ڕێکنەکەوتوون لەسەر ئەوەی بەیەک لیست بەشداری هەڵبژاردنی عێراق بکەن، بەڵام بەهێزترین ئەگەر ئەوەیە کە لیستی چوار حیزبەکە پێکەوە بمێننەوە".

سەلاحەددین بابەکر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "چەند ئەگەرێک هەیە قسەی لەبارەوە کراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا بڕیاری کۆتایی نەدراوە کە چۆن بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەین"، ئەو بەرپرسەی یەکگرتوو ڕەتیکردەوە کە بڕیاریاندابێت لیستی چوار حیزبەکە بمێنێتەوە "هەموو ئەگەرەکان کراوەن و ئەو لیستەش کە ناوی خزمەتگوزاری و چاکسازییە تەنیا بۆ هەڵبژاردنی کوردستان بوو".

**کێبڕکێ لەگەڵ سێ لیستی عەرەبیدا**

لەسەر ئاستی عێراق سێ لیستی عەرەبی هەن کێبڕکێ لەگەڵ کورددا بکەن. ئەوانیش لیستی ئیئتیلافی نیشتیمانی عێراقی کە پێکدێ لە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی، ڕەوتی سەدر، ڕێکخراوی بەدر، کوتلەی هاریکاری سەربەخۆ، ڕەوتی چاکسازی نیشتیمانی، کۆنگرەی نیشتیمانی عێراقی، ئەنجومەنی ئینقازی ئەنبار، لقی باشووری کۆمەڵەی زانایانی عێراق، گردبوونەوەی عێراقی سەربەخۆ، چەند کەسایەتییەکی سەربەخۆ. حزبی دەعوەش بەڕابەرایەتی نووری مالیکی نەچووە ئەم ئیئتلافەو یەکێکی دیکەیە لە لیستە بەهێزەکان، لیستێکی دیکەش کە چاوەڕوان دەکرێت زۆرینەی سوننەکانی عێراق پشتیوانی بکەن و ڕەوتی نیشتیمانی ئامادەی کردووە ساڵح موتڵەگ و ئەیاد عەلاوی و مەحمود مەشهەدانی و جەواد پۆڵانی و ئەحمەد عەبدولغەفور ڕێبەرایەتی دەکەن.

لیستیهاوپەیمانیکوردستان،لەکێبڕکێدایە بۆ ئەوەی لەناو ئەم هێزە عەرەبیانەدا پلەی دووەم بهێنێت و پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار وەربگرێت، ئەمەش بەلای چاودێرانی سیاسییەوە کارێکی ئەستەمە.

فەرید ئەسەسەرد، بەرپرسی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی یەکێتی، پێیوانییە کورد بتوانێت پۆستی سەرۆک کۆمار وەربگرێت "لەعێراقدا هێزی یەکەم سەرۆکی حکومەت پێکدێنێت، ئەو هێزەش بۆ پێکهێنانی حکومەت و هێنانی دەنگی پێویست لەپەرلەماندا پێویستی بەوەیە هاوپەیمانییەتی لەگەڵ هێزی دووەمدا بکات و پاشان هێزی سێیەم، هێزی دووەمیش پۆستی سەرۆک کۆماری دەدرێتێ".

فەرید ئەسەسەرد، کەهاوکات ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتییە پێیوانییە کورد پۆستی سەرۆک کۆمار وەربگرێت "ئەگەری ئەوە هەیە لەم هەڵبژاردنەدا کورد سێیەم یان چوارەم بێت و بەمەش پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بۆ کورد دەبێت".



سەرۆک کۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی و سەرۆکی فەرەنسا نیکۆلای سارکوزی پاسەوانانی شەرەف بەسەر دەکەنەوە (فۆتۆAFP)

**کورد چی بکات باشە**

فریاد ڕواندزی، گوتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کورستان، پێیوایە ئەگەر کورد بەگوێرەی کۆمەڵێک حیسابات ورد و پێشوەخت و تاوتووکراو خۆیان بۆ ئەم هەڵبژاردنە ئامادە نەکەن کە پانتاییەکی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی داهاتوو و پێکهاتەی حکومەتی داهاتوو تەواو نەکەن ئەوا بە زیان بۆ دۆزی کورد دەشکێتەوە "ئەو کات ئەستەمە بوونی کورد لەبەغدا کاریگەربێت و شوێن پەنجەی خۆی بەسەر چۆنییەتی داکۆکیکردن لەسیستەمی سیاسی عێراق جێبهێڵێت".

سۆزان شەهاب، سەرۆکی فراکسیۆنی لیستی کوردستانی لەپەرلەمانی کوردستاندا، پێیباشە کورد بە یەک لیست بەشداری هەڵبژاردنەکانی عێراق بکات و ململانێ ناوخۆییەکان وەلا بنرێت "بۆ کورد باشتر وایە بەیەک لیست بەشدار بین و دەرگای لیستی کوردستانیش بۆ ئەم مەبەستە والایە".

هەرچەندە سۆزان، ئەم خواستەی هەیە، بەڵام جیاواز لەهێز و لایەنە عەرەبییەکان، تاوەکو ئێستا گفتوگۆ لە نێوان لایەنە کوردییەکاندا بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی نەکراوەتەوە .جەعفەر ئیمینکی، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی، پێیوایە پێویستە کورد لەهەڵبژاردنەکانی پێشوو یەکگرتووتر بێت " لەهەڵبژاردنی پێشوودا لیستی یەکگرتووی ئیسلامی لەدەرەوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بوو ئەمجارە پێمانباشە بێتە ناو هاوپەیمانییەتییەکەو داوا لەگۆڕان و لایەنەکانی دیکەش بکرێت بێنە ناو ئەوهاوپەیمانێتییە".

بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی پێشیوایە ئەگەر لایەنە کوردییەکان یەک لیستیان هەبێت و هەڵمەتێکی هەڵبژاردنی باش بەڕێوە ببرێت 60 کورسی دەهێنن".

## ئەندام پەرلەمانی عێراق ئازاد چالاک، نزیک لە لیستی گۆڕان:

# داوای پارەم لە مالیکی نەکردووە بۆ کەناڵی KNN



چاودێران پێیانوایە فرە لیستیی کورد لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا پێگەی کورد لە بەغدا بێ هێز دەکات (فۆتۆ:AFP)

**ڕووداو-هەولێر**

ئازاد چالاک، ئەندامی پەرلەمانی عێراق کە لە لیستی گۆڕان نزیکە، پێیباشە کورد بە لیستی جیا بەشداری هەڵبژاردنەکانی عێراق بکات، بەڵام دەڵێت "ئەو گرژییەی لەنێوان لیستی کوردستانی و گۆڕاندایە ئەگەر لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقیشدا هەبێت هەموو کورد زیان دەکات".

هەفتەی ڕابردوو دەزگا ڕاگەیاندنەکانی پارتی و یەکێتی و چەند کەناڵێکی دیکەی عەرەبی و کوردی لەسەر زاری کەسانی نزیک لە مالیکی بڵاویان کردەوە کە ئازاد چالاک، سەردانی مالیکی کردووەو داوای پارەی لێکردووە بۆ کەناڵی ئاسمانی KNNی کۆمپانیای وشە، بەڵام ناوبراو ئەو هەواڵەی ڕەتکردەوە.

کورد لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەمجارەی عێراق جیاواز لە هەڵبژاردنی ڕابردوو بە چەند لیستێکی جیا بەشداری هەڵبژاردن دەکات. هەر چەندە بەشێک لە چاودێران ئەوە بە مەترسی دەزانن، بەڵام ئازاد چالاک بەکارێکی باشی دەزانێ "فرە لیستی کارێکی ئاسایی و تەندروستە لە پرۆسەی سیاسی عێراق و کوردستان، ئەم پرۆسەیە ئاماژە بەوە دەکات کە لەنێو کورد فرەلایەنی و ئازادی بیروڕا دەربڕین هەیە".

ناوبراو لەو باوەڕەدا نییە ئەو فرە لیستیە کار بکاتە سەر گوتاری سیاسی کورد لە بەغدا، نموونەش بە لیستی یەکگرتووی ئیسلامی دەهێنێتەوە کە لە ڕابردوودا لە بەغدا هاوهەڵوێست بووە لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستانی، ئازاد دەڵێت "هەموو ئەو لیستانەی چوونەتە کیبڕکێوە بەهەمان پلەی دڵسۆزی و ڕاستگۆیی مامەڵە دەکەن و هاودەنگن لە بەغدا، وەک چۆن جاران پێشمەرگایەتی بۆ کوردایەتی بوو لە بەغداش بەهەمان شێوەیە".

کورد ئێستا لە پەرلەمانی بەغدا خاوەنی 58 کورسییە (53 کورسی هاوپەیمانی کوردستان و 5 کورسی یەکگرتووی ئیسلامی) هەر چەندە چاودێران لەو باوەڕەدان کە فرە لیستییەکەی ئەمجارەی کورد دەنگەکانی پەرت دەکات، بەڵام ئازاد چالاک ئەگەرێکی لەو جۆرە بەدوور دەزانێ "پێموانییە ئەو کورسیانە بۆ لایەنی دیکەی عەرەبی بچن".

لیستی گۆڕان وەک چۆن ژمارەی کورسییەکانی لیستی هاوپەیمانی لە پەرلەمانی کوردستان کەمکردەوە ئەگەری ئەوە هەیە بەهەمان شێوەش کورسیەکانی هاوپەیمانی کوردستان لە بەغدا کەمبکاتەوە. ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک کۆماری بۆ کورد ئەگەر لیستی گۆڕان پشتیوانی لیستی هاوپەیمانی نەکات.

ئازاد چالاک کاریگەرییەکی لەو جۆرە بەدوور نازانێت و دەڵێت "بەدڵنیاییەوە ئەگەر لیستی گۆڕان پشتیوانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان نەکات مام جەلال نابێتەوە سەرۆک کۆمار، جا بۆ ئەوەی هیچ لایەنێکی دیکە ئەو بابەتە نەقۆزێتەوە پێویستە لەسەر لیستی کوردستانی و سەرکردایەتی سیاسی کورد مامەڵەیەکی بابەتییانە لەگەڵ لیستی گۆڕاندا بکات و بۆ هاوکێشەکان لە کوردستان و بەغدا بەجۆرێک لە ڕێککەوتن و هاودەنگی بگەنە ئەنجام". هەروەها گوتی "دەکرێت لیستی هاوپەیمانی کوردستان و لیستی گۆڕان گفتوگۆبکەن و کێشەو ناکۆکییەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن و پێویستە ئێمە لەبەغدا لەسەر ئەو بابەتانە هاودەنگ بین".

**ئەگەر لیستی گۆڕان پشتیوانی نەکات مام جەلال نابێتەوە بە سەرۆک کۆمار**



**ئەگەر گرژییەکانی نێوان گۆڕان و کوردستانی چارەسەر نەکرێن هەموومان زیانمان پێدەگات**

سەبارەت بە پشتیوانیکردنی لیستی گۆڕان لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق، چالاک گوتی "نازانم، بەڵام لەدانیشتن و دانوستاندا هەردوو لا سوودمەند دەبن و نزیکبوونەوەو متمانەش دروست دەبێت، نەک دوورکەوتنەوەو دژایەتیکردن".

لەکاتێکدا زۆربەی لایەنە عەرەبییەکان سەرقاڵی خۆ ئامادەکردن و بەستنی هاوپەیمانێتین بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق، بەڵام هێزە کوردییەکان شەڕی ڕاگەیاندن لە دژی یەکتر دەکەن. ئازاد چالاک لەو بارەیەوە دەڵێت "ئەگەر ئەو گرژیانەی نێوانمان چارەسەر نەکرێن هەمووومان زەرەر دەکەین، ئەم لیستانەش بەدەنگی خەڵک دێن و نابێت دەنگی خەڵک فەرامۆش بکرێت، بمانەوێت یان نا ئەمانە هێزن لە گۆڕەپانەکەدا چی گۆڕان بێت یان چاکسازی ئەمانە دەبێت نرخیان بۆ دابنرێت بۆ ئەوەی ناوخۆی ماڵی خۆمان بەیەکگرتوویی بهێڵینەوە".

تا ئێستا لە چەند سەرچاوەیەکەوە بڵاو بووەتەوە کە لیستی گۆڕان هاوپەیمانێتی لەگەڵ چەند لیستێکی عەرەبی دەکات، بەڵام ئازاد چالاک ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوەو گوتی "ڕاست نییە و لەهیچ گفتوگۆیەکی نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا ئامادە نەبووم و بەشدار نەبووم و تاوەکو ئێستاش لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستانم".

سەبارەت بە داواکردنی پارە لە نووری مالیکی، بۆ کەناڵی KNN وەک سەرچاوەکانی هەواڵ بڵاویان کردووەوە، ئازاد چالاک وێڕای ڕەتکردنەوەی ئەو هەواڵە گوتی "ئەو چاوپێکەوتنەی من لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق تایبەت بوو بەهەندێک بابەتی لیژنەی نەزاهەو هەندێک بابەتی کوردستانیش باسکرا لەو دانیشتنەدا، بەڵام بەو شێوەیە نییە کە داوای پارەم کردبێت و بەشێوەیەکی گشتی باشی ڕەوشی کوردستانمان کردووەو پەیوەندی بەلیستی گۆڕانەوە نییە".

## ڕیپۆرتاژ

### کورد بە یارمەتی ئیسرائیل موسڵ دابەش دەکەن



رووداو- ئاژانسەکان
دوابەدوای هەڕەشەی لیستی برایەتی نەینەوا بۆ دامەزراندنی ئیدارەیەکی سەربەخۆ لە ناوچە کوردییەکانی سەر بە پارێزگای مووسڵ، نووڕەدین حەیالی پەرلەمانتاری سەر بە بەرەی تەوافوق رایگەیاند ئیسرائیل لە هەوڵی دابەشکردنی پارێزگای مووسڵدایە. حەیالی رایگەیاند کە ئیسرائیل دەستی گەیاندووەتە ناوچەکانی جێی ناکۆکی و گوتیشی "پرۆژەی دابەشکردنی عێراق بۆ سێ دەوڵەتی شیعی و سوننی و کوردی پرۆژەیەکی کۆنی ئیسرائیلییەو خەریکە لەڕێی فیدراڵیەتەوە جێبەجێ دەکرێ".

## هادی عەلی، بەرپرسی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان:

# ئەندام و لایەنگرانی یەکگرتوو لەگەڵ ئەوەن بەشداری لە حکومەتدا نەکەین

**فریاد محەمەد**
**رووداو- هەولێر**

هادی عەلی بەرپرسی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان رایگەیاند لیستی خزمەتگوزاری بەشداری لەکابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناکات و دەڵێت بەپێی راپرسییەک زۆرینەی ئەندام و لایەنگرانی یەکگرتووی ئیسلامی پێیان باشە وەک ئۆپۆزسیۆن لەپەرلەمانی کوردستان کار بکەین، راشیگەیاند داوامان لە لیستی گۆڕان کرد بۆ ئەوەی بە هەماهەنگی کاندیدمان بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەبێت، بەڵام ئەوان ئامادەنەبوون.

لە هەڤپەڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) هادی عەلی بەرپرسی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان سەبارەت بە ئەگەری بەشدارییکردنیان لەکابینەی شەشی حکومەتی هەرێم رایگەیاند لیستی خزمەتگوزاری بەشداری لەو کابینەیە ناکات "وەک چوار حزبەکە بڕیارمانداوە بەشداری لەکابینەی شەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکەین، بەڵکو وەک ئۆپۆزسیۆن دەمێنینەوە".

بەپێی راپرسییەکیش زۆرینەی ئەندام و لایەنگرانی یەکگرتوو لەگەڵ بەشداریکردنی لیستی خزمەتگوزاری وچاکسازی نین لە حکومەت "لەنێو ئەندام و کادیرو لایەنگرانی یەکگرتوو راپرسییەک کراوە، پێیانباشە لەو قۆناخەدا رۆڵی ئۆپۆزسیۆن ببینین، چونکە پێشتر بەشدارییکردنمان لەحکومەتدا تاقیکردووەتەوە، نەمانتوانیوە لەنێو حکومەتەوە بەشداری لەپرۆسەی چاکسازیدا بکەین بەو شێوەیەی کە سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان پێویستیەتی".

هادی عەلی پێیوایە بەشداریکردنیان لە حکومەت زیاتر بەشدارییەکی رەمزییە نەک رۆڵ بینین. ئەو گوتی "تا ئێستا لەکوردستان حاکمی راستەقینە حکومەت و دەزگاکانی نییە، بەڵکو حزب حاکمەو دەسەڵاتی راستەقینە لای حزبە".

لەرێورەسمی سوێندخواردنی پەرلەمانتارانی خولی سێیەم، بەهۆی نەبوونی کاندیدی رکابەر، لیستی کوردستانی کە 59 کورسی بەدەستهێناوە هەر سێ پۆستی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بردەوە،لەگەڵ ئەوەشدا لیستەکانی دیکەی نێو پەرلەمان ئەو جۆرە هەڵبژاردنە بە نایاسایی دەزانن، هادی عەلی دەڵێت "ئەم مەسەلەیە هەڵەیەکی دوو لایەنە بوو، دەبووایە پێشتر لیستە رکابەرەکان هەماهەنگییان لەنێواندا هەبووایە و کاندیدی خۆیان بۆ پۆستی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەستنیشان بکردایە" گوتیشی "ئێمە وەکو لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی هەماهەنگیمان لەگەڵ لیستی گۆڕان کرد،بەڵام ئەوان ئامادەییان نەبوو، ئەمە هۆکارێک بوو". هادی عەلی پێیوایە نەدەبوو لەو رۆژەدا سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێرو جێگرەکەی هەڵبژێردرێن "یەکەم کۆبونەوەی پەرلەمان، خۆی کۆبوونەوە نەبوو، بەڵکو ئاهەنگی پەرلەمانی نوێ بوو، دەبووایە پەرلەمانتاران لەکۆبوونەوەیەکی داخراوی خۆیان سەرۆک و جێگرو سکرتێری پەرلەمانیان هەڵبژاردبووایە".

جیاوازلە هەڵبژاردنی رابردووکورد بڕیاریداوە بە چەند لیستێک بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا بکات، سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی ئەمە بە مەترسی دەزانن لەسەر ئایندەی کورد، حیزبە سیاسیەکانی دیکەش ئەم جۆرە بەشدارییکردنە بە قازانجی کورد دەبینن.

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە هەڵبژاردنی رابردوو بە تەنیا بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی کرد و پێنج کورسی بەدەستهێنا، سکرتێری مەکتەبی سیاسییەکەی یەکگرتوو لەبارەی چۆنیەتی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنی ئەمجارە دەڵێت "تا ئێستا بڕیاری یەکلاکەرەوەمان نەداوە، بەڵام من پێموایە بوونی لیستی جیا بۆ پەرلەمانی عێراق نەک بە زیان ناشکێتەوە، بەڵکو لەزۆر رووەوە بە قازانجی کوردستان دەشکێتەوە، ئێمە وەکو یەکگرتوو لەهەموو مەسەلە گرنگەکان لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لە بەغدا هاوکارو هاودەنگ بووین، پێشمانوایە دووبارەکردنەوەی ئەو شێوازە کارێکی ئاسایی و مافی خۆشمانە".

ئاماژەی بەوەشدا "تا ئێستا یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان هیچ هەنگاوێکی بە ئاراستەی بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ لایەنە سوننەکان بۆ هەڵبژاردنی عێراق نەناوە، ئەگەر لەگەڵ هەر لایەنێکی سیاسی عێراقی باس ئەو مەسەلانە کرابێت، لە ئێمە گەیشتوون کە بە لیستی سەربەخۆ بەشدار دەبین" هەروەها گوتیشی "ئەگەر هاوپەیمانێتیش ببەستین لەچوارچێوەی پرۆژەیەکی کوردستانی دەبێ".



> **دەبووایە لە کۆبوونەوەیەکی داخراودا سەرۆک و جێگری سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردرابان نەک لە ئاهەنگێکدا**

لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، بەرپرسانی چوارحزبەکە پێشبینی بەدەستهێنانی 25تا30کورسییان دەکرد، دواتر 13کورسییان بەدەست هێنا، هەندێک لەبەرپرسانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی بیانووی ئەوەیان هێناوە، کەبەشدارییکردنیان لەگەڵ دوو حزبی عەلمانی بۆتە هۆی شکستهێنانیان،بەرپرسی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووش، شکستەکەی بۆ دوو هۆکار گەڕاندەوە "زۆرێک لەو دەنگانەی کە چاوەڕوان دەکرا بۆ ئێمە بێت بە گۆڕان درا، جگە لەو تەزویرە زۆرەی ئەنجامدرا بەتایبەت لەپارێزگای هەولێرو دهۆک".

چاودێرانی سیاسی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن بە هۆی بوونی ژمارەیەک لیستی جیاواز گۆڕانێکی بنەرەتی لەکاری پەرلەمان روودەدا، هادی عەلی لەو بارەیەوە دەڵێت "بێگومان خولی ئەمجارە لەخولەکانی پێشوو کارا تر دەبێت لە چاودێریکردنی حکومەت و دەزگاکانی و پێشکەشکردنی پرۆژەی بە سوود بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و گۆرانکاری لەسستەمی سیاسی کوردستان".

لەگەڵ ئاشکراکردنی دەرئەنجامە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم، ژمارەیەک کەس هێرشیان کردە سەر بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی، دوای سەردانی سەرۆکی حکومەت بۆ مەکتەبی سیاسی ئەو دوو حزبە لیژنەیەک بۆ پێدانی زانیاری بە دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ پێکهێنرا، دوای چەند رۆژێکیش وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی زانیاری پێویستیان بەدەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ نەداوە، هادی عەلی لەو بارەیەوە گوتی "وەزارەتی ناوخۆ دەیەوێ خۆی لەبەرپرسیارێتی دوور بخاتەوە، ئەو هێرشانەی کراوەتە سەرمان لەبەرچاوی خۆیان بووە، ئەو وێنانەی گیراون نیشانی دەدات کێ ئەو کارەی کرد، من پێمڕاگەیاندوون کە لەشوێنێک تەقەیەک دەکرێت کۆمەڵە گومانلێکراو دەستگیر دەکرێن بۆ گەیشتن بەسەرەداوی راستی رووداوەکە، باشە ئەگەر چوار تەقە ئاراستەی بارەگایەکی پارتی بکرابوایە بەم شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن".

> **دەسەڵاتداری راستەقینە لە کوردستان حیزبە نەک حکومەت**

> **لیستی گۆڕان ئامادەنەبوو هاوئاهەنگیمان لەگەڵ بکات لە یەکەمین دانیشتنی پەرلەماندا**

> **فرە لیستی لە بەغدا لە قازانجی کوردە**

## دەستەی نەزاهە

# کەرکووک لە بەرتیلخۆریدا یەکەمی عێراقە

**ئاکۆ محەممەد شوانی**
**رووداو-کەرکووک**

بەپێی راپرسییەکی دەستەی نەزاهەی عێراق، لە 15 پارێزگای عێراق (جگە لە سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان)، کە لە ماوەی 6 مانگی رابردوودا کاری لەسەر کردووە بۆ دیاریکردنی رێژەی گەندەڵی و بەرتیلخۆری لە داودەزگاکانی حکومەتدا، کەرکووک بە رێژەی 55.88% لە پێشەوەی هەر 15 پارێزگاکەی عێراقە. واتە بەپێی رووپێوەکە گەندەڵترین پارێزگای عێراقە . پارێزگاری کەرکووکیش گومانی خۆی لەو رووپێوە نیشاندەدات و دەڵێ " ئاستی گەندەڵی لە کەرکووک لە هەموو پارێزگاکانی دیکەی عێراق کەمترە".

بەپێی ئەنجامەکانی ئەو رووپێوە، کە بەشێوەی راپرسی بە رێگەی بڵاوکردنەوەی فۆرم ئەنجامدراوە، لە فەرمانگەکانی تۆماری خانووبەرە، رەگەزنامەو باری شارستانی، پاسپۆرت و مانەوە، چاودێری کۆمەڵایەتی، تەندروستی، هاتووچۆ، پەروەردە، فەرمانگەی کۆچبەران، خانەنشینی، شارەوانی، کۆمپانیای خۆراک و چەند بانکێک، ئەویش بە بڵاوکردنەوەی 4806، کە لە فەرمانگەکانی کەرکووک 1029 فۆرم بڵاوکراونەتەوە.

66.67% دەڵێن بەرتلیدان لەسەر داواکاری فەرمانبەرەکانە، 1.75% دەڵێن بەهۆی دواکەوتن یان گرفت دروستکردنە لەبەردەم مامەڵەی هاووڵاتیان، یا بۆ بەرێکردنی مامەڵە نایاساییەکان.

راپرسییەکە دەریدەخات ئەم جۆرە بەرتیلخۆریە بەبەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوو زیادی کردووە.

عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگای کەرکووک، نیگەرانی خۆی لەو راپرسییە نیشاندا و لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) رایگەیاند "دەستەی نەزاهە گەر ئەو راستیانە دەزانێت، بۆ نابێت لێپێچینەوەی پێویست بکات لەگەڵ ئەو فەرمانگانە، من خۆم پێم باشە ئەگەر راستەکەن بێن ئەوە بکەن". پارێزگاری کەرکووک هەروەها گوتیشی "ئێمە خۆمان لیژنەی بەدواداچوونمان دروستکردووە، ئەگەر شتی لەو شێوەیە هەبێت ئێمە لێپێچینەوەی ئاسایی دەکەین".

بەڵام پارێزگار بە ئاشکرا گومانی خۆی لە مەبەست و ئەنجامەکانی ئەو راپرسییە لە کەرکووک دەخاتەڕوو و دەڵێ "من گومانم لا دروستبووە لەبەرامبەر ئەو راپرسییە، چونکە تاوەکو ئێستا نەگەیشتووەتە دەست ئێمە،لە کاتێکدا پێویست بوو ئێمە لەوە ئاگادار بکراینایەتەوە".

سالح ئەشرەف، سەرۆکی لقی کەرکووکی بەرەی تورکمانی، کە هەمیشە رەخنە لە ئیدارەی کەرکووک دەگرن لەوەی پۆستە سیادییەکانی بەدەست کوردەوەیە، نیگەرانی خۆی لە ئەنجامەکانی ئەو راپرسییە رادەگەیێنێت و ئیدارەی شارەکەش بە "کەمتەرخەم" دەزانێت . سالح ئەشرەف لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) گوتی " ئەو راپرسییە بۆ سومعەی کەرکووک شتێکی ناخۆشە، هەرچەندە ئیدارەی شارەکە لێی بەرپرسیارە. گرفتی گەورەش ئەوەیە بەرێوەبەری زۆربەی ئەو فەرمانگانە لە نەتەوەی کورد و عەرەبن، هەرچەندە ئەوان خۆیان زۆر باسی گەندەڵی دەکەن، بەڵام ئێستاش لە بری ئەوەی بە دوای چارەسەردا بگەڕێن و رێگری لە گەندەڵی بکەن، دەیانەوێت پاساوی بۆ بدۆزنەوە،بۆیە ئێمە وەکو بەرەی تورکمانی لەگەڵ ئەوەین ئەو فەرمانگانە لە هەر نەتەوەو لایەکبن پێویستە لێپێچینەوەی یاساییان لەگەڵ بکرێت".

محەممەد خەلیل لە گردبوونەوەی نیشتمانی عەرەبی لە کەرکووک، داوا دەکات لێپێچینەوە لەگەڵ ئیدارەی کەرکووکی زۆرینە پێکهاتوو لە کورد بکرێ " ئێمە داوای لێپێچینەوەی یاسایی دەکەین بۆ ئەو مەسەلەیە". محەممەد خەلیل بە (رووداو)ی راگەیاند " پێم باشە ئیدارەی کەرکووک، کە زۆرینەی کورد بەرێوەی دەبەن لێپێچینەوەی پێویست بکەن و بەخۆیاندا بچنەوە، بۆ دەبێت کەرکووک یەکەمی عێراق بێت لە گەندەڵی، ئەگەر ئیدارەیەکی باشی هەبووایە".

شێخ سدیق ئەحمەد، نووسەر و چاودێرێکی سیاسی کوردی کەرکووکە پێیوایە "فەرمانگەکانی کەرکووک پڕبوون لەگەندەڵی". سەبارەت بە ئەنجامەکانی ئەو راپرسییەی دەستەی نەزاهەش دەڵێ "ئەو راپۆرتە زۆر راستگۆیانە ئامادەکراوە، لە فەرمانگەکانی کەرکووک ئەگەر پارە نەدەی ئیشت ناڕوات، بۆیە بەبڕوای من پێویست، زۆرینەی ئەو فەرمانگانە بەرپرسەکانی بگۆڕێن، لەبەرئەوەی زۆربەیان تەمەنیان تەجاوزی کردووە، داواکاریشم ئیدارەی کەرکووک کار لەسەر ئەنجامەکانی ئەو راپۆرتە بکات نەک تەنیا رەتیبکاتەوە".

پارێزگاری کەرکووک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەپێی ئەو لێپێچینەوانەی کردوویانەو ئەو بەڵگانەی لەبەردەستیاندان کەرکووک لەڕووی گەندەڵییەوە لە شارەکانی دیکەی عێراق باشترە "زۆربەی جاران لە پەرلەمانی عێراق کەرکووک بەنموونە هێنراوەتەوە لەڕووی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و کەمی ئاستی گەندەڵی لەفەرمانگەکانیدا، هەروەها بەپێی لێدوانی وەزارەتە جیاوازەکانی عێراق و ئەو نووسراوانەی بۆمان دەگەڕێنەوە هەمیشە کەرکووک لەپلەی یەکەمدا بووە لە بەرێوەبردنی کارەکانی بەرێکوپێکی و بەپێی یاساو دوور لەگەندەڵی"، هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە "تەنها لە ماوەی دووساڵی رابردوودا دەیان کۆمپانیاو خاوەنکارمان لەسەر کەمتەرخەمی و گەندەڵی لە دروستکردنی پرۆژەکانی شارەکە خستوونەتە لیستی رەشەوە یاخود سزامان داون، کە لەوەشدا لەپێشەوەی شارەکانی دیکەی عێراقەوە بووین".

بەڵام بەرێوەبەری پرۆژەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک پێیوایە ئەگەر ئەو راپرسییە راستبێ دەبێ لێپێچینەوە لەگەڵ دەزگا خزمەتگوزارییەکان بکرێ " هەرچەندە ئەو فەرمانگانەی ناویان هاتووە، زۆرترینیان لە کەرتی خزمەتگوزارین، نەک لە بەشی پرۆژەکان، بەڵام من پێموایە پێویستە بەدواداچوون بکرێت و ئەگەر وایە دەبێ لیپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ ئەو فەرمانگانەدا بکرێت".

> **ئاستی گەندەڵی لە کەرکووک لە هەموو پارێزگاکانی دیکە نزمترە**
> پارێزگاری کەرکووک

> **بەرێوەبەرە کورد و عەرەبەکان گەندەڵن**
> سەرۆکی لقی کەرکووکی بەرەی تورکمانی



نووری مالیکی لە کۆبوونەوەیەکی ئەم دواییەی لەگەڵ سەرۆک هۆزە عەرەبەکانی موسڵ (فۆتۆ:AFP)

## بۆ راگەیاندنی ئیدارەیەکی نوێ لەموسڵ

# لیستی برایەتی نەینەوا چاوەڕێی پێکهێنانی حکومەتی نوێی کوردستانە

**رووداو- موسڵ**

لیستی برایەتی نەینەوا، بەرەو دامەزراندنی ئیدارەیەکی نوێ لەناوچە کوردنشینەکانی پارێزگای موسڵ هەنگاو دەنێ و بۆ راگەیاندنی ئەو ئیدارەیەش چاوەڕێی ئاکامی هەوڵەکانی میانگیریی رافع عیساوی جێگری سەرۆک وەزیرانە، ئەگەر ئەو هەوڵانە نەیانتوانی لیستی برایەتی و لیستی حەدبا لێکدی نزیک بکەنەوە، ئەوا ئەو ئیدارە نوێیە لەپاش پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان رادەگەیەنرێ.

محەممەد بەشیر ئەندامی لیستی برایەتی نەینەوا بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەوان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی دروستکردنی پارێزگایەکی نوێ لەو ناوچانەی کورد تێیاندا زۆرینەن، تاکە چارەسەرەو گوتیشی "کورد لە 16 قەزاو ناحیەی پارێزگای نەینەوا ژمارەیان ملیۆنێک و 200 هەزار کەسە، هیچ رەوا نییە ملیۆنێک و 200 هەزار کەس بێ نوێنەر بن و کەس نەبێت داواو خواستەکانیان بگەیێنێ، لەکاتێکدا لەباشووری عێراق پارێزگا هەیە دانیشتوانەکەی 600 هەزار کەسە".

ئەو ئەندامەی لیستی برایەتی رەتیکردەوە هێنانەئارای ئەو مەسەلەیە بۆ گوشار دروستکردن بێت لەسەر حکومەتی ناوەندی و لیستی حەدبا لەموسڵ و گوتی "ئێمە گەیشتووینەتە ئەو باوەڕەی کە دانوستان لەگەڵ لیستی حەدبا هیچ سوود وبەهایەکی نییە". هاوکات بەرپرسیارێتی چارەسەرنەبوونی کێشەکانیشی خستە ئەستۆی وڵاتانی دراوسێ و گوتی "ئەجێندەی تورکی و سوری و سعودی لەنەینەواو دەستێوەردانیان لەکاروباری ئەم پارێزگایە رێگرێکی گەورەیە لەبەردەم پێشڤەچوونی دانوستان". محەممەد بەشیر هەر لەدرێژەی ئەو قسانەدا بۆ (رووداو) گوتی "ئێستا لە موسڵ کونسوڵی تورکیا فەرمانڕەوای راستەقینەیەو من بەرپرسیارم لەم قسەیەی دەیکەم. لەموسڵ نە ئەسیل نوجێفی و نە ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا هیچ بەهایەکیان نییە".

قسەکانی ئەو ئەندامەی لیستی برایەتی لەکاتێکدایە کە بەرپرسانی باڵای تورکیا، بەردەوام جەخت لەوە دەکەنەوە کە تورکیا خۆی لەدەستێوەردان لەکاروباری عێراق بەدوور دەگرێ.

بەڵام محەممەد بەشیر گوتی "راشکاوانە دەڵێم دەستێوەردانی ئەو سێ وڵاتە سەرچاوەی هەموو ئەو کێشانەیە کە ئەمڕۆ لە موسڵ و کەرکووک هەن" گوتیشی "سوریاو سعودیە لەلایەک دەستگیرۆیی گرووپە تیرۆریستەکان دەکەن، لەلایەکی دیکەش کەسێکی وەک محەممەد عەبدولعەزیز نوجێفی کە برای ئوسامەو ئەسیل نوجێفییە، بەرێوەبەری بانکی ئیسلامییە لەسعودیەو بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر کۆمەکی لیستی حەدبا دەکات، تورکیا بەهەمان شێوە لەڕووی دارایی کۆمەکیان دەکات، هەر ئێستا کە ئەم قسانە دەکەم ئەسیل نوجێفی لەتورکیایە و ئەوەی لیستی حەدباشی لەموسڵ سەرخست ئەو لایەنانە بوون".

هەرچەندە رافع عیساوی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق لەهەوڵێکی چڕوپڕدایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان لیستی برایەتی و لیستی حەدبا لەموسڵ و لەو چوارچێوەیەدا جارێک بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کورد سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووەو بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا سەردانی موسڵیش بکات، بەڵام محەممەد بەشیر رەشبینیی خۆی لەوە دەربڕی کە هیچ نزیکبوونەوەیەک لەنێوان ئەو دوو لایەنە روویدات، بۆیە گوتی "پێموایە دەبێ چاوەڕێی راگەیاندنی ئیدارەی سەربەخۆ بین، ئێمە ئێستا چاوەڕێی پێکهێنانی حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستانین و لەدوای ئەوە بڕیار دەدەین، چونکە ئەوە مەسەلەی دروستکردنی پارێزگایەکی نوێیەو پێویستی بەبڕیاری سیاسییە".

لیستی حەدبا کە ئوسامە نوجێفی پەرلەمانتاری سەر بەلیستی (العراقیە)ی ئەیاد عەللاوی سەرۆکایەتی دەکات، لەدوایین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا کە کانوونی دووەمی رابردوو بەڕێوەچوو، 19 کورسی لەکۆی 37 کورسی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوای بردەوەو لیستی برایەتیش بەبردنەوەی 13 کورسی بووە دووەم لیستی براوە. بەڵام لیستی حەدبا لەپێکهێنانی ئیدارەی پارێزگادا لیستی برایەتی پشتگوێ خست و ئامادەنەبوو هیچیەک لەپۆستەکانی بداتێ، بۆیە لیستی برایەتی ئەنجومەنەکەی بایکۆت کردو لە 16 قەزاو ناحیەی سەر بەو پارێزگایەدا کە کورد تێیاندا زۆرینەن، بڕیاریاندا مامەڵە لەگەڵ ئیدارەی پارێزگای نەینەوا نەکەن.

> **لەموسڵ فەرمانڕەوای راستەقینە کونسوڵی تورکیایە**
> ئەندامێکی لیستی برایەتی نەینەوا

## تەنها 9 % کورد لە تورکیا داوای جیابوونەوە دەکەن




رووداو-ئیستەنبول

دەزگای BİLGESAM راپرسیەکی لەناو هاوولاتیانی کورد لە تورکیا وباکووری کوردستان سەبارەت بە کێشەی کورد ئەنجامداوەو بە پێی راپرسییەکە تەنها 9 % بەشداربووان داوای جیابوونەوە لە تورکیا دەکەن. % 5 داوای فیدرالی و % 31 داوای دەستەبەرکردنی مافە کلتووریەکان دەکەن.

### ئەمڕۆ وەزیری ناوخۆی تورکیا پلانی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد رادەگەیەنێت

# ئەردۆغان ئامادەیە لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەی کورد گیانی خۆی بکاتە قوربانی

### DTP گومان لە راستگۆیی AKP دەکات لە چارەسەرکردنی پرسی کورد

**هێمن خۆشناو**
**رووداو-هەولێر**

بڕیارە ئەمڕۆ وەزیری ناوخۆی تورکیا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا پلانی حکومەتی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد رابگەیەنێت .

سەرۆک وەزیرانی تورکیا رەجەب تەییب ئەردۆغان لە پەیامێکدا رایگەیاند کە رۆژی دووشەممە 2009/8/31 بەشیر ئەتالای وەزیری ناوخۆی تورکیا و سەرۆکی کۆمیتەی هەماهەنگی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا بۆچوون و پلانی حکومەتی تورکیا لەمەڕ چارەسەرکردنی پرسی کورد رادەگەیەنێت کە هەنگاو بەهەنگاو هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دەدات. ئەردۆغان گوتیشی هەرگیز پاشگەزنابێتەوە لە هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەکە و تەنانەت گوتی " ئامادەم قوربانی بە گیانی خۆشم بدەم لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەی کورد و نابێ لەهەنگاوەکانمان پاشگەزببینەوە ئیدی مەترسییەکان هەرچییەک بن"

لە بەرامبەردا ئەحمەد تورک سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک DTP رایگەیاند کە ئەو لەو رێپیوانە ملیۆنییەی رۆژی 9/1 DTP بەبۆنەی رۆژی ئاشتی جیهانی لە شاری ئامەد سازی دەکات، بۆچوونەکانی خۆی لەمەڕ پلانەکانی حکومەت رادەگەیەنێت.

پرۆسەی کرانەوە بەرەو رووی کورد، کاریگەرییەکی گەورەی لە پەیوەندییە سیاسییە ناوخۆییەکانی تورکیا کردووە، بەڵام کاریگەری لەسەر باشبوونی پەیوەندی نێوان پارتی داد و گەشەپێدان AKP و پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی DTP نەبووە، کە کۆڵەگەی چارەسەری ئەو پرسەن. بگرە لە زۆر رووەوە یەکتریش تۆمەتبار دەکەن.

ساڵی 1989 یەکەم پارتی کوردی لە باکووری کوردستان بەنێوی پارتی رەنجی گەل HEP، دامەزرا، ئەویش بەمەبەستی بە یاساییکردنی ژیانی سیاسی کورد و گەیشتنی دەنگی کورد بە دامو دەزگا فەرمیەکانی دەوڵەت. بەڵام ئەو پارتە و چەندین پارتی دوای ئەویش رووبەرووی قەدەخەکردن و داخستن بوونەوە . تا گەیشتە DTP . کە لەساڵی 2002 دامەزرا.

سەرەڕای فشارەکانی دەوڵەتی تورکیا ئەو پارتە بووە نەریتێکی سیاسی لە باکووری کوردستان، توانی دەستکەوتی زۆر گرنگی سیاسی و نەتەوەیی بۆ کورد بەدەست بێنێت. ئەویش شکاندنی سیاسەتی باوی دەوڵەت بوو کە لەسەر بنەمای نکۆڵیکردن و قڕکردنی گەلی کورد بنیات نراوە.

دەستگیرکردنی ئۆجەلان و هەوڵەکانی تورکیا بۆ بوونە ئەندام لەیەکێتی ئەوروپا، هاوسەنگییە ناوخۆییەکانی تورکیای گۆڕی و بووە مایەی دەرکەوتنی دیاردەی نوێ لەسەر شانۆی سیاسەتی تورکیا . یەکێک لەو دیاردە سەرەکیانە دامەزراندنی AKP بوو. AKP هەر لەگەڵ دەرکەوتنی بووە رکابەرێکی سەرسەختی DAHAP و DTP . لە هەڵبژاردنەکانی 2005 و 2007 DTPی رووبەرووی شکستێکی گەورە کرد، ئەو پارتەی گەیاندە سەر لێواری هەڵوەشانەوە لێکترازان. لەدوای ئەو دوو هەڵبژاردنە DTP هەستی بەو مەترسییە کرد، بۆ تێپەڕاندنیشی گۆڕانێکی ستراتیژی بەسەر سیاسەتەکەی داهێنا.

پێشتر DTP مەینەت و ئێش و ئازارەکانی کوردی دەخستە ئەستۆی دەوڵەت، بەڵام ئەمجارەیان AKPی کردە ئامانجی ململانێکەی، بەو شێوەیەش توانی متمانەی جەماوەر بەدەست بێنێتەوەو ئەمەش لە ئەنجامی هەڵبژاردنی شارەوانی بە ئاشکرا دەرکەوت، کە DTP توانی زۆربەی شارەوانییەکان بباتەوە . لای خۆشیەوە AKP، هەوڵیدا DTP گۆشەگیر بکات. بۆ ئەمەش سەرۆک وەزیر بڕیاریدا تا DTP نەڵێت PKK تیرۆریستە دانیشتنی لەگەڵ ساز نەکات.

پرۆفیسۆر. فوئاد جۆشکون، مامۆستای کۆلیجی ماف لەزانکۆی دیاربەکر لە لێدوانێکی بۆ (رووداو)، لەوبارەیەوە دەڵێ "ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005، 2007 لە رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵات AKPی سەرخۆشکرد، AKP لەدوای ئەو هەڵبژاردنە وایزانی کە دەتوانێت بەتەنیا کێشەی کورد چارەسەر بکات، هەر بۆیەش سەرۆک وەزیر سەرەڕای هەموو فشارەکان، لەگەڵ DTP کۆبووەوە" . بە بڕوای ئەو پرۆفیسۆرە پشتگوێخستنی DTP دەرەنجامی زۆر خراپی بۆ AKP و چارەسەری کێشەی کورد لێکەوتەوە. دواتر خودی سەرۆک وەزیران هەستی بە زیانەکانی ئەو پەراوێزخستنە کردو لەگەڵیان کۆ بووەوە .

هەرچەندە هەردوو پارت پاڵپشتی پرۆسەی کرانەوە بەرەو رووی کورد دەکەن، بەڵام هەڵوێستی ئەو دوو پارتە لەبەرامبەر یەکتر گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە بگرە بەرپرسانی هەردوو پارت درێژە بەهەڵوێستەکانی پێشوویان دەدەن، بەتایبەتی لە کۆبوونەوە جەماوەریەکاندا. بۆ نموونە هەر لەدوای کۆبوونەوەی تورک- ئەردۆغان، ئەمینە ئاینا هاوسەرۆکی DTP لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لە ئاگری رایگەیاند ئەوان، باوەڕ بە AKP ناکەن.

پەروین بۆڵدان، پەرلەمانتاری DTP لەسەر شاری ئیغدر لە لێدوانێکیدا بۆ (رووداو)، جەخت لە راستگۆنەبوونی AKP دەکاتەوە "مێژوو فێری کردووین نابێت لە راست مەسەلەیەکی چارەنووسسازی وەکو کێشەی کورد، سادەو ساکار بین. هەرچەندە ئەمڕۆ باس لە کرانەوەیەک دەکەن، بەڵام لەبواری کرداریدا هیچ شتێک نەگۆڕاوە . ئەوەتا ئۆپاراسیۆنەکان بەهەموو گوروتین درێژەیان هەیە. ئەمە بەسە بۆ ئەوەی بزانین کە AKP بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە جدی نییە".

بەڵام واحید کیلەر، پەرلەمانتاری AKPی شاری بەتلیس، جەخت لە جدیبوونی AKP بۆ چارەسەری کێشەی کورد دەکاتەوە "AKP کێشەی کوردی بۆ مەرامی سیاسی بەکار نەهێناوە، چارەسەری کێشەی کورد یەکێکە لە ئامانجە سەرەکیەکانی AKP . تا گەیشتن بە چارەسەری ئەو کێشەیەش درێژە بە پرۆسەی کرانەوە دەدەین. ئەگەر DTP خوازیارە کێشەی کورد چارەسەر بکرێت، پێویستە دەستەواژەو لێدوانەکانی بگۆڕێت" .

دوای پرۆسەی کراونەوە بەرووی کورد لە زۆر شوێن و ناوەندە گشتییەکانی باکووری کوردستان پۆستەری وەکو (بژی برایەتی) هەڵواسراون، بەڵام پێناچێت گۆڕانێک بەسەر پەیوەندییەکانی AKP و DTP دابێت.بۆڵدان دەڵێت "چارەسەری بە دانوستانی لایەنە شەڕکەرەکان دێتە ئاراوە، بەڵام حکوومەت دەڵێ ئێمە PKK بە موخاتەبی کێشەی کورد دانانێین. ئایا چارەسەری چۆن بەدیدێت؟ بۆ ئەمە ناچارین درێژە بە ملمڵانێی دیموکراتی بدەین، هەر بەم ئامانجەش لە 1 ئەیلوول کۆبوونەوەیەکی جەماوەری کە ملیۆنێک کەس لەخۆبگرێت ساز دەکەین و، راستگۆیی نەبوونی AKP ریسوا دەکەین" .

بۆڵدان گوتیشی "گەلی کورد پێشتر سیاسەتی دەوڵەتی ریسوا دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ AKP بە رەنگ و ناوەڕۆکێکی دیکە هەوڵ دەدات، درێژە بەهەمان سیاسەتی دەوڵەت بدات و دەسکەوتەکانی کورد لەناو ببات" .

پەرلەمانتاری شاری بەتلیسی AKP پێیوایە "DTP لەهەموو قۆناخ و هەلو مەرجێک لەدژی سەقامگیری دەوەستێت، چونکە بە سەقامگیربوون و هەنگاونان بەرەو چارەسەری، DTP قورسایی لەدەست دەدات و هەروەها لەهەمانکات ئەکتەری سیاسی نوێ لەهەرێمەکە دێنە ئاراوە، ئەمەش وا دەکات DTP درێژە بە هەڵوێستەکانی بدات" .

بەڵام مامۆستای کۆلیجی مافی زانکۆی دیاربەکر لەو بارەیەوە پێیوایە "DTP و AKP ناتوانن بەیەکەوە هەڵبکەن، چونکە ئەو دوو پارتە لەهەرێمەکە تەنیا پارتین کە رکابەری یەکتر دەکەن، بۆیە بۆ ئەوەی رێژەی دەنگەرانیان لەدەست نەدەن، ناچارن ململانێ لەگەڵ یەک بکەن" .


ئەحمەد تورک سەرۆکی DTP ئامینە ئاینە لە کۆبوونەوەیەکی ئەم دواییەدا لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆغان (فۆتۆ:AFP)

### لەسەر رەشبگیریی هاووڵاتیانی کورد

# نوێنەری مەهاباد نامەیەکی ناڕەزایی دەداتە وەزیری ناوخۆی ئێران



**سابیر قادری**
**رووداو- مەهاباد**

وەک ناڕەزاییەک بەرامبەر ئەو هەڵمەتی دەستگیرکردنەی ماوەی پتر لەمانگێکە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لەشاری مەهاباد دەستپێکردووە، نوێنەری شاری مەهاباد لەپەرلەمانی ئێران، نامەیەکی ناڕەزایی ئاراستەی وەزیری ناوخۆی وڵاتەکەی کرد.

لەپاش مانگرتنە گشتییەکەی رۆژی 2009/7/13وە کە لە بیستەمین ساڵیادی تیرۆرکردنی عەبدولڕەحمان قاسملو سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستاندا سازکرا، شەپۆلێک لە گرتن و دەستبەسەرکردنی خەڵکی کورد لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەستپێکرد. جەلال مەحموودزادە، نوێنەری شاری مەهاباد لە پەرلەمانی ئێران وەک ناڕەزاییەک بەرامبەر ئەو هەڵمەتە، نامەیەکی ئاراستەی سادق مەحسوولی وەزیری ناوخۆی کۆماری ئیسلامی کرد کە تێیدا ناڕەزایی بەرامبەر رەفتاری توندوتیژی ئەو هێزانە لەگەڵ خەڵکی شاری مەهاباد دەردەبڕێ و وەزیری ناوخۆ لە هەڵسوکەوتی توندوتیژی هێزەکانی ئەمنییەت ئاگادار دەکاتەوە . مەحموودزادە داوا لەوەزیری ناوخۆ دەکات رێگە بەو رەفتارانە نەدات.

مەحموود زادە لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ (رووداو) هەڵسوکەوتی هێزە ئەمنییەکانی لە شاری مەهاباد بە "شتێکی مەترسیدار" ناوبرد. گوتیشی "ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە هیچ خزمەتێک بە تەبایی و ئاشتەوایی ناکات و دژە کردەوەی زیاتری خەڵکی لێدەکەوێتەوە. کاربەدەستان و بە تایبەتیش هێزە ئەمنییەکان لە هەڵسوکەوتی خۆیاندا دەبێ رەچاوی بارودۆخی هەستیاری ئەو ناوچەیە بکەن" .

کاربەدەستانی ئێران ئەو مانگرتنە گشتییە بە هەوڵی لایەنە کوردییەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی بۆ شێواندنی ئاسایش و بارودۆخی وڵات لێکدەدەنەوە، بۆیە دەستبەسەرکراوانی ئەو مانگرتنە بەتاوانی " هەوڵدان بۆ تێکدانی ئاسایشی وڵات" تاوانبار و دادگایی دەکەن. ئەوە لە کاتێکدایە کە یاسای بنەڕەتی ئەو وڵاتە لە هەندێک بڕگەو ماددەدا بە روونی باس لە ئازادیی مانگرتن و ئازادیی پێکهێنانی کۆبوونەوە و رێپێوان بەشێوەی هێمنانە دەکات وەک ماددەی 27 لەیاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێران.

مەحموود زادە لە درێژەی ئەو لێدوانەدا باس لە هەڵکوتانە سەر کاسبکاران و سەرمایەدارانی شارەکە لەلایەن کاربەدەستانەوە دەکات "بەشێکی زۆر لە کاسبکاران، ئەندامانی سەندیکا پیشەییەکان خراونەتە ناو زیندانە تاکەکەسییەکان و دوور لە هەرچەشنە رێوشوێنێکی یاسایی ئەشکەنجە دەدرێن و بێڕێزییان پێدەکرێ" گوتیشی "کارەبای بەشێک لە دوکان و بازاڕی شار پچڕاوە و بە شێوەی بەربڵاو هەڵدەکوتنە سەر ئەو کەسانەی کە سەرمایەکانیان بۆ نەهێشتنی بێکاری وەگەڕخستووە، ئەوەش لە خۆیدا ترس و دڵەڕاوکێی خەڵکی ئەو شارەی زیاتر کردووە" .

چاودێرانی مافی مرۆڤ و مافناسان، ئەو هەڵسوکەوتانەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەی بڕگە و یاسای بنەڕەتیی ئەو وڵاتە دەزانن. ئیجلال قەوامی وتەبێژی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بە (رووداو) لەوبارەوە گوتی "ئەو کەسانەی کە دەستبەسەرکراون بە زۆری لە کاسبکاران و دوکاندارانی شاری مەهابادن و ئێمە هەر لە سەرەتاوە بە دەرکردنی بەیاننامەیەک، ڕای گشتی و بەرپرسانی باڵای دەزگای دادی کۆماری ئیسلامیمان لەو هەڵسوکەوتانەی دەزگا ئەمنییەکان ئاگادار کردەوە و داوامان کرد کە ئەو دەستبەسەرکراوانە بە خێرایی ئازاد بکرێن" سەبارەت بە هۆکار و تاوانی دەستبەسەرکراوان قەوامی گوتی " لە سەر بانگەوازی یەکێک لە حیزبە کوردییەکان خەڵک دوکان و بازاڕیان داخست و مانیان گرت، هەربۆیە دەستبەسەرکراوان لەلایەن دەزگای داد بە پاڵپشتی کردن لە هێزە نەیارەکانی کۆماری ئیسلامی و هەوڵدان بۆ تێکدانی ئاسایش و ئارامی تاوانبار کراون" .

قەوامی لەمەڕ ژمارەی ئەو کەسانەی لەو ماوەیەدا و بەو تاوانە دەستبەسەرکراون، گوتی "ئامارێکی ورد و روون لەبەردەستدا نییە، بەڵام نزیکەی 60 کەس لەو ماوەیەدا بەو تاوانە دەستبەسەرکراون کە زۆربەیان بە دانانی بارمتە ئازادکراون" .

سالح نیکبەخت مافناس و پارێزەری ناسراوی رۆژهەڵاتی کوردستان، هەڵسوکەوتی کاربەدەستان و هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە بە پێچەوانەی دەقە یاسایی و دەستورییەکانی کۆماری ئیسلامی دەزانێ و دەڵێ " دەستبەسەر کردنی هاووڵاتیان لە کاتێکدا بەشێوەی هێمنانە چالاکی دەکەن، پێچەوانەی یاسای بنەڕەتیی وڵاتە" .



**دەستبەسەر کردنی هاووڵاتیان پێچەوانەی یاسای بنەڕەتیی ئێرانە**

مافناس سالح نیکبەخت


تاریخ تحویل
ریاست محترم مجلس شورای اسلامی
خواهشمند است برابر مادهٔ ۱۹۲ آیین نامه داخلی مجلس شورای اسلامی تذکر زیر را ابلاغ و خلاصه آنرا در مجلس قرائت فرمائید.
مخاطب: وزیر محترم کشور
خلاصه:
شرح:
حوزه انتخابیه
نام نماینده

**بەشێکی زۆر لە کاسبکاران و ئەندامانی سەندیکا پیشەییەکان خراونەتە ناو زیندانە تاکەکەسییەکان و دوور لە هەرچەشنە رێوشوێنێکی یاسایی ئەشکەنجە دەدرێن و کارەبای بەشێک لە دوکان و بازاڕی شار پچڕاوە**

جەلال مەحموودزادە، نوێنەری شاری مەهاباد لە پەرلەمانی ئێران

# سوریا ژمارەیەک چالاکڤانی کورد دەستگیردەکات

### رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ:
### لەسوریا دەستگیرکردنی ژنانی کورد روو لەهەڵکشانە

**رووداو-حەسەکە**

بەگوێرەی راپۆرتی رێکخراوەکانی بەرگریکار لەمافی مرۆڤ، دەستگیرکردنی ژنانی چالاکڤانی کورد لەلایەن دەزگاکانی ئەمنی سوریاوە، روو لەهەڵکشانەو بەدەستگیرکردنی دوو خوشک بەناوەکانی ئەسما و ئەیهان موراد سامی لە2009/8/16، ژمارەی ئەو ژنانەی لەم ماوەیەی دواییدا دەستگیرکراون و تائێستا بێ سەروشوێنن، گەیشتووەتە 6 ژن.

رێکخراوی ماد بۆ مافەکانی مرۆڤ لەسوریا، لەنوێترین بەیاننامەیدا رایگەیاند دەزگای ئەمنی سەر بەپارێزگای حەسەکە لە 2009/8/16، چوار کەسی سەر بەناوچەی (دێرکێ)ی بانگ کردووە بۆ لێکۆڵینەوەو لەوکاتەوە ئیدی بێ سەروشوێنن. ئەو 4 کەسە دووانیان خوشکی یەکدین بەناوەکانی ئەسما و ئەیهان موراد سامی کە یەکەمیان دایکی 8 منداڵەو دووەمیشیان دایکی 5 منداڵە . هەر لەگەڵ ئەو دوو خوشکەدا، هەریەک لە یوسف سەیفۆ و عەدنان دیمۆ دەستگیرکراون کە لەبواری فۆلکلۆری کوردی کاردەکەن.

لەلایەکی دیکەوە، رێکخراوی ماف کە رێکخراوێکی بەرگریکارە لەمافی مرۆڤ، لەبەیاننامەیەکدا ترس و نیگەرانیی دەربڕی لەبارەی چارەنووسی هەریەک لە: هاشم بەشیر، جولی ئیبراهیم، ئوسامە فەواز، هۆزان ئەحمەد، زوهێر ئیسماعیل و ئیدریس سەعید شاکر کە سەرجەمیان خەڵکی حەسەکەن و لەرۆژی دەستگیرکردنیانەوە لە 2009/2/17 چارەنووسیان دیارنییەو تائێستاش نەدراونەتە دادگا .

ئیبراهیم یوسف چالاکوانی یاسایی و ئەندامی دامەزرێنەری رێکخراوی ماف، بە (رووداو)ی راگەیاند "هەڵمەتی دەستگیرکردنی چالاکوانانی ژن و پیاوی کورد لەلایەن دەسەڵاتدارانی سوریاوە کە لەچوارچێوەی یاسای باری نائاسایی و حوکمی عورفیدا بەڕێوەدەچێ و لەشەستەکانی سەدەی رابردووەوە لەسوریا کاریان پێدەکرێ، ماوەیەکە بەرفراوانتر بووە" . ئیبراهیم یوسف بەبیری هێنایەوە کە دەسەڵاتدارانی ئەمنی لە 2009/8/9 ژنە چالاکوانی کورد (رۆژین رەمۆ)یان لەقەزای مینبەجی سەر بەشاری حەڵەب دەستگیرکردووە کە دووەمین گەورەشاری سوریایە. رۆژین بەهۆی ئەشکەنجەدانەوە لەزیندان، ناوەڕاستی ئەم مانگە گەیێندراوەتە نەخۆشخانەی کەندی لەشاری حەڵەب و بەگوێرەی راپۆرتی رێکخراوەکانی بەرگریکار لەمافی مرۆڤ، لە نەخۆشخانە ناوێکی خوازراویان بۆ داناوەو ئەمەش ئەو گومانەی وروژاندووە کە رەنگە رۆژین لەبارێکی تەندروستیی خراپدا بێت. لە بەیاننامەی یەکێک لەو رێکخراوانەدا هاتووە "ئەم رەفتارە هەمان حاڵەتی شێخ مەعشوق خەزنەوی و مامۆستا ئۆسمان سلێمان وەبیردێنێتەوە کە بەنهێنی برابوونە نەخۆشخانەو دەزگا ئەمنییەکانیش نکوڵییان لێدەکرد، تا دواتر دەرکەوت هەردووکیان بەرەورووی ئەشکەنجەی توند بوونەتەوەو بەو هۆیەشەوە گیانیان لەدەست دا" .


ئەیهان موراد سامی


ئەسما موراد سامی

هەر لەبارەی دەستگیرکردنی ژنانی کورد لەرۆژئاوای کوردستان، (رێکخراوی بەرگریکار لەمافی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەکان لەسوریا- داد- ) لەبەیاننامەیەکدا ئاشکرای کرد کە چەند رۆژێک لەمەوبەر هێزەکانی ئەمن لە گەڕەکی زوراڤای شاری دیمەشقی پایتەخت هەڵیانکوتاوەتە سەرماڵێکی کوردو هەریەک لە فەلەکناز خەلیل و عەفرە محەممەد موسایان راپێچ کردووە بەبێ ئەوەی هیچ فەرمانێکی دادوەرییان پێبووبێت. بەگوێرەی بەیاننامەکە، فەلەکناز نەخۆشیی دڵی هەیەو عەفرە محەممەدیش یەکێک لەقاچەکانی ئیفلیجە.

مستەفا ئۆسۆ سەرۆکی رێکخراوی داد، لەوبارەوە بۆ (رووداو) رایگەیاند کە دەستگیرکردنی ئەو دوو ژنە پێشێلکارییەکی ئاشکرای مافی مرۆڤەو داوای لەدەسەڵاتدارانی سوریا کرد دەستبەجێ ئازادیان بکات.

# کاروباری سیاسی

## ئۆتومبێلە بۆمبڕێژکراوەکانی عێراق لە هۆڵەنداو بەلجیکاوە هاتوون



ڕووداو- الشرق الاوسط
سیامەند بەننا باڵیۆزی عێراق لە هۆڵەندا ڕایگەیاند کە ئەو ئۆتومبێلانەی لەنێوان ساڵانی 2004 - 2006 بەنێو خاکی سوریادا بۆ تەقاندنەوەیان لەناو خاکی عێراق ڕەوانەکراون، سەرجەمیان لە هۆڵەنداو بەلجیکاوە هاتوون. بەننا بەپشت بەستن بە دانپێدانانی عێراقییەکی دەستگیرکراو لە هۆڵەندا، دەڵێت ئەو ئۆتومبێلانە لە هۆڵەنداو بەلجیکا بە نرخێکی هەرزان دەفرۆشران، کەسانێک لەبەرامبەر 400 - 500 یۆرۆ دەیانگەیاندنە سوریا و لەوێوە بەمینڕێژکراوی ڕەوانەی عێراق دەکران.

### ڕۆژنامەنووس و توێژەری ئیتاڵی مێریللا گەلێتی :

# سەرکەوتنی لیستی گۆڕان سەلماندی دیموکراسی لە کوردستان بەهێزە

**مێریللا گەلێتی ڕۆژنامەنووس و توێژەر لە بواری مێژووی وڵاتانی ئیسلام لە زانکۆی دووەمی ناپۆلی زیاتر لە 40 ساڵە دۆستی گەلی کوردەو تا ئێستا چەندین کتێب و وتار و توێژینەوەی لەسەر کوردو کوردستان نووسیوە. لە تشرینی دووەمی ساڵی 1978 لە گۆڤاری (ڕۆژهەڵاتی نوێ) توێژینەوەیەکی تێرو تەسەلی بە زمانی ئیتالی لەمەر گەڕیدەکانی ئیتالی بڵاکردۆتەوە لەژێر ناونیشانی (کورد و کوردستان لە نێو نووسینەکانی ئیتالی لە سەدەی 13-19 )، لە ساڵی2005و 2006 سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات وماوەیەک لە شاری سلێمانی دەمێنێتەوەو دەڵێ " دووچاری شۆک و غەمباری بووم کە بینیم ئەم شارە جوانە بەبێ هیچ پلانێک گەورە دەکرێت"**

**شۆڕش عەزیز سورمێ**
**ڕووداو-ئیتاڵیا**



**ڕووداو: لیستی گۆڕان لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەم دواییە 25 کورسی بەدەستهێنا، ئەم گۆڕانکارییە چۆن دەبینی؟**

**مێریللا گالێتی:** سەرەڕای گەندەڵی، خزمەخزمێنەو جیاوازی ئاستی ژیان لەنێو خەڵکدا کە زۆر باس دەکرێت و ڕاپۆرتی ئەشکەنجەدان و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ کە لە لایەن ڕێکخراوە مرۆییەکانەوە بڵاوکراونەتەوە، بەڵام ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە ئەوە ئاشکرا دەکات کە دیموکراسی ڕەگی داکوتیوە لە کوردستانی عێراق،. سەرکەوتنی لیستی گۆڕان هەردوو ئەو دیاردەیەی سەلماند کە دیموکراسی چەند بەهێزە لە کوردستان و ناڕەزاییش چەند بەرزە لە کۆمەڵگای کوردی، بەتایبەتی لە سلێمانی کە پایتەختی کولتووریی کوردستانە. لەمیانەی مانەوەم لەو شارە لە ساڵی 2005 و 2006 دووچاری شۆک و خەمباری بووم کە بینیم ئەم شارە جوانە بەبێ هیچ پلانێک گەورە دەکرێت و دەگۆڕێت بەبێ پاراستنی سەنتەری مێژوویی. ئەمە بەڵگەی تەماحکاری ئەو کەسە گەندەڵانەیە کە دەیانەوێ بە فرۆشتنی شارەکە دەوڵەمەند بن. هەڵبژاردنی جەلال تاڵەبانی وەکو سەرۆک کۆماری عێراق کوردی لە دامودەزگاکان بەهێز کردووە، بەڵام ئەمەش پێوەندی نێوان خەڵکی ناوچەکانی هەولێر و سەرکردایەتییەکەی لە عێراق لاواز کردووە، بۆ نموونە باڵەخانە گشتییەکان لە سلێمانی ئاڵای کوردی و عێراقییان هەڵدابوو، لەکاتێدا ئەو ناوچانەی لە لایەن بارزانییەوە کۆنترۆڵ دەکرێت تەنیا ئاڵای کوردیان هەڵکردبوو. لە دوای خۆپیشاندانەکانی دژی حکوومەت لە ساڵی 2006، خۆشحاڵ بووم بەوەی کە کۆمەڵگای مەدەنی سلێمانی بە ڕێگایەکی سەرکەوتوو گۆڕانکارییان کرد، لەژێر چاودێری کەسی ژمارەی دووی پێشووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان نەوشیروان مستەفا کە لە ساڵی 1992 چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ کردو ئەو کات بەرپرسی ئەو شارە بوو.

**ڕووداو: تۆ یەکێک بوویت لەو ئافرەتە ئیتاڵیانەی بۆ یەکەم جار باسی مەسەلەی کوردت کرد، چەندین وتار و کتێبێکت لەسەر کولتوور و مێژووی کورد نووسیووە، بارودۆخی ئێستای هەر چوار پارچەی کوردستان چۆن دەبینی؟**

> **لە سلێمانی تووشی شۆک و خەمباری بووم کە دیتم ئەم شارە جوانە بێ هیچ پلانێک گەورە دەکرێت**

**مێریللا گەلێتی:** بارودۆخی کورد ڕووناکەو ڕەشیشە، بەڵام پێموایە خاڵە پۆزەتیڤەکان زیاترن. نامەوێت بەهیچ شێوەیەک ڕەشبین بم، بەڵام ئەگەر بارودۆخی ئێستا لەگەڵ بارودۆخی سەرەتای نەوەدەکان بەراورد بکەم، دیارە پەرەپێدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە گشتی، ئەو حکوومەت و وڵاتانەی گۆڕیووە کە کوردی لێیە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش دانی پێدانراوە کە پێویستە چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد بدۆزرێتەوە. کوردستانی عێراق پیشانی داوە کە نوێنەرایەتی مێژووی کوردییە. کوردستانی تورکیا لە قۆناخێکی گۆڕانگاریدایە بەرەو هێوربوونەوە و نیازێکی ئاشکرای کورد و حکوومەت بۆ گەیشتن بە ئاشتی هەیە، کاتێک لە مانگی ئەیلولی 2005 چوومە هەردوو بەشی کوردستانی عێراق وتورکیا، هەستم جووڵا کە بینیم ئۆتومبێلی خۆڵ هەڵگرتن، سەر شەقامەکانی دیاربەکر و هەولێر پاک دەکاتەوە. یەکێک لەو هەنگاوانەی کە پێویستە کۆمەڵگای مەدەنی ئەنجامی بدات بۆ ئەوەی ژیانێکی ستاندارد بەدەست بێنێت. کوردەکانی ئێران و سووریا بەدەست ئەو دابەشبوون وپارچە پارچەییە دەناڵێنن کە زەرەری لە هەوڵەکانی سیاسەتی کوردی داوە بۆ گوشاری نێودەڵەتی، هەروەکو لە ڕابردوودا.

**ڕووداو: ڕەجەب ئەردۆغان سەرۆک وەزیرانی تورکیا و ئەحمەد تورک سەرۆکی DTP چاویان بەیەک کەوت بۆ ئەوەی سیاسەتی نوێی حکوومەت باس بکەن بەرامبەر بە کورد، پێتوایە تورکیا نیازی ئەوەی هەیە مەسەلەی کورد بە ئاشتیانە چارەسەربکات ؟**

**مێریللا گالێتی:** هیوای سەرکردە سیاسییەکانی هەردوولا ئەوەیە بگەنە ڕێککەوتن و کێشەی کورد چارەسەر بکەن، بەڵام هێشتا کەمالیزم لە تورکیا بناخەی سیاسەتی ئەو وڵاتەیە کە لەسەر تاکە ناسنامەی تورکی و ڕەتکردنەوەی هەموو گرووپێکی دیکەیە. ئەمە جگە لەوەی، سوپایەک هەیە هەڵگری ناسنامەی کەمالیستیە و بە شاراوەیی خاوەن دەسەڵاتی ئەو وڵاتەیە. هێزە چەکدارەکان دژی کورد و پارتە ئیسلامییەکان و چوونی تورکیان بۆ نێو یەکێتی ئەورووپا. بۆ ئەوەش

> **بارودۆخی کورد ڕووناکە و ڕەشیشە**

ستراتیژییەک دانراوە کە ڕێگرە لە هەر پەرەپێدانێکی دیموکراتی تورکیا. لە ماوەی 15 ساڵی ڕابردوو زۆر شت گۆڕاوەو ڕێژەیەکی زۆری تورک دان بە بوونی کوردا دەنێن، ڕێگاکە زۆر دوورودرێژە بەڵام دەبێ گەشبین بین. ئەگەر ئێمە سەدەی ڕابردوو شرۆڤە بکەین سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکان دەبینین بەهۆی گوشاری یەکێتی ئەورووپا ڕۆژنامەکان دەربارەی کورد و کوردستان دەنووسن کە ئەو وشانە وەختی خۆی قەدەخە بوون. دەزگایەکی چاپەمەنی هەیە کە کتێب بە ئاشکرا چاپ دەکات و لە دوکانی کتێب فرۆشتنیشدا، دەفرۆشرێن. کاتە تاریکەکان بەسەرچوون، لە ساڵی 1977 چوومە نووسینگەی گۆڤاری "ڕزگاری" لە ئیستانبول. تەنیا دوو کورسی و مێزێکی لێ بوو، هەروەها پێش نیو کاژێر بەر لە چوونی من، پۆلیس پشکنینی ڕۆژانەی خۆیان کردبوو.

### 8300 خێزانی ئاوارەی عێراقی لەناوەڕاست و باشووری عێراقەوە هاتوونەتە سلێمانی

# کورسییەکی پەرلەمانی عێراق لە کوردستان ئاوارەیە



## ڕەئوف عوسمان، ئەندامی پەرلەمانی عێراق: هەرگیز نە عەرەب دەنگ بەکورد دەدات و نەکوردیش دەنگ بەعەرەب دەدات

**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو-سلێمانی**

لەگەڵ دەسپێکردنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، مەزندە دەکرێ نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی عێراقی لە وڵاتانی دەرەوە دەنگ بدەن و زیاتر لە 23 هەزار دەنگدەری ناوەڕاست و باشووری عێراقیش لە سلێمانی دەنگدەدەن. بەڕێوەبەری ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش دەڵێ دەبێت هەر سەرۆک خێزانێکی ئاوارە سەردانی بنکەکانی تۆماری دەنگدەران بکات .

حوسێن جاسم، 47 ساڵ، نائومێدبوون لە بارودۆخی شارەکەو کردەوە تیرۆریستییەکان ناچاریان کرد بەخێزانەوە بەغدا جێبهێڵێ و زیاتر لە ساڵێکە لە سلێمانی دەژی. حوسێن دەڵێ لەسلێمانی ژیان زۆر بە ئارامی بەڕێدەکەین "سلێمانی شارێکی جوان و دڵگیرە". حوسێن لەگەڵ خێزانەکەی دەچێتە دەنگدان " هەموو ئەو ئاوارانەشی کە من دەیانناسم لە سلێمانی، سوورن لەسەر ئەوەی دەنگ بدەن".

هودا، 25 ساڵ، هیواخوازە هەڵبژاردنی داهاتوو، نوری مالیکی نەکاتەوە بە سەرۆک وەزیرانی عێراق "مالیکی سەرۆک وەزیرێکی باش نەبوو بۆ عێراقییەکان". هودا کە پێشتر لەبەغدا ژیاوە، هیچ لاری لەوە نییە پاش دۆزینەوەی ناونیشانی دروستی خۆی بچێتە دەنگدان "من خۆم بە ئاوارە نازانم، چونکە خەڵکی سلێمانی زۆر باشن".

بەڕێوەبەری فەرمانگەی کۆچ و کۆچبەران لەسلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کە 8300 خێزانی ئاوارەی عێراقی لەناوەڕاست و باشووری عێراقەوە هاتوونەتە سلێمانی، کە کوردیشیان تێدایە. جەبار محەممەد گوتی "حکومەتی هەرێم لەڕووی پەروەردەو تەندروستی و باری ئاسایشەوە ئاسانکاری تەواوی بۆ ئەو خێزانە کۆچکردووانە کردووەو وەک هەر هاووڵاتییەکی شاری سلێمانی ئاسانکاریان بۆ کراوە".

ناسەقامگیری باری ئەمنیەت و ئاسایش لەعێراق، هێشتا هەواڵی گەرمی میدیاکانەو لەوەتەی کۆتایی بەدەسەڵاتی ڕژێمی ڕوخێنراوی بەعس هاتووە، زیاتر لە 4 ملیۆن عێراقی ئەو وڵاتەیان بەجێهێشتووە، بەپێی ئاماری وەزارەتی کۆچ وکۆچبەرانی عێراقی، زیاتر لە ملیۆنێکی ئەو ژمارەیە لە وڵاتی سوریاو 700 هەزار لەئوردون، ئەوانی دیکەش لە وڵاتانی دیکەی عەرەبی و تورکیا و ئەورووپا



چەند منداڵێکی ئاوارەی عەرەبی عێراق لە کەمپێکی نزیک سلێمانی (فۆتۆ:ڕووداو)

گیرساونەتەوە. جەبار محەممەد گوتی "نزیکەی 8500 خێزانیش لەهەولێرن و ژمارەیەکی زیاتر لەوەی هەولێرو سلێمانیش لەدهۆک نیشتەجێن". خالید جەمیلیش، کە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری مەسیحییەکانە دەڵێ "170 خێزانی مەسیحی لەناوەڕاست و باشوری عێراقەوە ئاوارەی سلێمانی بوون".

تاهیر محەممەد ئەمین، بەڕێوەبەری گشتی ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەبارەی ئاوارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، کە لەسلێمانی نیشتەجێن گوتی "ئەوان دەبێت سەردانی بنکەکانی تۆماری ناوی دەنگدەران بکەن، تادڵنیابین لەناوەکانیان". گوتیشی "دەبێت هەر سەرۆک خێزانێک نووسراوی پشتگیریی فەرمانگەی کۆچ و کۆچبەرانی پێبێت".

ماوەیەکە ئاوارە عێراقییەکان لە وڵاتانی دەوروبەر توڕەبوونی خۆیان ئاراستەی کاربەدەستانی دۆسیەی ئەمنی وڵات دەکەن و زۆر بەڕوونیش داوای دەستلەکارکێشانەوەی هەریەک لەوەزیرانی ناوخۆ و بەرگری دەکەن. د.ساحب حەکیم کە پزیشکێکی تاراوگەنشینی ئاوارەی عێراقییە نامەیەکی توندی ناڕەزایی لە لەندەنەوە ئاراستەی بەرپرسانی دەزگا ئەمنیەکانی عێراق کردووەو داوای دەست لەکارکێشانەوەیان لێدەکات. هەفتەی ڕابردووش، کوتلەی فەزیلە لە پەرلەمانی عێراق داوای دەستلەکارکێشانەوەی هەندێک لەبەرپرسە ئەمنیەکانی عێراقی کرد.

نوێترین ئاماری وەزارەتی پلاندانانی عێراقی، دانیشتووانی عێراقی بە 31 ملیۆن کەس دیاری کردو بەپێی هەڵبژاردنی ڕابردووی پەرلەمانی عێراقیش، لەو ڕێژەیە 15 ملیۆن کەس مافی دەنگدانیان هەیە و هەروەها بەپێی ژمارەی ئاوارەکانی عێراق کە لەبەردەستدایە، نزیکەی 20 کورسی پەرلەمانی عێراق ئاوارەیە، کە بەپێی یاسای پەرلەمانی عێراقی بۆ هەڵبژاردنەکان، هەرکورسییەکی پەرلەمان لەدەنگی 100هەزار دەنگدەر پێکدێت و لەو چوار ملیۆن عێراقیە ئاوارەیەش، دوو ملیۆن دەنگ دەدات و زیاتر لە90 هەزار دەنگیش لەئاوارەکانی هەرێمی کوردستان پێکدێت، کە کورسییەک پێکدێنێت.

ڕەئوف عوسمان، ئەندامی پەرلەمانی عێراقی لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، کە بۆ خۆی چەند جارێک لە دانیشتنەکانی پەرلەمان بۆ داکۆکیکردن لەپرسی ئاوارەکان قسەی کردووە، پێیوایە دەبێت هەوڵی جیدی بدرێت بۆ ئەوەی ئاوارەکانی عێراق بەشداری هەڵبژاردن بکەن. ئەو پەرلەمانتارە دەڵێ "دەنگدانی ئاوارەکان دەبێتە هۆی گەڕانەوەی ئینتیمای نیشتمانی بۆ ئاوارەکان". ڕەئوف عوسمان هەروەها گوتیشی "نەک دەنگدەری ئاوارە، بگرە چەند ئەندام پەرلەمانێکیشمان هەن لەپەرلەمانی عێراقی، کە هێشتا ئاوارەن و ماڵیان لەعێراقدا نییە".

ئالا تاڵەبانی، کە ئەویش لەفراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستانە، لەو بڕوایەدایە ژمارەی ئاوارە عێراقیەکان کەمی کردبێت "بەشێکیان گەڕاونەتەوە بۆ عێراق". بەڵام ئەوەی کە گرفتەو تاڵەبانیش باسی دەکات، نەبوونی ئاماری دروست و نوێیە لەبارەی ژمارەو ڕەوشی ئاوارە عێراقیەکان. گوتیشی " هەر وڵاتێک ئاوارەی عێراقی لێبێت بنکەی دەنگدانی لێدەکرێتەوە".

بە ڕای محەممەد ئەحمەدی پارلەمانتار لەفراکسۆنی یەکگرتوی ئیسلامی زۆربەی هەرەزۆری ئاوارەکانی عێراق دەنگدەری سوننەو کوردن، بەو پێیەی زۆربەی ئاوارەکان لەناوچەکانی ناوەراستی عێراقەوە کۆچیان کردووە.

خێزانە عەرەبە ئاوارەکانی هەولێرو سلێمانی، بەبەراوورد لەگەڵ ئاوارەکانی هەریەک لەسوریا و ئوردون، ڕەوشی ژیانی خۆیان زۆر بەباش دەبینن و پێیانوایە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ دانیشتوانی هەرێم نییە لەڕووی خزمەتگوزاری یەوە. ڕەئوف عوسمان پێیوایە دڵسۆزی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ئاوارانە کار ناکاتە سەر دەنگدانیان و بە دووری دەزانێ دەنگ بەهاوپەیمانی کوردستان بدەن."هەرچەندە باسی چاکی کورد بکەن، کاتی دەنگدان هەستی عەرەبایەتی گیانیان دادەپۆشێتەوەو هەرگیز نە عەرەب دەنگ بەکورد دەدات و نەکوردیش دەنگ بەعەرەب دەدات".

## پارێزگاری هەولێر نەوزاد هادی :

# دەبێ دەرگای قەڵای هەولێر هەڵبگیرێت چونکە مانەوەی تاوانێکی گەورەیە



**پارێزگاری هەولێر نەوزاد هادی، زۆر نیگەرانە لەوەی هەندێک کەس بەبێ خوێندنەوەی ماستەرپلانی شارەکە ڕەخنەی ئەوە دەگرن کە ئەو نەخشەیە هەڕەشە لە قەڵای هەولێر دەکات . ئەو ئامادەیی خۆی بۆ گوێگرتن و وەرگرتنی تێبینی وسەرنجی هەموو کەسێکی شارەزا دەربڕی. ڕەخنەی زۆر توندیشی لە دەرگای قەڵای هەولێر گرت و گوتی "ئەوانەی خۆیان بە پەرۆشی قەڵا دەزانن بۆچی ڕەخنەیەکیان لە دەرگای قەڵا نەگرت کە کاتی خۆی لە هەشتاکان گەورەترین تاوان دەرهەق بە قەڵا کرا و دەرگایەکی بابلی سەیرو سەمەرەیان لەسەر جەستەی قەڵا دروستکرد" پارێزگاری هەولێر نەشیشاردەوە کە ڕەخنە وتێبینی زۆری لەسەر ئیشوکارەکانی دەستەی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێرو بەرپرسەکەی شیرین ئیحسان شێرزاد هەیە.**

**ڕووداو - هەولێر**

حکومەتە ( شارەوانی وئەوقاف) . لەگەڕەکی تەعجیلیش بە هەمان شێوە هێلە بازرگانییەکەی لە بازاڕگای سیروان هەتا مزگەوتی شێخی چۆلی دەگرێتەوە هەر هەبووە، جادەیەکی نوێ لەوێ کرا لەتەنیشت باڵاخانەی عیسا عەسساف کە جادەکە خوارکرایەوە بۆ ئەوەی کەمترین خانوو وەبەر جادەکە بکەوێت. هەرچەندە خانووەکانی ئەوێ هیچیشیان شوێنەوار نین.

گرێبەستیش ئێمە کردمان لەگەڵ یونسکۆ لە 2007/9/5 کە داوامان لێکردن بێنە هەولێر وئیشمان لەگەڵ بکەن بۆ نۆژەنکردنەوەی قەڵات وئامادەکردنی بۆ ئەوەی پێشکەش بکرێ تا ببێتە شوێنەوارێکی دانپێدانراوی جیهانی، بێگومان ئەوە ئیشی زۆر دەوێ وئێمە لەسەری بەردەوامین . بەڵام بەداخەوە ئەوانەی ڕەخنە دەگرن نازانن ئێمە بە وردی چیمان کردووە

وەزارەتی ڕۆشنبیریی لە 2004 کۆنفرانسێکی لەسەر قەڵا کرد کە چەندین خەڵکی پسپۆڕ وشارەزا لە ئیتالیا ومیسرو شوێنی دیکە بەشداربوون، یەکێک لە بڕیار وراسپاردەکانی ئەو کۆنفرانسە هەڵگرتنی ئەو دەرگایە بوو، دەبێ ئەو دەرگایە هەڵبگیرێت، چونکە ئەگەر بمانەوێ قەڵا نۆژەن بکەینەوەو مۆرکە ڕەسەنەکەی خۆی بۆ بگەڕێنینەوە دەبێ

نادرێت . بۆیە من وەکو پارێزگاری هەولێر تێبینی زۆرم لە سەر کارەکانی دەستەی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر هەیە.

**ڕووداو: ڕەخنەی ئەوەتان لێدەگیرێ کە لە دانانی ماستەر پلاندا پرس ورا بە خەڵکی شوێنەوارناس و شارەزای ئەو بوارە نەکراوە؟**

**نەوزاد هادی:** بە پێچەوانەوە خەڵکی شارەزاو دەستەی شوێنەواری کوردستان تێیدا بەشداربوون کە ماستەر پلان دانرا بۆیە پارێزگاری لەو شوێنەوارانە کرا، بەڵام دیارە ئەوانەی ئەو قسەیە دەکەن هیچ حیسابێک بۆ شوێنەوارناسە کوردەکان ناکەن و پێیانوایە دەبێ ئەو شوێنەوارناسانە تەنها هی ئەولابن (بەغدا) ئەگینا شوێنەوارناس نین!.

## ئەوانەی ڕەخنە لە ماستەرپلان دەگرن پێویستە پێشتر بە وردی بیخوێننەوە ئینجا بڕیار بدەن

لە گەڕەکی تەعجیل وخانەقاش خانووەکان هەمووی ماوە بە کۆڵانەکانیشەوە . ئەوەی تر کەباس دەکرێت هەڵگرتنی بازاڕی دەلالخانەو باڵاخانەی باجگرە کە کرایە گەورەترین نافوورە ونەمانکردە گەراج وشوێنی بازرگانی . ئەو دیوی قەڵاتیش هەڵدەگیرێت وەک باڵاخانەی پارێزگا ودادگا و فەرمانگەی ڕەگەزنامە ئەوانە بە پێی ماستەرپلانی نوێ دەکرێنە ناوچەیەکی سەوزایی. ئەو باڵاخانانەش هیچیان کۆن نین تەنها باڵاخانەی دادگە نەبێت کە لەگەڵ ئەمریکییەکان پرۆژەیەکمان هەیە بیکەینە مۆزەخانەی ئەنفال . هەروەها باڵاخانەی کتێبخانەی گشتیش بە هاوکاری ئەمریکییەکان دەکرێتە پەیمانگەیەکی شوێنەوارناسی کە بڕی 2 ملیۆن ونۆسەد هەزار دۆلاری بۆ تەرخان کراوە لە سەر بودجەی حکومەت ئاوەدان دەکرێتەوە کە تاکە پەیمانگەیەکی یەم شێوەیە دەبێت لە هەموو عێراق .

**ڕوودا: یانی ئەوانەی ڕەخنە لە ئێوە دەگرن پێتوایە شارەزای ماستەر پلانەکە نین؟**

**نەوزاد هاودی:** من داوایان لێدەکەم ماستەر پلانەکە بخوێننەوە ئینجا بڕیار بدەن . بۆ ئەوەی بزانن ئێمە بۆ پاراستنی شوێنەوار چیمان کردووە، من وەک پارێزگاری هەولێر چووم بۆ عەممان و یەکەم گرێبەستم لەگەڵ ڕێکخراوی یونسکۆ مۆرکرد کە داوامان لێکردن بێنە هەولێر

بۆ خزمەتکردنی قەڵا وئامادەکرنی بۆ ئەوەی ببێتە شوێنەوارێکی جیهانی. باشە ئەوانەی ئەوەندە ڕەخنە دەگرن وخۆیان بە پەرۆشی قەڵا دەزانن بۆچی ڕەخنەیەکیان لە دەرگای قەڵا نەگرت کە کاتی خۆی لە هەشتاکان گەورەترین تاوان دەرهەق بە قەڵا کرا بەوەی هاتن دەرگا ڕەسەنەکەیان هەڵگرت و ئەو هەموو کۆنکریت وبەردەیان هێناو دەرگایەکی بابلی سەیرو سەمەرەیان لەسەر جەستەی قەڵا دروستکرد. ئایا هەڵوێستی سەرۆکی دەستەی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر شیرین خان ( شیرین ئیحسان شێرزاد) بەرامبەر ئەو دەرگەیە چییە؟ ئایا ئەمە شێواندنی مێژووی هەولێرو قەڵا نییە، خەڵکێک هەیە ڕەخنە لەسەر ئەو باڵاخانانەی دەوروبەری قەڵات دەگرێت ئەی باشە بۆ باسی ئەو شێواندنەی لە ناوخودی قەڵا کراوە ناکەن؟ . بۆ باسی ئەو باڵاخانانەناکەن کە کاتی خۆی لە پێش ڕاپەڕین لەدەوروبەری قەڵا کراون ؟ ئایا ئەوانە کێ مۆڵەتی دروستکردنی پێداون، ئێمە بووین؟! ئێمە وەک پێشتریش گوتم کۆمەڵێک تێبینیمان لەسەر ئەو پێشنیازانەی یونسکۆ هەیە بۆ نۆژەنکردنەوەی قەڵا چونکە ئێمە دەمانەوێ قەڵا مۆرکی هەولێرییانەی خۆی لەدەست نەدات، بۆیە لەو گرێبەستە دووەمەی کە بڕیارە لەگەڵ یونسکۆ بکەین دەمانەوێ ئەندازیارێکی بیناسازی هەولێر یان کوردستان لەگەڵ لیژنەکە دابێت بۆ ئەوەی کە نۆژەن دەکرێتەوە نە شێوێنرێت و وەکو ئەو دەرگا بابلیەی سەر قەڵای لێ نەیێت . بۆیە ئێمە تێبینیمان لە سەر بۆچوونەکانی دەستەی نۆژەنکردنەوەی قەڵا هەیە و لێی دڵنیانین چونکە نامانەوێ شوێنەوارەکانمان بشێوێنرێن.

**ڕووداو: ئێوە بۆ هەڵگرتنی ئەو دەرگا بابلییە هیچ هەنگاوێکتان ناوە؟**

**نەوزاد هاودی:**

دەرگایەکەی ئەوە بێت کە لە پەنجاکان وشەستەکان هەیبوو نەک ئەوەی لە 1982 بۆی دروستکرا کە دەرگایەکی بابلییە. لێرەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئێمە بە هیچ شێوەیەک دژی مێژووی ئاشووری وبابلییەکان نیین ونامانەوێ ڕەتی بکەینەوە چونکە ئەوانە لێرە ژیاون ئینجا ئاشووری بێت یا بابلی وئەکەدی وسۆمەری وهتد. بەڵام بۆچی مۆرکی ڕەسەنی قەڵای هەولێر تێکبدرێ و بکرێتە بابلی ؟ دەبێ وەکو خۆی نۆژەن بکرێتەوە نەک بشێوێنرێ.

**ڕووداو: یونسکۆ ڕەزامەندی لەسەر گۆڕینی ئەو دەرگایە دەربڕیوە؟**

**نەوزاد هادی:** یونسکۆ هیچ لارییەکی نییە و ڕازییە بەڵام دەستەی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر (بە سەرۆکایەتی شیرین ئیحسان شێرزاد) نایەوێ بەلای ئەو بابەتەدا بچێت، یەکێک لە تێبینی وسەرنجی ئێمە ئەوەیە کە چ شێوە بیناسازی ومیعمارییەک لە نۆژەنکردنەوەی قەڵا ودەوروبەری پەیڕەو دەکرێت؟ بۆیە ئێمە دەمانەوێ ئەو ئەندازیارانەی لە نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر کاردەکەن کورد بن، کەچی ئەوان دەچن خەڵک لە بەغدا دەهێنن بەناوی ڕاوێژکاری و هاوڕێی خۆیان ! بۆچی پسپۆڕو شارەزای ئیتالی و ئەڵمانی ناهێنن ؟ بۆچی گرینگی بە شوێنەوارناسەکانی کورد

**ڕووداو: هەندێ تورکمان دەڵێن ئێوە دەتانەوێ سیمای تورکمانی لە هەولێر نەمێڵن؟**

**نەوزاد هادی:** با پێمان بڵێن مەبەستیان کام شوێنە ؟ بۆ نموونە ئێمە لەنێو قەیسەری یەکەم مزگەوت کە نۆژەنمانکردەوە مزگەوتی ئاڵتی بەرماخ بوو ئایا کەس ناوەکەی گۆڕی؟ گۆڕستانی چراخ ناوی هەروەکو خۆیەتی،

## تێبینیمان لەسەر چوار تاوەرەکەی بازاڕی نیشتمان هەیە کە ئێستا ڕاگیراون

تەنانەت گەڕەکی عەرەب-یش ناوەکەیمان نەگۆڕیوە، هەروەها تەعجیل وخانەقا ناویان هەروەکو خۆیەتی . بۆیە ئەو کەسانەی ئەو قسانە دەکەن هەقە پەنجە لەسەر شتەکان دابنێن وبڵێن فلان شتتان گۆڕیوە.



## باڵاخانەی دادگەی هەولێر دەکرێتە مۆزەخانەی ئەنفال

و ئیشمان لەگەڵ بکەن بۆ ئەوەی سەرپەرشتی ئیشی قەڵا بکات . چونکە لە بەرنامەماندایە پرۆژەی قەڵای هەولێر پێشکەش بکەین بۆ ئەوەی وەک شوێنەوارێکی جیهانی بناسرێت.

**ڕووداو: ڕەخنەی ئەوەتان لێدەگیرێت کە تا ئێستا نەتانتوانیوە هەولێر لە لایەن یونسکۆ وەک شوێنەوارێکی جیهانی دانی پێدابنرێت؟**

**نەوزاد هاودی:** ئەوە دیارە بە شەوو ڕۆژێک ناکرێت وئێمە ئێستا ئیشی لەسەر دەکەین چونکە مەرجی خۆیان هەیە، یەکەم

وەدبێ لەگەڵ یۆنسکۆ وشارەزایان بڕیاری لەسەر بدرێت کە ئایا کاریگەری لەسەر قەڵا دەکات یان نا. ڕێگەی پێبدرێ یان نا. بۆیە من جارێکی تریش داوا لەوانە دەکەم کە ڕەخنە دەگرن پێشتر ماستەر پلانەکە بخوێننەوە ئینجا بڕیار بدەن . لێرەدا پێمخۆشە هەندێک شت ڕوون بکەمەوە، بۆ نموونە لە گەڕەکی عارەبان خانووەکانی هەمووی ماوە و هێلە بازرگانییەکەی کە جادەی میشوار وباتەو لای شیرینی نازەو جادەی سوڵتان موزەفەر ئەوە بازرگانییەو پێشتریش باڵاخانەی لێکراوە بەڵام خانووەکانی ژوورەوەی گەڕەکی عارەبان کە لەنەخشەکەدا بە ڕەنگی زەردە، هەمووی وەکو خۆی ماوە بەڵام ئەو خانووانە پێویستیان بە نۆژەنکردرنەوە هەیە ئینجا هەندێکیان خاوەنەکانیان دەیکەن وهەندێکیشی هی

**ڕووداو: ئێوە تاوانبار دەکرێن بەوەی شوێنەوارە مێژووییەکانی هەولێر بۆ مەبەستی بازرگانی تێکدەدەن ؟**

**نەوزاد هادی:** ئەوانەی خەڵک تۆمەتبار دەکەن پێویستە لەسەر بنەمایەکی زانستی وبە بەڵگەوە قسە بکەن، جارێ پێش هەموو شتێک دەبێ ئەوان بزانن شوێنەوار چییەو ئەو شوێنانەی لە هەولێر بە شوێنەوار دادەنرێن کوێن . ئێمە لە خۆمانەوە کار ناکەین بەڵکو بەپێی یاسای تایبەت بە بواری شوێنەوارناسی کاردەکەین . ئێمە ئێستا ئیش لەسەر ماستەر پلان دەکەین و ئەوەی بە پلەی سەرەکیش دەیکات وەزارەتی شارەوانییە بەڵام ئێمە وەکو پارێزگا، پارێزگاری لەو شوێنانە دەکەین کە سیفەتێکی قانوونییان هەیە، ماستەر پلانیش بە پێی قانوون دانراوەو لە گۆترە نەبووەو زۆر چاودێری شوێنەوارەکان کراوە. ئەوانەی دێن ڕەخنە دەگرن و باسی قەڵا ودەوروبەری قەڵا دەکەن، پێویست بوو سەرەتا ماستەر پلانەکە بخوێننەوە و بزانن ئایا ئەو دیزاینە نوێیە چەند پارێزگاری لە خانوو وباڵاخانە کۆنەکان دەکات؟ ئینجا بڕیار بدەن و بڵێن شوێنەوار تێکدراوە یان نا؟ ئەوەی لە 30 مەتری هەولێرو دەوروبەری قەڵاتیش دەکرێت زیاتر هەڵگرتنە نەک دروستکردنی بیناوباڵاخانە، بەڕاستی ئەوانەی شارەزا نین وئێمە تاوانبار دەکەن مەبەستیان ئەوەیە ئیشی باش نەکرێت.

**ڕووداو: یەکێک لەو ڕەخنانەی دەگیرێت ئەوەیە دەڵێن موحەڕەماتی قەڵا و500 مەتری دەوروبەری قەڵات تێکدەدرێت ودەستکاری دەکرێت؟**

**نەوزاد هادی:** با بەراوردێکی هەولێر بکەین لە ڕابردوو وئێستادا، بابزانین قەڵاو دەوروبەری پێشتر چ باڵاخانەی لێکرابوو وئێستا چی کراوە، باڵاخانە کۆنەکانی دەوروبەری هەولێر لەوانە ئۆرزدی باک کە 50 مەتر لە قەڵا دوورە لە ساڵانی هەفتاکان کراوە، بانک و باڵاخانەکانی

## لە ماستەرپلانی هەولێردا زۆر چاودێری شوێنەوارەکان کراوە

نزیک سینەما سیروان کە سێ قاتن ئەوانیش کۆنن، ئەو باڵاخانانەی نزیک میشوار وباڵاخانەکانی عوسمان موهەندیس وحاجی یەحیا کە ئەوانە هەموو کۆنن لەسەردەمی پێش ڕاپەڕینی 1991 کراون . کە ئێمە ماستەر پلانمان دانا و باڵاخانەی نوێ دروست کران کەباس دەکرێت مەبەست بازاڕی نیشتمانە، ئەو بازاڕە لە چەند بەشێک پێکهاتووە، بەشی پێشەوەی هاوشان ومورادیفی باڵاخانەکانی ترە، ئەوەی کە جێی تێبینییەو ئێمەش بۆخۆمان تێبینیمان لەسەر هەیە چوار تاوەرەکەیە کە لەناوەڕاستی بازاڕەکەیە و ئێستا ڕاگیراوە و ئێمەش تێبینیمان لەسەر بەرزاییەکەی هەیە



نەخشەی چوار و کۆتایی ماستەر پلانی هەولێر

## وەزارەتی ئەوقاف دەزگایەکی کۆکردنەوەی زەکات دادەمەزرێنێ

# هەرێمی کوردستان ساڵانە 20 ملیۆن دۆلار زەکات دەدات



## پارەیەکی زۆری موسڵمانان بەنێوی زەکات دەدرێتە کەسانی شیاو و نەشیاو

محەممەد شاکەلی، وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی

**ئاری عوسمان**
**رووداو- هەولێر**

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی کار لەسەر دامەزراندنی دەزگەیەک دەکات بۆ کۆکردنەوەی زەکات و خەرجکردنی بۆ کاری خێرخوازی. وەزیری ئەوقافیش دەڵێت زەکات لە کوردستان بەشێوەیەکی نارێک دەبەخشرێت.

محەممەد شاکەلی، وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی کوردستان رایگەیاند کە بە مەزەندەی شارەزایان و پسپۆڕانی ئابووری رێژەی زەکات لەهەرێمی کوردستان دەگاتە 20 ملیۆن دۆلار "ئەوەش رێژەیەکی زۆرە، بەڵام بەشێوەیەکی نارێک دابەشدەکرێ".

بەخشینی زەکات یەکێکە لە بنەماکانی ئاینی ئیسلام و دەبێت موسڵمانان، بە تایبەت ئەوانەی باری داراییان باشە جێبەجێی بکەن. وەزارەتی ئەوقاف بۆ ئەمساڵ بۆ هەر یەک ملیۆن دینار 25 هەزار دیناری وەکو زەکات داناوە. واتە هەر کەسێک یەک ملیۆن دیناری لە ماڵدا هەبێ و ساڵێکی بەسەردا تێپەڕبووبێ دەبێ، 25 هەزار دینار وەکو زەکات بدات.

ماوەیەکی زۆرە وەزارەتی ئەوقاف سەرقاڵی دامەزراندنی دەزگایەکە بۆ کۆکردنەوەی زەکات و بەخشینی لەکاری خێرخوازی و پرۆژەی سوودمەند بۆ هاووڵاتییان. وەزیری ئەقاف دەڵێت "پاش گفتوگۆیەکی زۆر بۆمان دەرکەوت کە پارەیەکی زۆری موسڵمانان بەنێوی زەکات دەدرێتە کەسانی شیاو و نەشیاو، بۆیە بیرمان لە دامەزراندنی دەزگایەک کردووەتەوە بۆ رێکخستن و سەرپەرشتیکردنی زەکات، کە بەشێوەیەکی رێکوپێک و سەردەمانە دابەش بکرێت".

سەبارەت بە ئەرکی وەزارەتی ئەوقاف لەو دەزگایە، محەممەد شاکەلی گوتی "ئێمە وەکو وەزارەتی ئەوقاف بەهیچ شێوەیەک خۆمان خەریکی دابەشکردنی ئەو زەکاتە نابین، کاری ئێمە تەنیا چاودێریکردنە، هەوڵیش دەدەین ببینە ئامرازێک بۆ ئەوەی زەکاتەکە بەشێوەیەکی یەکسان دابەش بکرێت و بتوانرێت پرۆژەی گەورەی لێ دروست بکرێ".

بەپێی ئەو ئامارەی لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی کوردستان تایبەت دراوەتە (رووداو) تا ئێستا 6 رێکخراو و دوو کۆمەڵەی خێرخوازی مۆڵەتی کارکردنیان لە وەزارەتی ناوخۆ وەرگرتووە، کە هەندێکیان هی سەرمایەدارەکانن و ساڵانە زەکاتەکانیان لە رێگەی رێکخراو و دەزگاکانیان دەدەنە هاووڵاتییان.

بەڵام بەپێی قسەی حاجی سەلام سیدان، بەرپرسی راگەیاندنی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف زیاتر لە 12 رێکخراوی دیکەی خێرخوازی هەن و بەشێوەیەکی نا یاسایی کار دەکەن "کە هی بنەماڵە و کەسایەتییەکانن، بەڵام بە ئارەزووی خۆیان کار دەکەن". حاجی سەلام ئاماژەی بەوەشدا کە زەکاتی هەندێک لەو دەزگایانە شوێنی خۆی ناگرێ و خزمخزمێنەی تێدەکەوێت.

جەوهەر محەممد شەریف نانەکەلی، کە بەڕێوەبەری دەزگای خێرخوازی مەلا ئیسماعیل نانەکەلییە بۆ زەکات بە (رووداو)ی راگەیاند کە مانگانە یارمەتی 1250 خێزانی کەم دەرامەت دەدەن، کە 30-100 هەزار دیناریان دەدەنێ "ئەوانەی یارمەتیان دەدرێ، لێکۆڵینەوەیەکی زۆر ورد لەبارەی ژیانیان دەکرێ، کە زانیمان موستەحەقن یارمەتیان دەدەین". ناوبراو گوتیشی "مانگانە 50-55 ملیۆن دینار لەکاری خێرخوازی خەرجدەکەین".

حاجی سەلام کەریم سیدان، باسی لە ئامادەکارییەکانی پرۆژەی دەزگاکە کردو گوتی لەکۆتایی مانگی چواری ئەمساڵ وۆرک شۆپێکمان بۆ ئەو مەبەستە رێکخست، کە مامۆستایانی زانکۆ و ئاینی، کۆمەڵناسان، رێکخراوە خێرخوازەکان بەشدارییان کرد، دواتر چەند لێژنەیەکمان لە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافەکان پێکهێنا لەوانەش لێژنەی یاسایی، ئابووری، کۆمەلایەتی و شەرعی. ئەوانیش لە ماوەی دوو مانگدا راپۆرتی خۆیان ئامادە کرد.

ناوبراو گوتیشی "هەفتەی رابردوو دوایین دانیشتنمان ئەنجامدا و دوای تاوتوێکردنی راپۆرتی لیژنەکان، بڕیار درا پرۆژەکە پێشکەشی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت بۆ ئەوەی ئەوانیش لەنزیکەوە ئالیەتێکی بۆ بدۆزنەوەو بڕیاری لەسەر بدەن".

سەبارەت بەپێکهاتەی دەزگاکەش حاجی سەلام گوتی "دەزگاکە پێکدێت لە دادوەران، رێکخراوە خێرخوازەکان، مامۆستایانی ئاینی، مامۆستایانی زانکۆ و کەسانی رابردوو پاک".

ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا کە کۆکردنەوەی زەکاتەکە بە زۆر نییە و خەڵک سەرپشکە لەوەی زەکاتەکەی لەو دەزگایە دابنێ یان بۆ خۆی بیداتە خەڵک.

هاووڵاتیان و مامۆستایانی ئاینی پشتگیری پرۆژەکە دەکەن بەو مەرجەی پرۆژەکە شوێنی خۆی بگرێ و پارەکە بدرێتە کەسانی شیاو.

فەرەیدون بەکر عەبدوڵڵا، کاسب، ئەم کارەی وەزارەتی ئەوقاف بەشتێکی باش زانی و گوتی "گرنگ ئەوەیە دەزگایەکە بێلایەن بێت و بەرێکی زەکاتەکە دابەش بکات"، گوتیشی "هیوام وایە دەزگاکە بتوانێ بە پارەی ئەو زەکاتە یارمەتی ئەو گەنجانە بدات کە ناتوانن ژن بهێنن".

مەلا عومەر حەسەن مرۆ، کە مامۆستایە لە پەیمانگای پێشنوێژو وتارخوێنان، پشتگیری ئەو پرۆژەیە دەکات و دەڵێت "هەرکارێک لەبەرژەوەندی هەژاران دابێت بە باشی دەزانین چونکە لەگەڵ بنەمای ئاینی ئیسلام دەگونجێت". گوتیشی "پێمباشە وەزارەتی ئەوقاف فەرمانبەری خۆی لەو دەزگایە دانەنێت و خەڵکی سەربەخۆ و جێی متمانە دەزگاکە بەڕێوە ببەن".

---

## وەزیری تەندروستی:
# مەترسی ئەوە هەیە سەدان هەزار کەس لە کوردستان تووشی ئەنفلۆنزای بەراز ببن

### بەداخەوە تەلەڤزیۆنەکان هاوکارمان نین بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک و رێنماییەکانمان بڵاوی ناکەنەوە



**عەلی حەمە سالح**
**رووداو-هەولێر**

وەزیری تەندروستی مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی ئەنفلۆنزای بەراز لە کوردستان رادەگەیەنێت کە ئەگەری ئەوە زۆرە لەسەرەتای پاییزی ئەمساڵ پەتای ئەنفلۆنزای بەراز بەشێوەیەکی بەربڵاو لەهەرێمی کوردستاندا بڵاوبێتەوەو سەدان هەزار کەس تووشی نەخۆشییەکە ببێت.

د.زریان عوسمان، وەزیری تەندروستی حکومەتی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەگەری ئەوە زۆرە لەسەرەتای پاییزی ئەمساڵ پەتای ئەنفلۆنزای بەراز بەشێوەیەکی فراوان لە هەرێمی کوردستاندا بڵاو ببێتەوەو سەدان هەزار کەس تووشی نەخۆشییەکە بکات".

وەزارەتی تەندروستی، وەک ئامادەسازییەک بۆ گەورەیی مەترسییەکە، چەند ئامێر و دەرمانی بۆ رووبەڕووبونەوەی نەخۆشییەکە کڕیوە. وەزیری تەندروستی، ئەوە دەخاتەروو کەگرێبەستیان کردووە بۆ هێنانی چەند ئامێرێک بۆ رووبەڕووبونەوەی پەتاکە "6 کامێرای حەراریمان هێناوە کە لەفرۆکەخانەکاندا دادەنرێت، ئەوانەی لەدەرەوە دێنە کوردستان ئەو کامێرانە لەدوورەوە دیاری دەکات کە کەسەکە هەڵگری ڤایرۆسەکەیە یان نا، چەندین کەرەستەی پێویستی تر بۆ نەخۆشخانەکان و فرۆکەخانەکان کڕدراوە، جل و بەرگی خۆپاراستن بۆکارمەندانی تەندروستی کڕدراوەو، ماسکێکی زۆر بۆ کارمەندانی تەندروستی و هاووڵاتیانیش دابینکراوەو ئەگەر نەخۆشییەکە بڵاوبێتەوە دابەشی دەکەین بەسەر هاووڵاتیاندا".

وەزیری تەندروستی ئەوەشی خستەڕوو کە بۆ تاقیگەکانی هەولێر و سلێمانی دوو ئامێری پێشکەوتوویان کڕیوە بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە" 2 ملیۆن و نیو کەپسولمان کڕیوە، بۆ ئەوەی وەک چارەسەر بدرێتە هاووڵاتی".

د.زریان، جگە لەوەی وەزیری تەندروستییە، شارەزایە لەنەخۆشی ئەنفلۆنزای بەراز و وەک مەترسییەکی گەورە دەڕوانێتە ئاماژەکانی ئەم نەخۆشییەو ئەوە رووندەکاتەوە کە لەیەک هەفتەدا لەبەریتانیا 250 هەزار کەس تووشی نەخۆشییەکە دەبێت و لەهەفتەی رابردووشدا لە ئیسپانیا 150 هەزار حاڵەت هەبووە "ئێمەش جیاوازنین لەو وڵاتانە".

### گەورەبوونی مەترسییەکە

هەرچەندە زیاترلەیەک ملیۆن کەس تووشی نەخۆشییەکە بووە لە جیهاندا، بەڵام تاوەکو ئێستا 1800 کەس بەم نەخۆشییە گیانیان لەدەستداوە، د.زریان، پێیوایە ئەو کاتە مەترسییەکە گەورەتر دەبێت کە ڤایرۆسەکە خۆی بگۆڕێت" ئەم ڤایرۆسە لەساڵی 1917 بڵاوبوویەوە لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەم هەلامەتێکی ئاسایی بوو، بەڵام لەساڵی 1918 کەجەنگ تەواوبوو، ڤایرۆسەکە خۆی گۆڕی و بووە ڤایرۆسێکی مەترسیدار و زیاتر لە 100 ملیۆنی کەسی کوشت، ئێستاش مەترسییەکە لەوەدایە ڤایرۆسەکە خۆی بگۆڕێت، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە ئەم ڤایرۆسە تاوەکو کۆتایی 2011 لەدونیادا بمێنێتەوە".

### راگەیاندن هاوکار نییە

وەزیری تەندروستی، ئەوە دەخاتەروو کە دەستیان بەهەڵمەتێکی فراوان کردووە بۆ هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان"خولێکی هۆشیاریمان هەیە بۆ مامۆستای قوتابخانەکان بۆ ئەوەی وانەیەکی تایبەت بە خوێندکاران بڵێنەوە کە چۆن خۆیان بپارێزن، بەبەردەوامی رێنماییمان بۆ وەزارەتی ئەوقاف و راگەیاندنەکان دەرکردووە، چەند گرتەیەکی تەلەڤزیۆنی ئامادەکراوە بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک".

هەرچەندە بەشێکی زۆری کەناڵە ئاسمانییەکان بودجەیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوەیە، بەڵام ئامادەنین ئەو رێنماییانەی وەزارەتی تەندروستی بڵاوبکەنەوە کەبۆ هۆشیارکردنەوە خەڵکە. د.زریان، گازندە لەو کەناڵانەکانە دەکات و دەڵێت" بەداخەوە راگەیاندنەکان هاوکارمان نین بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک، چەندین سپۆتی تەلەڤزیۆنی و رێنماییمان دەرکردووە بەتایبەت بۆ کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان، بەڵام بەداخەوە هاوکاریمان ناکەن و بێ پارە بڵاوی ناکەنەوە، رەنگە هەندێکیان مافی خۆیان بێت داوای پارەبکەن".

### مەترسی حەج

مەترسی ئەوە هەیە حاجییانی کوردستان ببنە هۆکارێک بۆ گواستنەوەی ڤایرۆسەکە بۆ کوردستان و د.زریانیش ئاماژە بەوە دەکات کە 4 هەزار هاووڵاتی کوردستان دەچێنە حەج کە 3 ملیۆن حاجی لەهەموو وڵاتانی دونیادا کۆدەبنەوەو ئەگەر چەند کەسێک ڤایرۆسەکەی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبێت دوورنییە بەبەربڵاوی تەشەنەبکات"دووریش نییە ئەو حاجیانە ئەگەر تووشیان ببێت، ڤایرۆسەکە بەرەو هەرێمی کوردستان بهێننەوە".

### رێنماییەکان بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشییەکە:

- دەستت زوو زوو بەئاو و سابون بشۆ
- لەکاتی کۆکەو پشمین دەم و لوتت بەدەستە سڕ دابپۆشە
- دوورکەوە لەکەسی تووش بوو بەنەخۆشییەکە
- لەکاتی گفتوگۆدا، هەوڵبدە دووری خۆت و کەسی بەرامبەر لەیەک مەتر کەمتر نەبێت
- تەوقەکردن و ماچ کردن رەفتاری مەترسیدارن لێیان دوورکەوە
- دوورکەوە لەشوێنی قەرەباڵخ و داخراو
- لەشوێنی کار زوو دەرگا و پەنجەرە بکەوە بۆ هەوا گۆڕین
- کاتێک نیشانەکانی ئەنفلۆنزای بەرازت لێدەرکەوت لەماڵەوە پشوو بدەو مەڕۆ بۆ سەرکار و پەیوەندی بکە بە دەزگا تەندروستییەکانەوە




زوو زوو دەستت بشۆ
بەدەست دەسکی دەرگا مەکەوە
خۆت لەکەسی نەناسراو نزیک مەکەوە
ئەگەر هەستت کرد نەخۆشی لەماڵەوە مەچووە دەرەوە
لەکاتی پشمین دەم و لووتت داپۆشە
حەبی تایمفلو و رێلێنزا بخۆ

---

# گەڕەکەکانی هەولێر کۆد دەکرێن

## لە کوردستان مزگەوت و قوتابخانەکان دەبنە پۆست کۆد

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

کۆمپانیا ئەهلی وحکومییەکانی تایبەت بە پۆستە، بەدەست نەبوونی پۆست کۆدی گەڕەکەکانی شاری هەولێر گیرۆدە بوون و ئاماژە بەوە دەدەن بەهۆی نە شارەزایی خەڵک لە پۆست لەکاتی هاتنی پۆستەی هاووڵاتیان لە دەرەوە گرفتیان بۆ دروستدەبێ.

ئومێد سەعید، 33 ساڵ، ماوەی 9 ساڵە وەک پەنابەر لە وڵاتی بەریتانیا دەژی، هەر جارێک کەلوپەل یان دیاری بۆ کەسوکار و هەڤاڵانی پۆست بکات، بەهۆی نەبوونی پۆست کۆد، ناچارە ناونیشانی نزیکترین مزگەوت یان قوتابخانە بداتە کۆمپانیاکانی پۆستە بەو هۆیەش زۆرجار گەیشتنی پۆستەکانی دوا دەکەوێت.

لەزۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا، پۆست کۆد گرنگی تایبەتی پێدەدرێت، چونکە سەرەرای ئاسانکاری بۆکاری پۆستە، لەهەمانکاتیشدا بۆ گەیاندنی چەندین خزمەتگوزاری دیکە حکومەت سوودی لێدەبینێت، پسپۆڕانی ئەو بوارەش، پۆست کۆد بە ناسنامەی وڵات و شار ناو دەبەن.

تەها مستەفا، بەرێوەبەری پۆستەی هەولێر، نەبوونی پۆست کۆد، بەهۆکاری هەرە سەرەکی سستی گەیشتنی پۆستە دەزانێ لە کوردستان و ئاماژە بەوەدەدات خانووەکانی شاری هەولێر، هەر یەکەیان کۆدی بەرێوەبەرایەتی ئامار، شارەوانی، ئاو و کارەبای لەسەرە "بۆیە خەڵک نازانێ چ کۆدێک بداتە ئەو کەسەی پۆستەی بۆ دەنێرێ، بۆیە ناچارە ناونیشانی مزگەوت و قوتابخانە و ناوی شەقام لەسەر پۆستەکەی بنووسێت".

تەها ئاماژەی بەوەشدا کە نەبوونی پۆست کۆدی گەڕەکەکان گرفتی زۆریشی بۆ پۆستەچییەکان دروستکردووە "بۆ دۆزینەوەی ناونیشانێک تەواوی گەڕەکەکە دەگەڕێن. ئەم بەرێوەبەرە گرنگی پۆست کۆدی بۆ کاری پۆستە روونکردوەو گوتی "ئەگەر نەخشەو پۆست کۆدمان هەبێت بەماوەی کەمتر لە 30 چرکە، پۆستەچی دەتوانێ لەرێگەی کۆمپیوتەر ناونیشانی پۆستی هاتوو بدۆزێتەوە"..

سامان عیزەددین، بەرپرسی سەنتەری زانیاری جوگرافی (GIS)لە شاری هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند لەگەڵ دامەزراندنی سەنتەری (GIS)، نزیکەی 350 نەخشەی بنەڕەتی گەڕەکەکانی شاری هەولێریان سکان کردووە و خستوویانەتە سەر باری دیجیتاڵی، بەم هۆیەوشەوە توانیویانە شوێنی گشت مزگەوت، قوتابخانە، شەقام و فەرمانگە گشتیەکان و سنووری 72 گەڕەک لەسەر وێنەی ئاسمانیی شاری هەولێر دەستنیشان بکەن.

سامانی گوتی "سەرجەم ئەو نەخشانەمان داوەتە بەڕێوەبەرایەتی ئاماری شاری هەولێر بۆ ئەوەی لەرێگەی تیمەکانەوە بەشێوەیەکی مەیدانی ژمارە و کۆد لەسەر شەقام، گەڕەک و ماڵەکان دابنێن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سەرجەم زانیارییەکان لەسەر نەخشە ئاسمانییەکە بەشێوەی سیستەمی GIS دابنێین لە رێگەیەوە نەخشەی دجیتالی شاری هەولێرمان دەستدەکەوێت و دەبێتە بنەمایەک بۆ کار کردن لەسەر پۆست کۆد". لەسادەترین پێناسەیدا پۆست کۆد بریتییە لەدانانی کۆد و ژمارەی تایبەت بۆ سەرجەم شەقام و گەڕەکەکانی شارو وێناکردنەوەی لەسەر نەخشەیەکی دیجیتالی و دانانی زانیاری شوێنەکان لەسەر کۆد و ژمارەکان کە بەهۆیەوە دەتوانرێت بەئاسانترین شێوە لەکەمترین ماوە، زانیاری پێویستت لەسەر شوێنی مەبەست دەست بکەوێ.

د.کامەران رەقیب موفتی، پسپۆر لەدیمۆگرافیا و وانەبێژ لەکۆلێژی بەرێوەبردن و ئابووری، پۆست کۆد بە پێناسی شارو وڵات وەسف دەکاو دەڵێت "پۆست کۆد وەک ناسنامەی شارو وڵات وایە چونکە لەو رێگەیەوە دەتوانرێت بەئاسانترین شێوە هەر ناونیشانێکت مەبەست بێت بیدۆزیتەوە". ئەم پسپۆرەی بواری دیمۆگرافیا گوتیشی "پۆست کۆد هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی رێبەری گەشتیاری و بازرگانی، بۆیە بەهۆی نەبوونی تائێستا نەتوانراوە رێبەرێکی گەشتیاری رێکوپێک بۆ شارەکانی کوردستان چاپبکرێ".

محەممەد سابیر، بەرێوەبەری ئاماری هەولێر، دوایین هەوڵەکانی بەرێوەبەرایەتیەکەیانی بۆ دانانی پۆست کۆد لەشاری هەولێر بۆ (رووداو) باسکردو گوتی "مانگی رابردوو تیمێکی 4 کەسیمان بۆ بینینی خولێکی تایبەت لەسەر چۆنیەتی دانانی ژمارەو کۆد، بۆ گەڕەک و شەقامەکان رەوانەی بەغدا کرد، ئێستا تیمەکە گەراونەتەوەو بەنیازین لەرێگەی ئەوانەوە زانیارییەکان بگەیەنینە 123 کارمەندی دیکە، بۆ ئەوەی لەرێگەی ئەوان بە هاوکاری 1740مامۆستا لەرووی مەیدانییەوە ژمارە کۆد بۆ گەڕەکەکان دابنێین".

بۆ وردبینی زیاتر لە جێبەجێکردنی کارەکە بەرێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر بۆ هەر گەڕەکێک کارمەندێکی شارەزاو 5 هاوکاری دەستنیشان کردووە، وابریاریشە لەناوەراستی مانگی 9 دەست بەکار بن، بەڵام محەممەد سابیر گوتی گرفتی سەرەکییان دروستبوونی خێرای گەڕەکی تازەیە "دەبێت بەردەوام لە هەوڵی زیاد کردنی ئەو خانووە نوێیانە بین لەسەر نەخشە بنەڕەتییەکان، بەمەش رۆژ بەرۆژ پێویستمان بە نەخشەی تازە دەبێت، بۆیە داوامان لەوەزارەتی پلان دانانی عێراق کردوە وێنەی تازەی شاری هەولێرمان دووبارە بۆ بگرنەوەو تا بەوهۆیەوە دوایین گۆرانکاری نەخشە بنەڕەتییەکان لەرێگەی سەنتەری GIS لەسەر وێنە تازەکە دەستنیشان بکەین وردترین نەخشەی پۆست کۆد بەدەستبهێنین".

یەکێک لە پرۆژەکانی وەزارەتی پلاندانان، دانانی پۆست کۆد بوو بۆ سەرجەم شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، بڕیاربوو ئەمساڵ پرۆژەکە بخرێتە واری جێبەجێکردن. لەتیف محەممەد،سەرپەشتیاری گشتی بەرێوەبەرایەتیەکانی زانیاری نەخشەسازی هەرێمی کوردستان، لەوەزارەتی پلاندانان گوتی "بەهۆی ئامادەکاری بۆ سەرژمێری دانیشتوانی و کارکردن لەسەر هەندێک پرۆژەی دیکە، ئەمساڵ نەتوانراوە کار لەسەر پرۆژەکە بکرێت، بەڵام لە بەرنامەدایە ساڵی ئایندە کاری زیاتر لەپرۆژەکە بکەین".





## ئەگەر چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەی کورد هەبێت پێویست ناکات PKK داوای هێزی چەکدار بکات

بەرپرســی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی ڕایگەیاند کە تا ئێســتا هیچ بڕیارێک لەبارەی پۆستی نێچیرڤان بارزانی نەدراوە، بەڵام گوتیشی " ئەو کاراکتەرێکی بەهێزە و، بەهێزی کەسایەتییەکەی خزمەتی هەر شوێنێک دەکات کە لێیەتی جا لە کوردستان بێت یا لە بەغدا". سەفین دزەیی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ئاشکرایکرد کە هیچ پێشنیازێکیان لەبارەی نەخشەی ئۆجەلان پێشکەش نەکردووە.

هەڤپەیڤین : ولادیمێرفان ولخنبێرخ
ڕووداو–پیرمام

## پێش بەستنی کۆنفرانسی نەتەوەیی دەبێ بزانین هەڵوێستی تورکیا چییە لە چارەسەرکردنی پرسی کورد



### سەفین دزەیی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی :

# لە کۆنگرەی داهاتووی پارتی دەموچاوی نوێ و خەڵکی تازە دێنە پێشەوە



سەفین دزەیی، بەرپەسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی
(فۆتۆ:ڕووداو)

**ڕووداو: ئێستا لە میدیای کوردییدا دەنگۆی زۆر دەربارەی پۆستەکان بڵاودەکرێنەوە، بەپێی هەندێک دەنگۆ نێچیرڤان بارزانی لە بەغدا پۆست وەردەگرێت، ئەوە ڕاستە ؟**

**سەفین دزەیی:** دەنگۆ دیاردەیەکی باوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، زۆربەی کاتیش خەڵک هەیە لەسەر دەنگۆ دەژی، هەندێکیان ڕەنگە ڕاست دەربچن و هەندێکیشیان دوورن لە ڕاستی، وەک دەزانن لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە لیستی کوردستانی لیستی زۆرینە بوو، بۆیە ئەو لیستە کابینەی نوێ پێکدێنێت، بەڵام دەربارەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، ئەو ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتییە و کاراکتەرێکی بەهێزە و، بەهێزی کەسایەتییەکەی خزمەتی هەر شوێنێک دەکات کە لێیەتی جا لە کوردستان بێت یا لە بەغدا، تا ئێستا هیچ بڕیارێک لەبارەی پۆستەکەی نەدراوە.

**ڕووداو: من قسەم لەگەڵ هەندێ خەڵکی هەولێر کردووە ترسی ئەوەیان هەیە لەگەڵ کابینەی نوێ پشتگوێ بخرێن، لەبەرئەوەی بەرهەم ساڵح خەڵکی سلێمانییە و زۆربەی بودجە بۆ ئەوێ خەرج دەکرێ؟**

**سەفین دزەیی:** پێموابێت ئەم بۆچوونە لە جێی خۆیدانییە، ئەوەی کە سلێمانی وەک پێویست خزمەتگوزاری پێشکەش نەکراوە، لەبەرئەوە نەبووە کە حکوومەت خزمەتی سلێمانی نەکردووە، چونکە ئەنجومەنی هەر پارێزگایەک بودجەیەکی دیاریکراوی لەبەردەستدایە و بەداخەوە ئەوەی سلێمانی ئاستێکی باشیان پێشان نەداوە و دەنگۆی زۆر هەیە کە دەسەڵاتیان خراپ بەکار هێناوە، بەڵام ئەگەر تەماشای پارێزگاری دهۆک بکەیت، ئەو کاری باش دەکات و پارێزگاری هەولێریش کارێکی زۆر باش دەکات، پرسیار ئەوەیە بۆچی پارێزگاری سلێمانی نایکات؟ پێشموابێت پێش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە، ئیدارەی هەولێر نەیدەتوانی هیچ کارێک لەوێ بکات، لەبەرئەوەی سلێمانی بودجەی تایبەتی خۆی هەبوو، هەتا 2005 کە هەردوو حکومەتەکە یەکیانگرتەوە، لە 2005 بە دواوە هەندێک خزمەتگوزاری پێشکەش کراوە، بەڵام ڕەنگە لەچاو هەولێردا ئەوەندە نەکرابێت، لەبەرئەوەی هەولێر لە ماوەی چوار پێنج ساڵی ڕابردوودا گەشەیەکی گەورەی بەخۆ بینیوە و ڕەنگە ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکی باشتر و گونجاوتر، بەڵام لەو بڕوایەدام ئەو نیگەرانییەی باست کرد لە جێی خۆی نییە، هەمووەزارەتێک پێداویستییە سەرەکییەکانی خۆیان دەدەنە حکومەت و بەپێی ئەو پێداویستییانە بودجەکەیان پەسەند دەکرێت و بەو شێوەیەش ئەو بڕە بەسەر بەڕێوەبەرایەتییەکانی ناوچەکاندا دابەشدەکرێت.

**ڕووداو: لە هەڤپەیڤینێکی پێشتردا کەمال کەرکوکی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی پێیگوتم ڕەنگە لە مانگی سێ یا چواری ساڵی داهاتوو کۆنگرەی پارتی بکرێت ؟**

**سەفین دزەیی:** کاتەکە هێشتا دیاری نەکراوە، لە سەرەتای ئەمساڵدا، کۆمیتەی سەرکردایەتی پارتی کۆبووەوە و بڕیاریدا لە مانگی ئەیلول و تشرینی یەکەمی ئەمساڵ کۆنگرە ببەسترێت، بەڵام بە هۆی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی کوردستان و سەرقاڵبوون بە پێکهێنانی حکوومەت و هەڵبژاردنی نوێ لە عێراق نەتوانرا ببەسترێت.

> **ئەو بۆچوونە ڕاست نییە لە کابینەی نوێ هەولێر پشتگوێ بخرێت**

بەڵام بە دڵنیاییەوە لە کۆنگرە دەموچاوی نوێ و خوێنی تازە دێنە پێشەوە، بۆیە ڕەنگە لە بەهاری ساڵی داهاتوودا ببەسترێت.

**ڕووداو: یانی تا کۆنگرە دەموچاوی نوێ نایێنە پێشەوە؟**

**سەفین دزەیی:** کۆنگرە ڕێگە بۆ بەشداربووی نوێ دەکاتەوە، بۆ 10 ساڵ دەچێت کۆنگرەمان نەبەستووە، لەو ماوەیە سیاسەتکاری نوێ و گەنج دروست بوون، جاران بەرپرسی لقەکان ئەندامی سەرکردایەتی بوون، بەڵام ئێستا کادیری پلە مام ناوەندین و ڕەنگە لە کۆنگرەی داهاتوو ئەگەر هەڵبژێردران، ببنە ئەندامی سەرکردایەتی.

**ڕووداو: ببوورە پرسیارێکی تایبەتیت لێدەکەم، دەڵێن هاوسەرەکەت کچی ژەنەراڵێکی سەربازی تورکییە؟**

**سەفین دزەیی :** خەزوورم کە چەند مانگێک لەمەوپێش کۆچی دوایی کرد، بەڕێوەبەری ژمێریاری سەنتەرێکی بازاڕگەری (Shopping Center) بوو بۆ ماوەی 35 ساڵ بەڕێوەبەری ژمێریاری بوو. ئەو کارمەندێکی حکوومی بوو، لەبەرئەوەی سەنتەرەکە موڵکی حکوومەت بوو، پاشان خانەنشین بوو چووە کەرتی تایبەت و لە تەمەنی 77 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

**ڕووداو: لە چاوپێکەوتنێکمدا لەگەڵ موراد قەرەیلان سەرۆکی کۆنسەی سەرۆکایەتی PKK، گوتی لە بەرژەوەندی ئەمریکایە پرسی کورد لە تورکیا و ناوچەکانی دەوروبەری چارەسەر ببێت، بەڵام ئەو پێیوایە فەرەنسا و ئەڵمانیا نایانەوێت مەسەلەی کورد لە تورکیا چارەسەر بکرێت، چونکە ئەوان نایانەوێت تورکیا بچێتە نێو یەکێتی ئەوروپاوە، ڕات چییە بەرامبەر بەو بۆچوونە؟**

**سەفین دزەیی:** ئەگەر کێشەی کورد لە تورکیا بە ڕێگەی دیموکراتیانە چارەسەر بکرێت، پێویستە هانبدرێت و پێشوازی لێبکرێت. چ لەلایەن ئەمریکاوە بێت یا ئەوروپا. لەبارەی ڕۆڵی ئەمریکاشەوە، پێموابێت ئەوان بەپەرۆشن و کراوەن بەرامبەر ئەوەی تورکیا هانبدەن ئەم کێشەیە چارەسەر بکات و لە هەمانکاتیشدا پاڵپشتی تورکیایان کردووە لە کردەوەکانی دژی PKK لە ڕابردوودا، بەوەی زانیاری و هەندێ شتی دیکەیان بۆ دابین کردوون. لە بارەی ئەوروپاییەکانەوە، من لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم کە ئەوان بەپەرۆش نین بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد، دەمێکە چەند مەرجێک لە لایەن یەکێتی ئەوروپاوە دانراوە بە مەرجەکانی کۆپنهاگن ناسراون، کە داوای لە تورکیا کردووە جێبەجێیان بکات بۆ ئەوەی بخرێتە قاڵبی کاندیدکراوێک بۆ بوونی بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا. لە داهاتووشدا، شوێنی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەم ناوچەیە زۆر گرینگتر دەبێت و پێموابێت کە لەبەرژەوەندی یەکێتی ئەوروپا دەبێت ئەگەر تورکیا ببێتە ئەندامی. بەڵێ ئەوروپا هەندێ نیگەرانی هەن وەکو ئەوەی تورکیا دەوڵەتێکی 75 ملیۆن موسوڵمانە دەچێتە یەکێتی ئەوروپاوە، ئەوەش دەزانین یەکێتی ئەوروپای 10 ساڵ لەمەوپێش یەکێتی ئەوروپای ئەمرۆ نییە. یەکێتی ئەوروپای ئەمرۆ فراوانتر بووە و چیدیکە ئەو یانە نموونەییە نییە و زۆربەی هەرە زۆری پارچە کۆنەکانی یەکێتی سۆڤیەت چوونەتە نێوی و بەشێوەیەکی بەرچاو ژمارەی ئەندامەکانی زیادی کردووە. بەڕای من تورکیا ڕۆڵێکی گرینگتری هەیە لەچاو هەندێ لەو وڵاتانە، تورکیاش لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە پشتی لە ڕۆژهەڵات کردووە و تەماشای ڕۆژئاوای کردووە و ماوەیەکی زۆریشە ویستوویەتی بەشێک بێت لە یەکێتی ئەوروپا و زیاتر لە 15 ساڵە ئەندامی ناتۆیە و دووەم گەورەترین سوپایە لە ناتۆدا و لەگەڵ ئەوەش شوێنێکی شتراتیژی لەم ناوچەیە هەیە. بێجگە لە گرینگی سیاسی و کۆمەڵایەتی، تورکیا گرینگییەکی ئابووریشی بۆ یەکێتی ئەوروپا هەیە. تورکیا خاڵی دابەشکاری وزە بووە و دەبێت نەک تەنیا لە ناوەڕاستی ئاسیا، بەڵکو لە ناوچەی کاسپیەن و نەبوکۆ، هەروەها تورکیا شوێنێکی بەرژوەندارەودەیکاتە خاڵی دابەشکاری وزە بۆ ئەوروپا. لەبەرئەوە پێموایە ئەمە یارمەتیدەر دەبێت لە کاندیدکردنی

> **دەنگۆی زۆر هەیە پارێزگاری سلێمانی دەسەڵاتی خراپ بەکار هێناوە**

تورکیا بۆ بوونی بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، هەروەها بە چەند گۆڕانکارییەک و ریفۆرمکردنێک تورکیا دەگاتە ئاستی ئەو مەرجانەی بۆی دیاری کراوە و ئەمەش ڕێگا خۆش دەکات بۆ بوونی بە ئەندام. بێگومان وەک ئاماژەم پێدا لە چەند لایەنێکی ئەوروپی نیگەرانی هەیە، بەڵام پێموایە قازانجی تورکیایە بچێتە یەکێتی ئەوروپا و بەتایبەتی منیش لە ڕووی ڕوانگەی کوردەوە قسە دەکەم و ئێمە وەکو عێراق بەگشتی و کورد بەتایبەتی دەبینە دراوسێیەکی ڕاستەوخۆی ئەوروپا و هەروەها کێشەی کوردیش لە تورکیا دەتوانرێت چارەسەر بکرێت بەرێگایەکی ئاسانتر، یارمەتیدەریش بۆ سەقامگیری ناوچەکە.

**ڕووداو: زۆر لایەن بۆچوونی خۆیان لەسەر نەخشەڕێگای ئۆجەلان هەبوو، ئایا ئێوە وەکو پارتی هیچ قسەو تێبینییەکتان لەمبارەیەوە هەیە؟**

**سەفین دزەیی:** ئێمە بەوردی چاودێری بارودۆخەکە دەکەین، هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر شەڕ وتووندوتیژی زۆر ڕوون و ئاشکرایە و پێمانوایە ئەوە ڕێگایەکی باش نییە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان، ئێمە باسمان لە بەستنی کۆنفرانسێکی کوردی کردووە لەژێر چاودێری سەرۆک بارزانی، بەڵام کێشەی PKK کێشەیەکی نێوخۆیی تورکیایە، تورکیا باشترین لایەنە بۆ چارەسەرکردنی، ئێمە هەموومان دەتوانین یارمەتییان بدەین، ئەگەر پێویستیان پێی بێت.

**ڕووداو: کەواتە ئێوە هیچ پێشنیازێکتان بەرامبەر نەخشەڕێگای ئۆجەلان پێشکەش نەکرد؟**

**سەفین دزەیی:** نەخێر، بەڵام ئەگەر ئەم کۆنفرانسە کوردییە بەڕێوەبچێت، هەموو بارودۆخەکە باس دەکرێت و هەڵدەسەنگێنرێت لەوەی تورکیا چی دەکات و بەنیازی چییە و باس لە پێشنیازەکان دەکرێت و هەروەها گفتوگۆ لەبارەی بۆچوونی PKK و DTP و لایەنە کوردییەکانی دیکەی تورکیاش دەکرێت، هەموو ئەمانە لە کۆنفرانسەکە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

**ڕووداو: بەڵام کۆنگرە نابەسترێت هەتا هەڵوێستی تورکیا ئاشکرا نەبێت؟**

**سەفین دزەیی:** بەڵێ، دەبێ بزانین هەڵوێستی تورکیا چییە لە چارەسەرکردنی پرسی کورد و ئایا ئەوان ئامادەن تا کوێ بڕۆن و مەرجەکانی PKK چییە بۆ چەکدانان، بەگشتیی مەبەستی ئەو کۆنفرانسە ئەوەیە کە شەڕ ڕەتبکاتەوە و ئاشتی بچەسپێنێت.

**ڕووداو: بۆزان تەکین جێگری سەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردستان KCK دەڵێ ئێمە داوا دەکەین وەک چۆن لە عێراقدا پێشمەرگە هێزێکی فەرمییە، ئەوانیش هێزێکی بەرگرییان هەبێت لەژێر کۆنترۆڵی سوپای تورکی، پێتوایە ئەگەر مەسەلەی کورد چارەسەر بوو، شتێکی لەو شێوەیە لە تورکیا دروست دەبێت؟**

**سەفین دزەیی:** ئەگەر چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەم کێشەیە هەبوو ئەگەریش گونجاو بێت بۆ ئەوەی PKK چەکدابنێت، پێموابێت پێویست ناکات ئەوان چەکیان هەبێت، بارودۆخی کوردی تورکیا جیاوازترە لە بارودۆخی کورد لە عێراق، کوردەکانی تورکیا ئەو داواکارییانەیان نییە کە کوردی عێراق داوا دەکەن، بۆیە هێشتنەوەی هەر هێزێکی چەکداری تەنیا گومان دەخاتە مێشکی لایەنە پەیوەندیدارەکان. بۆیە ئەگەر چارەسەرێکی گونجاو و لۆجیکی هەبوو، پێموابێت هیچ پێویست بە هێشتنەوەی چەک ناکات.

# مام ڕۆستەم دەڵێ زۆربەی خەڵکی کەرکووک پشتیوانی لە لیستی گۆڕان دەکەن

**ولادیمێر فان ولخنبێرخ**
**ڕووداو–سلێمانی**

مام ڕۆستەم کە پێشمەرگەیەکی کۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، ئێستا کار بۆ سەرکەوتنی لیستی گۆڕان دەکات لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییە داهاتووەکەی عێراق بەتایبەتی لە ناوچەی کەرکووک کە خۆی خەڵکی ئەوێیە.

مام ڕۆستەم زۆربەی ژیانی لە پێشمەرگایەتیدا بەسەربردووە لە نێوان ساڵانی 1976–1991. لە کاتی ڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێن لە ساڵی2003، ئەو لەگەڵ چەندین پێشمەرگە لە شاری کەرکووک بوو، بەڵام دواجار نەیتوانی ئەو شارە بگەڕێنێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. چونکە دوای سێ ڕۆژ مانەوە لە کەرکووک، ئەمریکییەکان لێیان پرسی کە ئەو لەوێ چ دەکات و بۆ لە کەرکووکە. مام ڕۆستەم دەڵێ " بە ئەمریکییەکانم گوت ئێرە کوردستانەو خاکی خۆمانەو قودسی کوردستانە و بەجێی ناهێڵین، بەڵام دوای چەند کاژێرێک مام جەلال تەلەفۆنی کردو گوتی دەبێ بگەڕێنەوە و کەرکووک بەجێبێڵن". ئەو پێشمەرگە دێرینە ڕوونیدەکاتەوە کە ئەو، ئەو کاتە نەیدەتوانی بە مام جەلال بڵێت فەرمانەکە جێبەجێ ناکات " چونکە مام جەلال ئەوکات سەرکردەمان بوو".



> **زۆربەی پێشمەرگە دێرینەکان پەیوەندییان بە لیستی گۆڕانەوە کردووە**

تاڵەبانی ئێستا چیتر سەرکردەی مام ڕۆستەم نییە" کۆمەڵێک هۆ وایان لێکردم واز لە یەکێتی بێنم، بەڵام هۆی سەرەکی گەندەڵی بوو، جاران پێشمەرگە سەروماڵی خۆی دەکردە قوربانی، بەڵام ئێستا کەس ئەوە ناکات". ئەو دەڵێ زۆربەی پێشمەرگە دێرینەکان ئێستا پەیوەندییان بە گۆڕانەوە کردووەو لە جیاتی ئەوەی پارە وەربگرن پارەی خۆشیان لەپێناو گۆڕاندا خەرج دەکەن.

پرسی کەرکووک و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان یەکێکە لە کێشەکانی نێوان کوردستان و بەغدا، لەمبارەیەوە مام ڕۆستەم دەڵێ " ئێمە کار بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 دەکەین و دەمانەوێ کەرکووک بکەوێتەوە دەست خەڵکی کەرکووک خۆی، ئێمە بە یەکسانی کار بۆ هەموو عێراقییەکان دەکەین، کار بۆ هەموو کەرکووکییەکان دەکەین بە کورد و تورکمان و عەرەبەوە".

هەندێ لە چاودێرانی بیانی پێشبینی سەرهەڵدانی شەڕی نێوخۆ دەکەن لە نێوان کورد و عەرەب لە عێراقدا، ستیفن بیدل لە ڕێکخراوی تینک تانکی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە مانگی پێنجدا هۆشداری ئەوەیدا کە شەڕی نێوخۆ لە نێوان کورد و عەرەبدا دروست دەبێت، بەڵام مام ڕۆستەم ئەو ئەگەرە بەدوور دەزانێ " پتر لە هەشتا ساڵ شەڕ هەبووە، ئێستا دەمانەوێ بە ڕێگەی گفتوگۆ و دیالۆگ و بە شێوازێکی دیموکراتیانە کێشەکان چارەسەر بکەین".

مام ڕۆستەم ڕەخنە لە پارتی و یەکێتی دەگرێت کە دەستیان بەسەر ئابووری کوردستاندا گرتووە و پرۆژەی خزمەتگوزاری کەمیشیان پێشکەشی خەڵک کردووە "بودجە لە بەغدا وەردەگرن و بە ئارەزووی خۆیان خەرجی دەکەن، بەڵام ئێمە بودجەمان بۆ خۆمان و گیرفانی خۆمان ناوێ، لە کەرکووک هیچ پرۆژەیەک نەکراوەو کەس هاوکارییان ناکات".

لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییە داهاتووەکەی عێراق کە بڕیارە سەرەتای ساڵی داهاتوو ئەنجام بدرێت، لیستی گۆڕان بە پێی قسەی مام ڕۆستەم بۆ هەموو نەتەوەکان کراوەیە، بەدووریشی زانی فرە لیستی کورد کێشە بۆ پرسی کەرکووک دروست بکات "بوونی لیستی سەربەخۆ زۆر باشە". بۆ خۆ ئامادەکردنیش بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق، مام ڕۆستەم نانی ئێوارەی لەگەڵ ژمارەیەک سەرۆک خێڵی عەرەب و تورکمان خوارد، کە کاتی خۆشی هەمان کاری دەکرد بۆ ئەوەی دەنگ بە یەکێتی بدەن.

> **لەبەر گەندەڵی وازم لە یەکێتی هێنا**

مام ڕۆستەم لەوباوەڕەدایە لیستی گۆڕان زۆر لە سلێمانی زیاتر، جەماوەری لە کەرکووک هەیە "چونکە خەڵکی کەرکووک دڵنیان کە ئێمە یارمەتییان دەدەین چونکە گۆڕان بۆ هەموو خەڵکە بۆیە هیوادارم ئەمجارە دەنگی زیاتر بەدەست بێنین"

لیستی گۆڕان زیاتر جەخت دەکاتە سەر کێشە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان و پرسی کەرکووک نەک کێشەی کورد لە وڵاتانی دەوروبەر، لەمبارەیەوە ئەو دەڵێ "ئێستا ئێمە سەرقاڵی هەڵبژاردنەکانی عێراق و کێشەکانی نێوخۆی کوردستان و مەسەلەی کەرکووکین، کە هەڵبژاردن تەواو بوو قسە لەسەر پرسی کورد لە تورکیا و شوێنی تریش دەکەین".

سەرەڕای ئەو چالاکییانەی دەیکات، مام ڕۆستەم بەتەمای وەرگرتنی هیچ پۆستێک نییە لە ناو لیستی گۆڕان "من کاری خۆم کردووە و هیچ شتێکم ناوێت لە دوارۆژدا بەڵکو تەنها خزمەتی میللەتەکەم دەکەم".



## هونەر

### دەلال بەوەفایە



رووداو- زاخۆ
گۆرانیبێژ دەلال زاخۆیی لەبارەی دوایین بەرهەمی خۆی بە(رووداو)ی راگەیاند ئێستا سەرقاڵی تۆمارکردنی ئەلبوومێکە لە 10 گۆرانی پێکهاتووەو لەسوێدو تورکیاو کوردستان تۆمار دەکرێت. دەلال ئاماژەی بەوەشدا لەبەرهەمەکەیدا کاری لەسەر دوو گۆرانی سۆرانی کردووە و گۆرانیەکیشی هی هونەرمەندی کۆچکردوو (محەممەد شێخۆ)یە بەنێوی (بەردلێ من پر شیرینە)، دەلال دەڵێت "وەکو وەفایەک بۆ محەممەد شێخۆ ئەو گۆرانیەم گوتووە".

## هونەرمەند هولیا ئاڤشار:

# باوکم بە نهێنی گوێی لە گۆرانی کوردی دەگرت

**مێژووی هونەری تورکیا لە رەگەزی مێ دوو ناو زۆر بە زەقی تێیدا دیارن، ئەوانیش : هولیا ئاڤشار و سیبەل جانن. هولیا لە باوکییەوە کوردە و سیبەلیش تورکە بنەماڵەی ئاڤشار، بنەماڵەیەکی کوردپەروەرن، بەڵام هولیا بەهۆی ئەوەی دایکی تورکە، هەست بە گیرۆدەبوونێک دەکات لە رەگەزەکەیدا. سینەماکار، گۆرانیبێژ و پێشکێشکاری بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان هولیا ئاڤشار، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رۆژنامەی (Milliyet)ی تورکیدا هیچ کام لە رەگەکانی رەتناکاتەوەو هەستدەکات تورکێکی بە رەگەز کوردە.**

**رووداو-ئەنقەرە**

**Milliyet: ئێوە کوردن یان تورکن، یەکەم جار کەی هەستت بە پێویستی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە کرد؟**

**هولیا:** یازدە یان دوازدە ساڵان بووم . ئەوکات ماڵمان لە ئەنقەرە بوو، کاتێک لە ئاوێنە سەیری خۆم دەکرد، سەرنجمدا دیتم قۆڵتاییەکی بچووک بەسەر روومەوە ماوە. بە منداڵی مێکوتەم لێ هاتبوو، لە دایکی خۆم پرسی ئەوە ئاسەواری مێکوتەیە؟ گوتی: نا ئەوە زیپکەی رۆژهەڵاتی پێدەڵێن. زیپکەی رۆژهەڵات چییە دایە گیان؟ ئێستا بەباشی

## ئەز تورکێکی بە رەگەز کوردم

بەبیرم نایێتەوە دایکم چی گوت، بەڵام هێندەم وەبیرە کە گوتی جۆرە مێشوولەیەکە بە زۆری بەو خەڵکانەوە دەدات کە لەو ناوچەیە ژیاون.

**Milliyet: کام ناوچە؟**

**هولیا:** قارس- ئەردەهان، یان راستتر وایە بڵێم گوندی هاس. کاتێک تەمەنم شەش مانگان بووە لەگەڵ دایک و باوکم ماوەیەک لەوێ ژیاوین و ئەم میشوولەیەش هاتووە بە منی وەداوە. دوای ئەوەی گوێبیستی ئەم چیرۆکە بووم، ئەو ناوچەیە زیاتر سەرەنجی رادەکێشام. لەکاتی گێڕانەوەی هەر چیرۆکێک ئەو هەرێمە زیاتر سەرنجی رادەکێشام. ئەمەش وایکرد زیاتر لێکۆڵینەوەو پرسیار بکەم. بۆچی باپیرم ناوی ئاپۆیە؟ بۆ بەباوکی دایکم دەڵێن دادوک؟ بۆ نەنکم بانگم دەکات (مەلەکان) واتە قژزەرد؟ خوشکەکەم ناوی لەیلایە، بەڵام بە مشکی بانگیان دەکرد، یان باوکم ناوی جەلالە، بەڵام ئەویشیان بە عەلۆ بانگ دەکرد؟

**Milliyet: ئایا لەکاتی دروستبوونی ئەو مەستەدا تۆ خۆشحاڵ بووی یان سەخڵەت دەبووی؟**

**هولیا:** بەپێچەوانەوە، کاتێک بەم چیرۆکانە خۆشحاڵ دەبووم زیاتر دەرکم بە شتەکان دەکرد. مامەکانم، پوورەکانم لە خوارەوەی ماڵی ئێمە لە چەند با لە خا نە یە ک نیشتەجێ ببوون، ئەو کەشوهەوایەی لەماڵی ئەوان هەبوو زۆر دڵخۆشی دەکردم.

**Milliyet: هەمووی هەر کەیف و خۆشی بوو؟**

**هولیا:** نەخێر وانەبوو. بۆ نموونە ئەم باسەم نە لە قوتابخانە و نە لە کۆڵان بۆ کەس نەدەگێڕایەوە. دەترسام، هەستم دەکرد نابێ باسی بکەم. چونکە باوکم ئەو کاتە لە بانک کاری دەکرد و لەسەر ئەوەی کە کوردبوو بەردەوام کێشەیان بۆ دروست دەکرد و، بەردەوام لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەیانگواستەوە. منیش گوێم لەو شتانە دەبوو کە بەسەری دەهاتن. رۆژێکیان، باوکم کاتێک گەڕایەوە ماڵەوە زۆر تووڕەبوو . چونکە لەو کاتەی لەناو پاس بووە بە کوردی قسەی کردبوو، بەوهۆیەوە لەگەڵ ئەو کەسەی لە تەنیشتی دانیشتووە دەبێتە مشتومڕیان. شوفێری پاسەکە باوکم و ئەو کەسەی تەنیشتی دێنێتە خوارەوە. باوکم کە گەڕایەوە ماڵەوە ئەو رووداوەی بۆ گێڕاینەوە. دیسان فەوزی ئاڤشاری مامم لەنەخۆشخانەیەکی ئەنقەرە دکتۆر بوو، ئەویش لەسەر مەسەلەی قسەکردن بە کوردی گواسترابووەوە شوێنێکی دیکە. مام تائێستاش بە کوردی قسە لەگەڵ منداڵەکانی دەکات.

## بەبەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە کورد زۆر کەمتر رووبەڕووی ژنەکانیان دەبنەوە

**Milliyet: ئەی تۆش وەکو ئەوانی؟**

**هولیا:** نەخێر من وەک ئەوان نیم. کاتێک باوکم بەم مەسەلانە تووڕە دەبوو منیش لەو زیاتر تووڕە دەبووم، بەڵام من لە گۆشەیەکی دیکەوە سەیری مەسەلەکانم دەکرد.

**Milliyet: ئایا ئەمە بەهۆی ئەوە نییە کە دایکت تورکە؟**

**هولیا:** بێگومان. دایکم لەسەر کولتوورێکی میانڕەوانە ئێمەی رادەهێنا، دەیویست لە ناوەندی مەسەلەکان جێبگرم. دووەمیشیان من لە ئەنقەرە گەورەبووم. جگە لەمانەش ئەوان راستەوخۆ لەنێو رووداوەکاندابوون.

**Milliyet: ئایا لەنێو خێزانەکەتدا هیچ فەرامۆش کراوی، یان لەبەرئەوەی دایکت تورک بووە هەستت بەوە کردووە پێت بڵێن "تۆ لەئێمە ناگەی" ؟**

**هولیا:** نەخێر، زۆر خۆشەویست بووم، بەردەوام پشتگیرییان دەکردم. جگە لەمە لەو بارەیەوە باوکم زۆر باڵادەست بوو. واتە زۆر نیگەران بوو، بەڵام بەردەوام ئەو نیگەرانیەی خۆی لە ئێمە دەشاردەوە. بەتایبەتی ئێستا هەستی پێدەکەم، زۆر بە وردی رەفتاری لەگەڵ ئێمە دەکرد.

## باوکم کوردێکی تۆخ بوو

**Milliyet: چۆن؟**

**هولیا:** باوکم کوردێکی تۆخ بوو. هیچ ناهەقییەکی پێ قەبوڵ نەدەکرا. واتە ئەویش یەکێک بوو لە ئەوان. رێزی لە رەوشی سیاسی بنەماڵەکەی دەگرت. ئەگەر دەرفەتیان بۆ رەخساندبا لەوانەیە ئەویش بەدوای ئەواندا بچووبایە.

**Milliyet: بۆ کوێ دەچوو؟**

**هولیا:** بنەماڵەکەی بە کاری سیاسییەوە خەریک بوون. ئەوان ئامانجیان ئەوەبوو رۆژێک بێت سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە بڵێ:"وەرن با دۆستایەتی بکەین، ببینە خۆشەویستی یەکتر، باکەس گیانی کەسێکی دیکە نەسووتێنێت". هەموو ئامانجیان ئەوەبوو ئەو رۆژە ببینن. واتە تا ئەوپەڕی هاوچەرخانە بیریان دەکردەوە. لە ئەنجامدا ئێمە لەڕووی سیاسییەوە بنەماڵەیەکی فرە نەتەوەین.

**Milliyet: ئایا قەت چوونەتە چیا، سەرێکیان دابێ یان دواتر گەڕابنەوە؟**

**هولیا:** وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بۆ بنەماڵەکەمان زۆر زەحمەتە. نازانم.

**Milliyet: کاتێک دەربارەی مەسەلەی تورکایەتی و کوردێتی قسەیان دەکرد، ئایا قەت تووشی ئەو هەستە نەبووی کە کەوتبیە نێوەڕاستەوە واتە نە ئەم بی و نە ئەو؟**

**هولیا:** ئێستا هەست بەوە دەکەم. چونکە من لە تەواوی تەمەنی خۆمدا تا ئەمڕۆ لەگەڵ کەس ئەو باسەم نەکردووەتەوە. جگە لە یەک دوو کەسی زۆر نزیکی خۆم نەبێت، ئەو مەسەلەیەم بەم شێوەیە بۆ کەس باس نەکردووە.

**Milliyet: لەبەرئەوە بووە کە بە پێویستت نەبینیوە ئەو مەسەلانە باس بکرێن؟**

**هولیا:** بێگومان پێویست نەبووە. بەڵام ئەمڕۆ گەیشتووینەتە قۆناخێکی وا کە ئەگەر نەیانڵێم بێبەری دەکرێم، هەروەها کاتێک قسە دەکەم هەوڵدەدەم سەردەمیش ببێتە شاهێد. لە رەوشێکی نا سەقامگیر و رارادا دەژیم، یەکەم جارە ئەو هەستەم لەلا گەڵاڵە دەبێت. نامەوێ لەسەر ئەوەی من کوردم یان تورک قسە بکەم، تکاتان لێدەکەم ئەو تێبینیەم لە نووسینەکەتدا بنووسە.

**Milliyet: بۆ کێ؟**

**هولیا:** بۆ هەموو بنەماڵەکەم . کاتێک ئەو ریپۆرتاژە دەخوێندرێتەوە شەرم لە بنەماڵەکەم دەکەم. من تائێستا لە بەرامبەر مامم پێ ناخەمە سەر پێ، تا مامم دانەنیشێت دانانیشم، لەبەرئەوە ناچارم سەرنجتان بۆ لای هەندێک شت رابکێشم.

**Milliyet: تۆ کوردی یان تورک؟**

**هولیا:** تائێستا هیچ بیرم لەوە نەکردووەتەوە، بەڵام لەگەڵ هاتنە ئارای ئەو رووداوانە دەستم بە ساخکردنەوەی ئەو مەسەلەیە کردووە. نە ئەمە بە تەنیا، بەڵکو بانگتان دەکەم و دەڵێم وەرن بابەیەکەوە ساخیبکەینەوە. بە راستیشمە دەڵێم فەرموون ساخیبکەنەوە من چیم؟



**پێ ناخەمە سەرپێ:** هولیا دەڵێ ئەوە پەیوەستە بە هەندێ نەریتی کۆمەڵایەتییەوە، لەبەر ئەوە ئێستاش لەبەرامبەر مامی پێ ناخاتە سەر پێ

**Milliyet: باشە بەیەکەوە ساخیدەکەینەوە، بەڵام پێویستە پێشوەخت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەیەوە، ئایا تۆ هاتنە پێشەوەی پرسیاری: (من چیم) بە پێشکەوتنێکی باش یان خراپ لەقەڵەم دەدەی؟ ئایا بەڕای تۆ زەقبوونەوەی ناسنامە شاراوەکانی مرۆڤ شتێکی باشە، یان ئەوە باشتربوو کە کەس پرسیاری: (تۆ چی) لەوەیتر نەدەکرد؟**

**هولیا:** بەڕای من بەشی سێیەمینی پرسیارەکەت باشتربوو. واتە وەکو پێشتر کە ناسنامەی نەتەوەیی دیارنەبوو، بەڵام زەقنەبوونەوەی ناسنامەی نەتەوەیی بەهۆی ئەوە نەبوو کە قەدەخەبوو، بەڵکو بەهۆی

## وەک مەسەلەی کولێرە بەرۆن و زەیتی زەیتوون تەماشای کێشەی کورد دەکەم

ئەوەبوو هەموو کەس لە ژیانیدا خۆشحاڵ بوو و بە پێویستی نەدەبینی لەم بارەیەوە قسە بکات. بەڕای من ئەمەیان رێگەی هەرە راستەو بێگومان لە کۆتاییشدا دەگەڕێینەوە سەر ئەم خاڵە.

**Milliyet: بەڵام ئێستا سەرگەردانن؟**

**هولیا:** بێگومان سەرگەردانم. بۆ ئەمەش من کێمە، تکاتان لێدەکەم ناوێکم بۆ دابنێن. واتە کارەکە گەیشتووەتە ئاستێک وەکو ململانێی قارسییەکان- ئەردەهانییەکانی لێهاتووە. ئەردەهانیەکان دەیانگووت ئێمە ئەردەهانین، بەڵام کاتێک ئەو پرسیارەیان لەمن کرد گوتم من خەڵکی قارسم، زمانم رێگام پێنادات بڵێم ئەردەهانیم. ئەگەر نا بۆ من جیاوازی لە نێوان هەردووڵادا نییە.

**Milliyet: بەڵام ئەی ئەگەر ئەمڕۆ ئەو پرسیارەت لێبکرێت؟**

## گوێگرتن لە گۆرانی کوردی بۆ من بووەتە پێویستیەکی ژیان

**هولیا:** تورکم، بەڵام کوردبوونیش لە مندا هەیە.

**Milliyet: ئایا بۆ ئەمە دەستەواژەی "تورکی بەرەگەز کورد" گونجاوە؟**

**هولیا:** بەڵێ، بەڕاستی تورکایەتیش هەیە. ئەوکات با کوردو تورک لەسەر کاخەز بێنینە لای یەکتر. بێگومان ئەوکات دەستەواژەیەکی هاوبەش دەدۆزینەوە.

**Milliyet: چ سیفەتێکی کوردبوونت لە باوکتەوە بۆ ماوەتەوە؟**

**هولیا:** کورد بە گوێرەی نەتەوەکانی دیکە زۆر کەمتر رووبەڕووی ژنەکانیان دەوەستنەوەو زۆر پەیوەستن بەخێزانەکانیانەوە. ئەو تایبەتمەندییەش راستەوخۆ کاری لەمن کردووە. دووەمیان گۆرانی کوردی، ئەگەر هەموو رۆژیش نەبێت، ئەوا بەدڵنیایی لەنێو 15 رۆژ دا، جارێک گوێ لە گۆرانی کوردی دەگرم. ئەمەش بۆ من پێویستیە، چونکە بەم شێوەیە گەورەبووم. باوکم لە ماڵەوە زۆر بەنهێنی گوێی لە گۆرانی و کاسێتی کوردی دەگرت .

**Milliyet: باشە لە دایکت چیت بۆ ماوەتەوە؟**

**هولیا:** وەکو خەڵکی باڵکئەسیرو ئایڤاڵک زۆر حەز لە ژیان دەکەم . حەز لە دەریا دەکەم. گیا و زەیتی زەیتونەکەیم زۆر پێخۆشە . لەلایەنی باوکیشمەوە بە کولێچەکانیان سەرسامم. تا ئێستاش تامی ئەو نانە بە رۆنەی پوورەکانم لەدەممدا ماوە .

**Milliyet: واتە تۆ دەتەوێت رۆنی کەرە و زەیتی زەیتون تێکەڵاوبکەی؟**

**هولیا:** بەدڵنیاییەوە رەوشی من ئەوەیە. من وەک جیاوازیکردن لە نێوان ئێتنەکان سەیری مەسەلەی کورد- تورک ناکەم، من وەکو مەسەلەی کۆلێرە بە رۆن و زەیتی زەیتون ئەو مەسەلەیە دەگرمە دەست. لەو باوەڕەدام ملیۆنانی وەکو منیش لەدایک بوونە، هەزاران منداڵ لە تورکیا هەن کە هەمان هەستی منیان تێدا بەرجەستە بووە.

**Milliyet: وابزانم تائێستا یوکسەل ئاڤشاری کچەمامت، جێگری شەرەفەدین ئالچییە (سەرۆکی حیزبێکی کوردییە)؟**

**هولیا:** بەڵێ، بەڵام یوکسەل زۆر جیاوازە. ئەو زۆر بەتوانایەو زۆر واقیعبینە.

**Milliyet: لە خێزانێکی ئەوەندە کوردپەروەریت، دایکت وەکو بووکی کوردان چۆن ژیانی بەسەربردووە؟**

**هولیا:** لەلایەک هیچ کاتێک بنەماڵەی باوکم بیریان لەوە نەکردبووەوە بووکێکی تورکیان هەبێت، بنەماڵەی دایکیشم زاوای کوردیان نەدەویست، لەبەرئەوە دایکم هەڵدێت و ناچار دەبێت شوو بکات. جگە لەم چەند هاوسەرگیریەی دوایی لەبنەماڵەی ئاڤشار تەنیا دایکم تورکە.

**Milliyet: واتە لەوێش گوشاری کۆمەڵایەتیت هەبوو؟**

**هولیا:** ناتوانم ئەو ناوەی لێ بنێم، بەڵام ئەوانەی لە دەوری دایکم بوون هەموو بەکوردی قسەیان دەکرد. گەیشتبووە رادەیەک کە دایکم لە کوردی دەگەیشت.

**Milliyet: ئایا خزمانی دایکت هیچ کاتێک هێرشیان هێنا بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆیان لە کورد بکەنەوە؟**

**هولیا:** نەخێر، بەڵکو تەنیا هەستم پێ کرد، ئەمەش شتێکی زۆر تایبەتە. باوکم لەگەڵ 14 خوشک و براکەی، لەگەڵ دایکم و پوورەکانم کەمێک بە خراپی رەفتاریان کردووە. ئەمە لەکاتی خۆی روویداوە، بەڵام دایکم هیچ کاتێک ئەمەی لەبیر نەدەکرد. ئەم رەوشەش وەکو ئەوەی تۆ باسی لێوەدەکەی وەهایە.

**Milliyet: واتە وەکو کێشەی کورد- تورک بووە؟**

**هولیا:** بەڵێ، رەنگدانەوەیەکی بەم شێوەیەی هەبوو. واتە لەبەرئەوەی دایکم کچی تورکان بوو بەخراپی رەفتاریان لەگەڵ دەکرد. بێگومان کاتی خۆی بەوە نیگەران بووم. جگە لەوە لەلای هیچ کوردێک تورکبوونی خۆی نیشان نەدا . نازانم، لەوانەیە بەهۆی دایکمەوە بێت لەلای من قسەیان نەدەکرد، بۆ ئەوەی دایکم بەسەر خۆی نەشکێتەوە. کورد هەموویان بەتایبەتی بنەماڵەی ئاڤشار زۆر میانڕەوبوون. لەبەرئەوەی لەنێو ئەوان گەورەبووم ئەمە ناڵێم، بەڵکو ئەوان حەز لە شکاندنەوەی بەرامبەرو سەرکۆنەکردن ناکەن. واتە دەبێ رۆژهەڵاتییەکان زیاتر ئەو تایبەتمەندییەیان زەقبکەنەوە، رۆژئاواییەکانیش دەبێ واز لە گومانەکانیان بێنن و ئەوە بزانن کە رۆژهەڵاتییەکانیش دەگونجێن، کاتی ئەوە هاتووە کە دەبێ بزانین ئەوان کەسانێکی باشن.

## یەکەمجار لە 12 ساڵیدا لە قۆڵتێکی سەر روومەتمەوە بە دوای رەگەزی خۆمدا چووم



## تاراوگە




**ڕووداو- پلیماوس**
شەوی 2009/8/25 لە شاری پلیماوس لە بەریتانیا شەڕێک لەنێوان چەند کوردێک ڕوویدا ولە ئەنجامدا یەکێکیان بەر چەقۆدرا وئێستا لە ژێرچارەسەریدایە. پۆلیس تا ئێستا حەوت کوردی بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەستگیرکردووە بەڵام هۆکاری شەڕەکە ئاشکرانەکراوە.

### چیرۆکی سێ کورد کە لە مەکسیکەوە بە قاچاخ دەچنە نێو ئەمریکا

# ئاوات لە هەولێر لە دەست مەلایەکی توندڕەو هەڵهات و لە ئەمریکا دەستگیرکرا

**تۆد بێنسمان**
**پیرساڵ-تەکساس**

یەکێکیـان لە شـاری هەولێـری عێراق هەڵهاتـووە، چونکـە چەکداری ئیسـلامی هەڕەشـەی کوشتنیان لێکرد، لەسەر ئەوەی هاوڕێتی مەسیحییەکانی ئەو شارەی کردووە. یەکێکـی دیکەیـان لـە شـاری کەرکووک رایکردووە، دوای کوشـتنی باوکی و ڕفاندنی براکـەی بەهۆی پێوەندیـان بە حکوومەتی ڕژێمی سـەدام حوسـێنەوە، سێیەمیشیان ڕێگـەی هەڵهاتنـی گرتەبـەر دوای ئەوەی توندڕەوەکانـی تووڕە کردبوو بەوەی وەڵامی داواکاریی مەلایەکـی نەدابووەوە بۆ جیهاد کردن.

ئەمە چیرۆکی سێ کوردی عێراقییە کە لە خاکی خۆیان هەڵهاتوون و دوای گەشـتێکی دووردورێژی نێو مەکسـیک و مەلەکردن لە ڕووباری ڕیۆ گراندێ، ئێستا لە بەندیخانەیەکی فیدراڵی لەم شـارۆچکە بچووکەی باشووری ویلایەتی تاکساس لە ئەمریکا دەستبەسەرن.

چیرۆکی وشـیار محەمەد ساڵەح، مەجید عەزیز پیرۆت و ئاوات محەمەد قادر نموونەی ئەو دیاردە دەگمەنەی جمووجۆڵی بەقاچاخی پەناخوازی عێراقی دەردەخات لەسەر سنووری ئەمریکا و مەکسـیک لەدوای ساڵی 2003 و کاتی هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق.

لە بەندیخانەی پێرسـاڵ، وشیار، مەجید و ئاوات بۆیان ئاشـکرا بوو کە سێ هاوڵاتی دیکەیان لەم بەندیخانەیە هەیە و بەپێی قسەی بەرپرسـانی کاروباری پەنابەرێتی ئەمریکی زۆری دیکەش بەم دەروازەیەدا تێپەڕیوون.

ئـەوان دەڵێن کە یەکی بـڕی 20 هەزار دۆلاریـان داوەتە قاچاخچییەکـی تورکی بۆ ئەوەی ڤیزای مەکسـیک و کرێی فرۆکەیان بـۆ دابین بکات بۆ ئەوەی نزیکیان بکاتەوە لە ناوچەی ڕیۆ گراندێ کە نزیک سـنووری مەکسیک-ئەمریکایە. تۆماری دادگای پێشانی دەدات ئـەوان لە 12 /2009/3 پەڕیونەتەوە بەرەو ناوچەی ماکئالان، دوای پێنج مانگیش ئـەوان چاوەڕێی هەڵێکن بۆ ئـەوەی داوا لە دادوەر بکەن بۆ بەخشـینی مافی پەنابەری سیاسی پێیان.

ژمارەیەکی زۆری عێراقی بە ڕێگەی یاسایی هاتوونەتـە نێـو شـارەکانی ئەمەریکاوە و ئەمەش خەڵکێکی زۆر بیسـتوویەتی، بەڵام کەمتر بایەخ بەو عێراقیانە دراوە کە بە قاچاخ دێنە ئێرەوە.

لەمبارەیەوە مەجید گوتی" دەزانم ئەمریکا عێراقی زۆری هێنـاوە بۆ ئەوەی لێرە بژین، منیش دەمەوێت یەکێک بم لەوانە".

ژمـارەی تەواویـان دیاری نییـە، بەڵام ئامارەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە لێشـاوەکە بچووکە، بەڵام بەردەوامە. بەپێی ئاماری هێزی پاسەوانی سەر سنووری ئەمریکی ئاماژە بەوە دەدەن کە لەنێوان سـاڵانی 2003 بۆ 2008 نێزیکەی 200 عێراقی دەستگیرکراون، ئەمەش ئەو عێراقیانە حیساب ناکات کە گەیشتوونەتە شوێنی خۆیان و دەستگیر نەکراون یا ئەوانەی گەیشتوون و پاشان دەستگیر کراون. بەپێی ڕاپۆرتێکی ئاسایشـی نیشتمانیش لە نێوان سـاڵانی 2003 بـۆ 2008، 964 عێراقی لە ئەمریکا دۆزیووەتەوەکـە دەبێ دەربکرێن و هەر لەو ماوەیەشـدا نێزیکەی 2278 عێراقی داوای مافی پەنابەرێتیان کردووە.

ئەو عێراقیە دەسـتگیرکراوانە بە دەگمەن ڕەزامەندی لەسەر چاوپێکەوتن دەدەن، بەڵام ئەم سـێ دەستبەسەرەی پێیرسـاڵ ڕازی بوون بەسەرهاتی خۆیان بگێڕنەوە لە ڕێگای وەرگێڕێکەوە. چیرۆکی ئەوانە هەڵێکی بچووک دەکاتەوە بەوەی بۆچی بە بەردەوامی دوو دوو و سـێ سـێ عێراقی خۆیان لە ڕیۆ گراندێ دەدۆزنەوە، ئەمە لە کاتێکدا بارودۆخی عێراق بەرەو باش بوون دەچێت و گەشەی کردووە.

### دەرگای ڕزگاربوون

بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئاڵۆزی سیاسـی و ئایینی لە ناوچە کوردنشـینەکانی عێراق و ڕێژەی زۆربوونی ئاوارەکانی ئەو ناوچەیە، وای لە وشـیار، مەجید و ئاوات کرد کە هەست بکەن تەنیا یـەک ڕێگایـان لەبەردەمدایە: ئەویش ڕۆیشتنە بەبێ ڕەزامەندی.

ئەوان کە حلوبەرگی ڕەنگ شینی تایبەتی زیندانیـان لەبەردایە، هەر یەکەیان چیرۆکی خۆیـان گێڕایەوە کە بریتیە لە هەڕەشـەی کوشـتن و کوشـتنی خانەوادەکانیـان کە بەجێیان هێشـتووە، لەگەڵ ئەوەی ناتوانین دڵنیا بین لـە چیرۆکەکانیـان، بەڵام بەرپرسێکی FBI ڕایگەیاند ئەو سێ کوردە هیچ پێوەندییەکانیان بە تیرۆریستان و چەکدارەکانەوە نییە.





وشیار و مەجید و ئاوات، دوای دەستگیرکردنیان لەلایەن پۆلیسی ئەمریکییەوە (فۆتۆ:Global Post)

وشـیاری تەمـەن 43 سـاڵ کە فـەرش فرۆش بـووە و پاشـان بووەتە شۆفێری تاکسـی، بۆیە لە هەولێـر هەڵهات چونکە چەکدارانی ئیسـلامی هەڕەشەی کوشتنیان لە خـۆی و چوار منداڵەکـەی کرد، بەهۆی ئەوەی هاوڕێیەتی مەسیحیان دەکات. وشیار هاوسـەرەکەی و منداڵەکانـی شـاردەوە و خانووەکەشـی بە نرخێکی هەرزان فرۆشت بۆ ئەوەی کرێی قاچاخچییەکە کۆ بکاتەوە و هەڵبێت.

مەجیدی تەمەن 29 سـاڵ کە هەتا ئێستا ژنی نەهێناوە و خاوەنی دوکانێکی فرۆشتنی پەلەوەر بووە، ناوبراو ڕایگەیاند ئەو شـاری کەرکووکـی بەجێ هێشـتووە، دوای ئەوەی باوکیان کوشـتووە و برایەکیشیان ڕفاندووە کە هەتا ئێسـتا بێسەروشوێنە، ئەو پێیوایە بەهـۆی ئەوەی باوکـی وەختی خۆی لەگەڵ دامودەزگای ئاسایشی سەر بە سەدام حوسێن کاری کردووە.

ئاوات 26 سـاڵ کارەباچییە و تازەش ژنی هێنـاوە، ناوبراو ڕایگەیاند لە هەولێر هەڵهات دوای ئەوەی هەڕەشـەی کوشـتنی لێکراوە بەوەی گوێڕایەڵـی داواکارییەکەی مەلایەکی نەکردووە بـەوەی جیهاد دژی سـەربازانی ئەمریکی و بەریتانی بکەن.

هەرسێکیشـیان ئاماژەیان بـەوەدا هێزی پۆلیس و ئاسایشـی ناوخۆ ئامـادە نەبوون بیانپارێـزن، دووانیان هەر داوایان لێنەکردن، بەڵام وشـیار ڕایگەیاند کە داوای پاراستنی پۆلیسی لە دەست مەلایەکی توندڕەو لە هەولێر کردووە، "بەڵام ئەوان هیچیان نەدەکرد".

بەوەی ئەمریکایان لە سەر وڵاتانی دیکەوە هەڵبژارد، وشـیار ڕایگەیاند بەپێی قسـەی خەڵکی سەر شەقامەکان، ئەمریکا بەڵێنی زۆر سەرسوڕهێنەر بەدیدێنێت، ئەو بەو هیوایە بوو کە ئەمریکا باوەشی بۆ بکاتەوە و پاشانیش خانەوادەکەی بێنێت .لەمبارەیەوە وشیارگوتی" خولیای بیرۆکەی چوونـی ئەمریکام دەکرد، ئێمە تەنیا بیرمان لە پارە و کار نەدەکردەوە، ئێمە تەنیا بیرمان لە دابینکردنی ئارامی دەکرد بـۆ خانەوادەکەمان، ژیـان تەنیا پارە نییە، بەڵکو هەستکردنە بە ئارامی".

چیرۆکەی ئەم سێ کوردە زۆر ڕوون نییە، لەبەرئەوەی لەم دواییەدا هەرێمی کوردستانی عێراق پەرەیسەندووە. بەدرێژایی شەڕی عێراق، ناوچەی کورد بە هێمنـی ماوەتەوە و هێزی پێشمەرگەی نەرمونیان کۆنترۆڵی ئاسایشی ئەو ناوچەیە دەکەن و بە ئارامی ڕایانگرتووە، بەڵام ئەو بارودۆخە لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا گۆڕاوە.

ژەنـەراڵ ریکاردۆ سـانچێز ئەفسـەری خانەنشـینی سوپای ئەمریکی کە لە ساڵانی 2003 و 2004 فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا بووە لە عێراق، ڕایگەیاند ئەو ئاڵۆزییە سیاسی و ئایینیەی لەو ناوچانەی کە کورد و عەرەب بەیەکەوە دەژین هەیە، ئێسـتا خراپتر بووە لەو کاتەی هێزەکانی هاوپەیمان سـەرقاڵی بەدەسـتەوەدانی بەرپرسیارێتی ئاسایشن بۆ حکوومەتی عێراقی، بۆ زیاتریش ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکـە ئەوەیـە کە ئـەو ئاوارانی کە ئیسلامییە توندڕەوەکان لە باشووری عێراقەوە دەریانکردوون، ژمارەیان لە باکوور زۆر بووە.

شانچێز لە بارەی باکووری عێراقەوە گوتی" ئێمە تەنیا هەوڵمان داوە کێشـەکان خراپتر نەبن و شـەڕ دروسـت نەبێت، بەڵام ئێستا چارەسەرەکە دەبێ چارەسەرێکی عێراقی بێت ئەوەش زۆر زەحمەتە".

هیچکام لەو سێ دەستگیر کراوە لەوەوپێش بە جیدی بیریان لـەوە نەکردووەتەوە کە بە یاسایی بێنە نێو ئەمریکاوە، لەبەرئەوەی ئەوان دەیانزانی چاوەڕوانیکردنی ئەو کارە بێ ئەنجام دەبێت و تەنیا شانسدارەکان هەڵدەبژێردرێن. ئـاوات لەبارەی بەدەسـت هێنانـی ڤیزای ئەمریکی یاخود هەر وڵاتێکی دیکە گوتی" زۆر زەحمەتە".

لەگـەڵ ئەوەی ژمارەی ئـەو ئاوارانەی کە ڤیزایـان وەرگرتووە زۆر بووە و بە سـەدان هەزاریش هێشـتا یەکلانەبووەتەوە. نێزیکەی 1.6 ملیۆن عێراقی هێشتا لە وڵاتە دراوسێکانی دەژین و نێزیکەی 2 ملیۆن عێراقی دیکەش لە نێو عێراقدا ئاوارەیە.

پەناگەی ئارامی خێرا نەماوە، بۆ نموونە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوو، وڵاتانی دراوسێی وەکو سووریا، ئوردون کە پەناگەیەکی کاتییان بۆ ئەو دوو ملیۆن ئاوارە عێراقییە دابین کرد، ئێستا سنوورەکانیان لەسـەر ئاوارەی دیکە داخستووە.

لەگـەڵ ئەوەی توندڕەوەکان هەڕەشـەی کوشـتنیان لێکردبوو، وشـیار لەو بارەیەوە گوتـی" کاتمـان نەبوو بۆ چـاوەڕێ کردن، مەترسـی کوشـتن، هاندەرمان بوو ئەوێ بە جێبێڵین".

### "ئەگەر ئەمریکا بمبینێت....."

هیچ کامیان یەکتریان نەدەناسی، هەتا ئەو کاتەی قاچاخچییـەک لە ئەنقەرە کە تەنیا بە "موراد" خۆی ناساندبوو، بەیەکتری ناساندن لە تورکیا بۆ گەشتەکەیان. هەر سێ کوردەکە ڕایانگەیاند لەسـەر شـەقامەکانی هەولێر و کەرکووک لە لایەن خەڵکی مورادەوە ئەوەیان بیستووە کە دەتوانێ عێراقییەکان بگەیەنێتە ئەمریکا.

تۆماری نێزیکەی شەش قاچاخچی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت لە ئەمریکا، ئەوە دەردەخات کە شـێواز و کارکردنی موراد شتێکی جیاواز نییە. ڕێکخراوی بەرز ڤیزای گەشتیاریان بە خەڵکە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەخشیوە کە بەخشیش بەدەسـت هێنراوە بـۆ وڵاتانی ئەمریکای ناوەڕاسـت و باشوور، هەروەها کرێـی فرۆکە، هۆتێل و چاودێریکردن هەتا ڕیۆ گراندێ.

قازانجـی ئـەو کارە ئەوەندە زۆرە کاتێک بەرپرسـانی ئەمریکی یەکێکیان دەسـتگیر دەکەن، ئەوان خێـرا جێگەکەی بە یەکێکـی دیکـە دەگرنەوە .داواکارییەکان زۆر لەنێو ئەوانەی کـە توانای دانی ئەو بڕە پارەیەیـان هەیە، بەتایبەتی لـە نێو ئاوارە مەسیحیە عێراقییەکانە. زۆربەی عێراقییەکانی کە بەم ڕێگە قاچاخـەدا هاتوونەتە ئەمریکا مەسیحی کلدان و ئاشـوورن. نێزیکەی 400 هەزاریان لە لایەن ئیسـلامیە توندڕەوەکانەوە دەرکران. پارێزەرە ئەمەریکییەکانیشیان دەڵێن کە ڕێگا قاچاخەکەیان بەردەوام دەبێت، لەبەر زۆربوونی نیگەرانیان.

لەمبارەیەوە جۆزێف قەسـاب سـەرۆکی فیدراسـیۆنی کلدانی لە ئەمریکا کە لە شاری دیترۆیتە گوتی" حکوومەتی عێراقی درۆ لەگەڵ خەڵـک دەکات و دەڵێـن بارودۆخەکە باش بـووە و با مەسـیحیەکان بگەڕێنەوە. ئەگەر هەر شتێک هەبێت خراپتر بووە. ئەوانەی بە قاچاخ دێن ئەوانەن کە باوەڕیان بە سیستەمی ئەمریکی هەیە، لەوەش تێدەگەم کە ئەمریکا هەموویان وەرناگرێت، بەڵام هیچ نەبێت لەوە زیاتر وەربگرێت کە ئێستا وەریاندەگرێت".

وشیار، مەجید و ئاوات دەڵێن موراد بڕی 20 هەزار دۆلاری لەسەرەتادا لێوەرگرتوون، بەبێ هیچ گارانتیەک کە جارێکی دیکە دەیبیننەوە، لە بەرامبەریشدا ئەوان بەڵێنیان پێدرابوو کە ڤیزەی چوونە ژوورەوەی مەکسیکیان لەسەر پاسپۆرتەکانیان دەبێت و کرێی فرۆکەیان بۆ مەکسیک و هۆتێل و چوونە نێو ئەمریکایان بۆ دابین دەکرێت.

سەرەتا پاسپۆرتەکەیان دایە موراد، ڕۆژی دواتـر ئەوان فەرمانیان پێـدرا کە بچنە لای موراد لە باڵیۆزخانەی مەکسیک لە ئەنقەرە، لـەوێ موراد پاسـپۆرتەکانی دانێ کە ڤیزای مەکسیکی پێوە بوو.

لە ئەنقەرە ئەم سـێ کوردە لەگەڵ موراد بەرەو دوبەی ڕۆیشتن، لەوێشەوە بۆ فەڕەنسا و بۆ داوجار لە ڕێکەوتی 3ی شوبات گەیشتنە شاری مەکسیکۆ سیتی پایتەختی مەکسیک. دوای چەند بێنـە و بەردەیەک لەم مانگەدا، موراد و قاچاخچییەکی مەکسیکی لەکاژێر 2ی شـەوی 3/12 پێش ئەم سـێ کوردە کەوتن و بە بەلەمێـک بەرەو کەنـاری دەریای ڕیۆ گراندێ. بڕیاریش بوو مەکسیکیەک لەوبەرەوە بـە لۆرییەکەوە چاوەڕێیان بـکات بۆ ئەوەی بیانگەیەنێتە شوێنی خۆیان و هۆتێلێکیان بۆ بگرێت.

هەمووان خۆشـحاڵ بوون بەوەی قاچیان خسـتە سـەر خاکی ئەمریکاوە، بەڵام ئەو هەستە بۆماوەیەکی کورت بوو. پاسەوانی سەر سنوور هەرسێکیان و شۆفێرەکەشی دەستگیر کرد . شۆفێرەکە دادگایی کرا و کوردەکانیش دەستگیر کران.

لەگەڵ ئەوەی هیچ هاوڕێ و خانەوادەیەکیان لە ئەمریکا نییە و کاریشـیان نییە، کەسیان بیریان لەوە نەکردبوویـەوە کە ئەگەر بگەنە ئەمریکا چی دەکەن.مەجید لە سادەیی خۆی گوتـی" بەو هیوایە بـووم کە ئەگەر ئەمریکا بمبینێت، ئەوان یارمەتیم دەدەن".

ئایـا ئـەو باجە قورسـەی بە پـارە و بەخشـینی گیانیـان داوە، ئەنجامی دەبێت و مافی مانەوەی هەمیشـەیی لـە ئەمریکا وەردەگرن، هێشتا دیار نییە. حەمزا مایارجی پارێزەرە نوێکەیان دەڵێ ئەو داوا دەکات مافی پەنابەری سیاسی وەربگرن و هیواداریشە بە ڕێگای هاوڕێیەتی، هەرسـێکیان ئازاد بکات هەتا چاوەڕێی ئەو پرۆسە دوورودرێژە دەکەن. هەتـا ئەو کاتە، تاکە تامی ئەمریکا ئەوان لە زیندانەوە دەیکەن.لەمبارەیەوە ئاوات گوتی" هیچ شتێک دەربارەی ئەمریکا نازانم. من تەنیا دەمەوێت ژیانم ڕزگار بکەم و ژیانێکی خۆش و ئاشتیانەم دەوێت".

**لە ڕۆژنامەی Global Postی ئەمریکیەوە**

Reklam




## مامۆستایەک کوڕەکەی خۆی دەکوژێت

رووداو-کەلار
رۆژی 2009/8/26 لە شارۆچکەی کەلار پیاوێکی بەناوی خالید وەلید 45 ساڵ، کە مامۆستایە، کوڕێکی خۆی بەناوی هەردی (22ساڵ) کوشت، کێشەکە بە دەمەقاڵێ دەستی پێکرد، پاشان باوکەکە بە کلاشینکۆف چەند گوللەیەکی لە کوڕەکەی داو کوشتی، موقەدەم لوقمان سابیر بەڕێوەبەری پۆلیسی کەلار بە(رووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو مامۆستایە گیراوەو رووداوەکەش لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بچووک بووە"، باوکەکە لە ئیفادەی پۆلیسدا دەڵێت "کوڕەکەم لە ماڵەوە بێزاری کردبووم، پێشتریش سکاڵام لەسەر کوڕەکەم تۆمار کردووە، بۆ ترساندنی گوللەم پێوە ناوە نەک کوشتن".

### رەمەزان بازاڕی لەچک گەرم دەکات

# کچانی هەولێر بۆ رزگار بوون لە تانەی رەمەزان لەچک لەسەر دەکەن





رەوا عەبدوڵڵا
rawaebdalla@yahoo.com

**رووداو - هەولێر**

ئەڤین ئەحمەد، 23 ساڵ، وەک زۆربەی کچانی مۆدە پۆش، هەموو ساڵێک بە درێژایی مانگی رەمەزان لەکاتی چوونە دەرەوە لەچک دەپۆشێ، ئەو هەر چەندە باوەڕی بەو لەچک پۆشینە نییە، بەڵام دەڵێت "بۆ رزگار بوون لە تانەی خەڵک لەچک دەکەم".

ئەڤین نایشارێتەوە کە نێوانی لەگەڵ مانگی رەمەزان زۆر خۆش نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ رزگاربوون لە تانەی خەڵک وڕێزگرتن لەو مانگە، هەموو ساڵ بەر لەدەستپێکردنی مانگی رەمەزان چەند لەچکێک دەکڕێت و لەکاتی چوون بۆ بازار و شوێنە گشتیەکان دەیپۆشێ، بەڵام ئەڤین گوتی "ئەمساڵ لەچکیشم کردبوو، بەڵام تانەم زۆر لێدرا". ئەڤین، زۆر توورەیە لە تانەی خەڵک و دەڵێت "خەڵکی ئێمە زۆر سەیر بیر دەکەنەوە و پێیانوایە ئەگەر ئەوان

> **خەڵکی ئێمە زۆر سەیرن، پێیانوایە ئەگەر ئەوان بەرۆژوو بوون، دەبێت خەڵک هەموو عەباو لەچک بپۆشێ**
> کچێک

بەرۆژوو بوون، دەبێت خەڵک هەموو عەباو لەچک بپۆشێ، بۆیە هەرکچێک کەمێک جلی مۆدە بپۆشێ دەیان تانەی لێدەدەن".

پۆشینی لەچک وەک پابەندبوونێک بە ئاینی ئیسلام، لەلایەن کچانی مۆدەپۆش تەنیا لەمانگی رەمەزاندایە، دوای رەمەزان لەچکەکان فڕێدەدەن، چونکە بەشێکیان لەو مانگە بەناچاری لەبەر تانەی خەڵک دەیپۆشن، بەشێکی دیکەشیان بەرۆژوو دەبن لەبەر رۆژووەکەیان لەچکێکی تەنک دەپۆشن.

باران وەلی، 27 ساڵ، فەرمانبەر دەڵێت ئەو بە رۆژوو نابێت و نوێژیش ناکات، بەڵام لەبەر تانەی خەڵک لە مانگی رەمەزان بەناچاری لەچک دەپۆشێ، بەڵام باران لەوە دڵگرانە، کە سەرەڕای لەچک پۆشینیش هەر تانەی لێدەدرێ. ئەو کچە مۆدەپۆشە بە بێزارییەوە دەڵێت "نازانم خەڵکی ئێمە بۆ ئەوەندە حەز دەکەن قسە بەو خەڵکانە بڵێن کە وەک ئەوان بیر ناکەنەوە".

بەهۆی ناچار بوونی کچانی مۆدەپۆش بە پۆشینی لەچک لەو مانگەدا بازاڕی لەچک فرۆشانیش گەرم وگوڕی تێکەوتووە. هێمن مەعروف، خاوەنی کۆگای لەچک فرۆشتنە دەڵێ "زیاتر لەهەموو مانگەکانی دیکە، لەچک لەمانگی رەمەزان دەفرۆشرێ".

هێمن نایشارێتەوە کە زیادبوونی فرۆشیان لەو مانگە بەهۆی پۆشینی لەچکە لەلایەن کچانی مۆدەپۆش"جگە لەو کەسانەی لەچک دەپۆشن، لەو مانگە کچانی مۆدەپۆشیش بەدوای کرینی لەچکن، بەڵام ئەوان زیاتر حەز بە لەچکی تەنک دەکەن".

کۆمەڵناسان زیادبوونی تانەلێدانی کچان لەلایەن خەڵک لەمانگی رەمەزان بۆ هۆکاری جیاجیا دەگەڕێننەوە. ئاری رەفیق، توێژەری کۆمەڵایەتی بڕوای وایە پیرۆزی مانگی رەمەزان لەکۆمەڵگای کوردی لەوە تێپەڕیوە بەتەنیا وەک مانگێکی ئاینی سەیر بکرێ، بەڵکو تێکەڵ بووە لەگەڵ لایەنە کولتورییەکانیشی، بۆیە بەلای خەڵک ئاسایی نییە، لەو مانگە پیاو بەئاشکرا جگەرە بکێشی و کچان بێ سەرپۆش بێنە دەرەوە.

ئاری گوتی "لەوانەیە زیاد بوونی تانە لێدانی کچان لەو مانگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە خەڵک پۆشینی جلی مۆدە وەک بێڕێزییەک بزانن، لە هەمانکاتیشدا بە هۆکارێک بزانن بۆ بەتاڵبوونەوەی رۆژوەکانیان".

> **زیاتر لەهەموو مانگەکانی دیکە، لەچک لەمانگی رەمەزان دەفرۆشرێ**
> دوکاندارێک

# رەمەزانیش کچانی سلێمانی پێ دانەپۆشرا

**لەیاد قەرەداخی**
**رووداو – سلێمانی**

جیاواز لە رەمەزانی پێشوو، کچانی سلێمانی لە گەڵ دەستپێکردنی مانگی رەمەزانیشدا بەهەمانشێوەی رۆژانی دیکە دەرکەوتن و دەست بەرداری ماکیاژ و جلوبەرگە تەسکەکانیان نەبوون. ئاڵا فەرهاد، کە کچێکی تەمەن 20 ساڵە دەڵێ بە رۆژوو نابم وئامادەنیم لەبەر خاتری رەمەزانیش، جلی داپۆشراو لەبەر بکەم "ناتوانم یەک چرکەش لەچک لەسەر بکەم".

شێوازی خۆگۆڕینی ئاڵا، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ رۆژانی پێش رەمەزان و جلوبەرگێکی سەرنجڕاکێشی لەبەر کردووە.

مانگی رەمەزان کاریگەری بەسەر بازاڕ و فرۆشگاو شوێنە گشتییەکان و تەنانەت فەرمانگەکانیشەوە دیارە، بەڵام ئەو مانگە هیچ کاریگەرییەکی بەسەر ئەو کچانەوە نییە کە پێشتریش بە جلی مۆدە ئێواران لەسەهۆڵەکەو شەقامی سالم و ئۆرزدی و توی مەلیک و پارکی ئازادی دەبینران.

سابات محەمەد، 18 ساڵ کە خوێندکاری ئامادەییە، لەبەر دوو هۆکار ناتوانێ خۆی پۆشتە بکات "لەچکم لێنایەت ناشتوانم سیمای جلوبەرگ پۆشینم بگۆڕم". سابات بۆ خۆی هەست بەوەدەکات کە هەر نەبێت پێویستە رێز لەخەڵک بگیرێت "بەڵام لەبەر ئەو هۆیانە ناتوانم جلوبەرگی رەمەزان بپۆشم".

دیاردەیەکی دیکەی نێوهەندێک لەکچانی سلێمانی، بەرۆژوبوونیانە، بەبێ لەچک و بەتەسک پۆشینەوە. هەناسە 22 ساڵ، یەکێک لەو کچانەیەو لەو باوەڕەشدا نییە سەرپێچی ئاینی کردبێت "گرنگ ئەوەیە بەرۆژووبی، هەموو ساڵێکیش هەروا بەرۆژو دەبم"، ئەگەر لەنێوان رۆژو و جلە تەسکەکاندا ئەو کچە 22 ساڵە ناچاری هەڵبژاردنی یەکێکیان بکەیت، بەڵێ بۆ جلوبەرگەکانی دەکات "هەر لەمنداڵییەوە بەو شێوازە جلوبەرگە راهاتووم".

بە بڕوای مەلایەک ئەو کچانەی بەرۆژو دەبن و خۆیان داناپۆشن تەنیا برسێتی و تینوێتیان بۆ دەمێنێتەوە. مەلا عەبدول محەممەد گوتی "ئەو ئافرەتانەی بەڕۆژون، بەڵام جلوبەرگیان گونجاو نییە، ئەوە یاریکردنە بە عیبادەت و زەڕڕەیەک ئیمانیان نییە". مەلا عەبدول گوتیشی "کچان دەبێ بزانن کە سەرنجی رەگەزی نێرینە رادەکێشن زیاتر گوناهبار دەبن".

ئەحلام مەنسوور، مامۆستای زانکۆی سلێمانی کە خۆی بەیەکەمین کچە سفوری سەردەمی حەفتاکانی عێراق دەزانێ گوتی "کچانی سلێمانی زۆر خراپیان بەسەر هاتووە". مەنسوور گوتیشی "کچان بەس ئامانجیان نمایشکردنی لەشیانە و هیچی دیکە، چونکە هیچ رۆشنبیرییەکیان نییەو ناخوێننەوەو دەیانەوێ بەشێوازی جلوبەرگ پۆشین رۆشنبیری خۆیان دەربخەن".

بەبڕوای ئەو مامۆستایەی زانکۆ، ئەو شێوازە جلوبەرگەی ئێستا لەناو کچانی سلێمانیدا هەیە، لەئەوروپاش نییە.

ئەوانەی بە رۆژوون دەڵێن کچانی مۆدەپۆش ناهێڵن بە ئیسراحەت رۆژووەکانیان بگرن. کاروان سابیر کە بە رۆژوو دەبێت گوتی "راستە من بەرۆژو دەبم و هەزاران گەنجی وەک من بەرۆژو دەبن و ئەو کچانە سەرنجمان رادەکێشن، بەڵام من بە ئافرەتان دەڵێم لەمانگی رەمەزان خۆتان داپۆشن با رۆژوەکەی ئێمەش بەتاڵ نەبێتەوە". گوتیشی "رۆژانە هەزاران توانجیان لێدەدرێ، بەڵام کچان هەر واز ناهێنن".

کۆشش بەکر، 23 ساڵ، دەڵێت وەک رێزگرتن بەرامبەر بە بە رۆژووان جوانترە ئەو ئافرەتانەی لەمانگی رەمەزاندا بەرۆژو نین بەجلوبەرگێکی زیاتر داپۆشراوەوە بچنە کارەکانیان "پێویستی گیانی یەکتر قبوڵکردن هەبوو، دەبێت بێڕێزی بەرامبەر دەوروبەرمان نەکەین". کۆشش گوتیشی "نازانم بۆ خۆیان داناپۆشن".

زانا محەممەد قایمقامی سلێمانی، لەبارەی رێوشوێنەکانیان بۆ مانگی رەمەزان گوتی "بەهەمانشێوەی ساڵی رابردوو چاودێری سلێمانی دەکەین و هەرکەس سەرپێچی بکات سزادەدرێت و دەستگیردەکرێت".

بەڵام قایمقامی قەزای ناوەندی سلێمانی سفوری و تەسکپۆشینی کچانی نەخستە نێو چوارچێوەی سەرپێچیەکانی رەمەزان و گوتی "ئێمە ناتوانین رێگە لە خەڵک بگرین کە چۆن جلوبەرگ دەپۆشن، چونکە ئازادن".

> **خەڵک ئازادن چ جلوبەرگێک دەپۆشن**
> قایمقامی سلێمانی

> **کچان دەبێ بزانن کە سەرنجی رەگەزی نێرینە رادەکێشن زیاتر گوناهبار دەبن**
> مەلا عەبدول محەممەد

> **ناتوانم یەک چرکەش لەچک لەسەر بکەم**
> کچێک

# لەبەر دەرگا، ژنان دەبن بەچێشتی مجێور

**لەنیا مەحمود**
**رووداو – سلێمانی**

دانیشتن لەبەردەرگا بۆ بەیان ساڵحی 35 ساڵ، وەک دەوامی رۆژانەی فەرمانگەی لێهاتووە، ئەگەر رۆژێک نەچێتە بەردەرگا، واهەستدەکات شتێکی نایابی ون کردووە "هەر لەگەڵ هاوسەرەکەم لەماڵ چووە دەر، خێرا منیش ئیشەکانم دەکەم و دەچمە بەردەرگا". بەیان دەڵێ هەموو رۆژێک لەگەڵ ژنانی گەڕەک لەهەشتی بەیانییەوە تا دوانزەی نیوەڕۆ لەبەردەرگا دەبێ "بەراستی لەبەر دەرگا هیچ خەمێکم نامێنێ".

لەزۆربەی گەڕەکە میللی و هەژارنشینەکاندا، ژنان زۆر بەخەستی ئالوودەی دانیشتنی بەردەگا بوون و ناتوانن دەستبەرداری ئەو خوە ببن، کە زۆر جار کارەسات و کێشەی کۆمەڵایەتیشی لێدەکەوێتەوە .فاتیمە عارف، 45 ساڵ، کە زۆربەی کاتەکانی لەبەر دەرگا بەسەر دەبات دەڵێت دانیشتن لەبەر دەرگا وەکو میراتێک لە دایک و نەنکییەوە بۆی ماوەتەوە و دەڵێت "لەگەڵ ژنانی گەڕەک کۆ دەبینەوەو، خەمەکانمان لەوێ بۆ یەک باس دەکەین و زۆرجاریش زەم و باسکردنی ئەم و ئەوی تێدەکەوێ". فاتیمە گوتیشی "بەس بەردەرگامان بەدەستەوەیە، خۆ ئەویشمان لێ قەدەخە ناکەن".

فەریدە نایشارێتەوە کە ئەوگفتوگۆیانەی ژنان لەبەردەرگا سەرگەرم دەکات، قسەوباسی ژیانی رۆژانەی یەکتری و تانەدان و شکاندنی یەکەو فەریدە گوتی "ژن هەیە حەز دەکات پیاوەکەی تادرەنگانێکی ئێوارە نەگەڕێتەوە ماڵەوە، تا مەجلیسی ژنانی بەردەرگا جێنەهێڵێت". ئەو ژنە تەمەن 38ساڵە گوتیشی "پیاو رۆژ تائێوارە لەدەرەوەیەو بێتاقەت نابێت، بەڵام ژن نازانێت چۆن کاتەکانی خۆی لەنێو چواردیواری ماڵدا بەسەر ببات".

بەپێی قسەی فەریدە، جۆرە رێکەوتنێک هەیە لەنێوان ژناندا، کە هەر رۆژەو لەبەر دەرگای ماڵی یەکێک کۆببنەوە. ئەو گوتیشی "دانیشتنی بەر دەرگا زیاتر بۆ ئەو ژنانە خۆشە کە کچی گەورەیان هەیەو ئیشەکانی ناو ماڵیان بۆ دەکات".

ژنانی بەردەرگا زۆرجار بەهۆی پشتگوێخستنی ماڵ و منداڵ لەلایەن مێردو کەسوکارییانەوە سەرزەنشت دەکرێن. خانزاد لەتیف، 33 ساڵ دەڵێت زۆرجار دانیشتنی بەردەرگا کێشەی بۆ دروستکردووەو هاوسەرەکەی لێی تورە بووە.، چونکە هەر رۆژێک هاوسەرەکەی بۆماڵ بگەڕێتەوەو لەکاتی خۆیدا نان و چای ئامادە نەبێت، بەتوڕەییەوە دەڵێت "لەبەیانییەوە خەریکی چیت". خانزاد لەبارەی باس وخواسەکانی بەردەرگا گوتی "هەر ئەوەندەی کۆبووینەوە، نازانین کات چۆن دەڕوات، چونکە باسی هەموو شتێک دەکەین و خۆش و ناخۆش تێکەڵ دەکەین".

> **تەنیا بەردەرگامان هەیە، ئەویشمان لێ قەدەخە بکەن!**
> ژنێک

زۆربەی پیاوی کورد، بەبینینی دیمەنی کۆبوونەوەی ژنان لەبەر دەرگا قەڵس و تووڕە دەبن و هەندێکجاریش لەکاتی رۆیشتینان بە بەردەم ئەو ژنانە دەشڵەژێن. دەڵێن ئەوە یەکێکە لەو دیاردە ناشیرینانەی ژنان، کە پیاو تووڕە دەکات. سامان خەلیل 46ساڵ، کە زۆر رقی لەو ژنانە دەبێتەوە، زۆر پەستیشە لە توانجەکانیان، ئەوەشی درکاند کە جارێک لەبەر توانجی ژنان عەلاگەی لەدەست بەربووەتەوە.

> **لەبەر توانجی ژنان، هەندێکجار عەلاگەم لەدەست بەر بووەتەوە**
> پیاوێک

گوتیشی "بەراستی رەفتارێکی ناشیرینە".

عەلی ئەحمەد، کە بەردەرگا کێشەیەکی بچووکی لە نێوان خۆی و هاوسەرەکەی گەورە کردووە، بەبێزارییەوە باسی لەو دیاردەیە کردو گوتی "بەراستی کێشەیە ئافرەت بچنە بەردەرگا". عەلی 31ساڵ دەڵێ جارێکیان هاوڕێیەکی هاوسەرەکەم بەمیوانی هاتبوە ماڵمان و کێشەیەکی زۆر بچووکی نێوان ئێمەی بردە بەر دەرگا "کاتێک هاوسەرەکەم بیستییەوە لەدەمی ژنانی دیکە، بووە هەڵڵاو بەشێوەیەک گەورە بوو، کەخەریک بوو گۆبەند بنێتەوە".

"فڵان ژنەکەی ناشیرینە، توخوا ئەوە مێردە هەیەتی، پیاوەکەی نایەڵێ جلی تەسک لەبەر بکات، کوڕە لەبەر دڵپیسی ئیسراحەت ناکەن بەیەکەوە" ئەمانەو سەدان قسەو قسەڵۆکی دیکە، کە بە رای فانیا عوسمانی 19ساڵ سەرجەمی دانیشتنەکانی ژنان دادەپۆشێت، کە زۆرجار کچانی هاوتەمەنی فانیاش لەگەڵیان دادەنیشن.

بە بڕوای پسپۆڕانی بواری کۆمەڵناسی، پەنابردنی ژنان بۆ بەردەرگا هۆکاری نەچوونە دەرەوەیانە. هاوکات لەو بڕوایەشدان، ئەو جۆرە دانیشتنانە کاریگەری خراپ لەسەر کەسایەتی ژنان جێدەهێڵێت. حەمەی ئەحمەد رەسوڵ، کە توێژەری کۆمەڵایەتییە دەڵێ ژنان پێیانوایە باری خەمەکانیان لەبەر دەرگا سووک دەبێ "بەڵام ئەوە وایان لێدەکات کەئاگایان لەپەروەردەی منداڵەکانیان نەمێنێت".

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتیە ئامۆژگاری ژنان دەکات بەوەی نەچنە بەردەرگاو بەخەمی خێزانەکەیانەوە بن "نابێت بۆ ئەو جۆرە دانیشتنانە منداڵەکانی خۆیان لەبیر بکەن". گوتیشی "منداڵ زیاتر پێویستی بەچاودێری دایکی هەیە".



# کۆمەڵایەتی



## سەنگەر لەبەر هەژاری خۆی سووتاند

ڕووداو-کەسنەزان

ڕۆژی 2009/8/29 لە ناحیەی کەسنەزانی سەر بە پارێزگای هەولێر، گەنجێک بەناوی سەنگەر عوسمان تۆفیق، 20ساڵ، کرێکار، کە خێزاندارەو منداڵێکی هەیە خۆی سووتاندو دوای 12 کاژێر گیانی لەدەستدا. عەبدولخالق تۆفیق، مامی سەنگەر باسی لە ژیانی سەنگەر کردو گوتی "سەنگەر ماڵی جیابوو، لەناو خانووی کرێ دەژیا، بەڵام لەبەر نەخۆشی نەیدەتوانی هەموو ڕۆژێک کار بکات، بەتەواوی ماڵی پێ بەڕێوە نەدەچوو، ئێمە هاوکاریمان دەکرد، بۆیە لە داخی هەژاری خۆی کوشت، هیچ کێشەی دیکەی نەبوو".

# میدیا لە داخی پەیوەندییەکانی مێردەکەی خۆی سووتاند



**فرمان چۆمانی**
**ڕووداو - چوارقوڕنە**

"تا درەنگانی شەو چاوەڕێی مێردەکەی کرد هەر نەهاتەوە، کە تەلەفۆنیشی بۆ کرد کچێک وەڵامی دایەوە، بۆیە خوشکەکەم خۆی سووتاند" ماریا لەو باوەڕەدایە خۆ سووتاندنی میدیای خوشکی پەیوەندی بە خیانەتی هاوسەرەکەی هەبووە "پەیوەندی لەگەڵ چەند کچێک هەبوو".

ڕۆژی 2009/8/6 میدیا خالید تەمەن 26 ساڵ، دانیشتووی شارۆچکەی چوارقوڕنە لە داخی خیانەتەکانی محەممەد ئەحمەدی هاوسەری، خۆی سووتاندو دوای 7 ڕۆژ مانەوە لەنەخۆشخانە گیانی لەدەستدا و دوو کوڕو کچێکی لەدوای خۆی جێهێشتن، کە کوڕە گەورەکەیان تەمەنی 10 ساڵانە.

ماریای خوشکی میدیا، کە بۆ مەرگی خوشکەکەی خۆی ڕەشپۆش کردبوو، ئاماژەی بەوەدا کە میدیا و محەممەد زۆر یەکتریان خۆشویستووەو هەر بەخۆشەویستیش ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوە "بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ خۆشەویستیەکەیان بەرەو کزی دەڕۆیشت، تا کار گەیشتە ئەوەی مێردەکەی خیانەتی لێبکات و دەست لەگەڵ چەند ژنێک تێکەڵ بکات. بۆیە میدیاش لە داخان خۆی سووتاند". ماریا گوتیشی "سەرەتا مێردەکەی پەیوەندی لەگەڵ ژنێکی عەرەب بەستبوو، دواتر پەیوەندی لەگەڵ ژنێکی دیکە بەستبوو بەنێو (ئ)، پاشان لەگەڵ چەند کچێک پەیوەندی هەبوو".

ماریا باسی لە کاتی خۆ سووتاندنی خوشکەکەی کردو گوتی "ئەو شەوەی خوشکەکەم خۆی سووتاند تا کاژێر 10ی شەو لە ماڵی ئێمە بوو، دواتر کە چوو بووەوە ماڵەوە مێردەکەی لە ماڵ نەبوو، ماوەیەکی زۆر چاوەڕێی کردبوو، نەهاتبووەوە". ماریا درێژەی دایێ "کاژێر 1ی شەو مێردەکەی هەر نەهاتبووەوە، میدیاش تەلەفۆنی بۆ کرد تا بزانێ بۆ دوا کەوت و لە کوێیە، بەڵام کچێک وەڵامی تەلە فۆنەکەی دابووەو پێیگوتبوو ئەوە مێردی منە و پەیوەندی لەگەڵ من هەیە و بڕۆ خۆت بە تەڵاقدان بدە و تا ئێستاش نزیکەی سێ ملیۆن دیناری داومەتێ".

میدیا چیتر بەرگەی خیانەتەکانی هاوسەرەکەی نەگرت و هەر بەو شەوە بڕیاری خۆ سووتاندن دەدات "میدیای خوشکم هەر ئەو شەوە کاژێر 2ی شەو لە داخی خیانەتی هاوسەرەکەی خۆی سووتاند، دوای 7 ڕۆژ مانەوەی لە نەخۆشخانەی ئێمرجنسی سلێمانی گیانی لە دەستدا".

ماریا ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە خوشکەکەی بەر لەوەی گیان لە دەست بدات لە ئیفادەی پۆلیس باسی لەوە کردووە کە مێردەکەی خیانەتی لێکردووە، بۆیە ئەویش خۆی سووتاندووە "بەڵام ئێمە هیچ سکاڵایەکمان لەسەر مێردەکەی تۆمار نەکردووەو ئەویش ئێستا بە ئازادی دەسووڕێتەوە".

سەبارەت بە چارەنووسی سێ منداڵەکەش ماریا گوتی "منداڵەکان دوای مردنی دایکیان هەر ڕۆژەو لە شوێنێکن ڕۆژێک لەلای نەنکیان، ڕۆژێک لەلای ماڵە مامەکانیان، هەندێکجاریش دێنە لای ئێمە، ئەو منداڵانە بەردەوام بۆ دایکیان دەگرین و هەر باسی دایکیان دەکەن".

ماریا ئاماژەی بەوەشدا کە "محەممەد هیچ گرنگی بە میدیا و منداڵەکانی نەدەدا، هیچی بۆ نەدەکڕین، ئێمەو ماڵی خەزووری میدیا جلوبەرگمان بۆ دەکڕین، محەممەد ئەو پارەیەی دەهاتە دەستی دەیبەخشییەوە بەسەر ئەو کچانەی کە پەیوەندی لەگەڵ دەبەستن".

# ب نەینوکێ بکوژێ نەهلایێ ئاشکرا بوو




**ڕووداو- زاخۆ**

پشتی نەهلە ل ڕێکەفتی 2009/8/17ێ هاتیە خەندقاندن ژ لایێ کەسەکێ نەدیارڤە پۆلیس شیان د ماوێ پێنج دەم ژمێران ئەوی کەسی بگرن کۆ بناڤێ (دیندار) خەلکێ باژێرێ زاخۆیە و ئەو دان ب یەکا خۆ بکەت کو وی ئەڤ کارە ئەنجام دایە و ڕەوانەی دادگەهێ بهێتە کرن.

نەهلە محەمەد کچەکا 33 سالی بوو ئاکنجیا باژێرێ زاخویە و ئەو چار ڕوژ بوون ببوو فەرمانبەر ل کومسیۆنا بلند یا هەلبژارتنان و بەری هنگی ژی کارێ وێ ماموستا بوویە، ل ڕوژا 2009/8/17ێ نەهلا دگەل دینداری دچیتە دوروبەرێن نێزیکی زاخۆ و پاشی ژ لایێ دینداری دهێتە خەندقاندن و تەرمێ وێ ل جهەکێ کۆ دبێژنێ (ناڤ کەندالا) سەر ب ناحیا (باتیڤا) دهێتە هاڤێتن.

ژێدەرەکێ نێزیکی مالا وان دگووت ئەڤ کەسە ئەو چەند جار بوو دچوو خازگینیێن نەهلایێ و پشتی مالا وان دیڤچوون لسەر وی کوڕی کری دیار دبیت کو ئەو یێ ب ژنە و سێ زاروک هەنە لەوما نەهلایێ دگووت تۆ خودان خێزانی و ئەز شوو ب تە ناکەم، ئەڤی ژێدەرێ کۆ نەڤیای ناڤێ وی دیار کەین گووت ل وێ ڕوژا نەهلە دچیتە دەواما کومسیۆنێ ل زاخۆ و پشتی ب داوی دهێت و ڤەدگەریتە مال. ئەو کور لبەر دەرگەهێ ئاڤاهیێ کومسیۆنێ ب زوری ئەڤێ کچێ سوار دکەتن و ژ زاخۆ دوور دکەڤن و ئەڤ کورە گەڤان ل نهلایێ دکەتن کۆ شوو پێ بکەتن لێ وە دیارە ئەو ڕازی نەبووە لەوما هەر ل ترومبێلێدا هەول دایە وێ ب خەندقینیت.

ئەڤی ژێدەری دگووت وە دیار بوویە کۆ نەشیایە ب دەستێن خۆ وێ ب خەندقینیت لەوما ڕابوویە وەریسەک ب کار ئینایە و ئەو پێ خەندقاندییە و پاشی برییە هاڤێتیە دەڤەرەکێ کۆ دبێژنێ (ناڤ کەندالا) سەر ب ناحیا باتیڤاڤە و دیار دبیت کۆ ترومبێل دایە سەر تەرمێ وێ چونکۆ چەند پراسییەکێن وێ هاتبوونە شکاندن، ژێدەرەکێ ل نەخوشخانا زاخۆ ژی ئەڤ چەندە دوپاتکر کر کۆ پراسیێن وێ هاتبوونە شکاندن و لەشێ وێ شینا بوکسان و زەربێن ب هێز لسەر دیار دبوون.

پولیسان دگووت مە هند دەرفەت نەدا ئەڤی کەسی کۆ ئەو بکاریت خۆ قورتال بکەت و ب ڕەڤیت و هەر ل پێنج دەمژمێرێن ئەولی ئەم شیاین وی کەسێ شک لسەر هەی دەستەسەر بکەین و پشتی ڤەکولین و پشکنینێن هویر ئەوی دان ب وێ یەکێ دا کۆ وی ئەو کارێ ئەنجام دای.

ڕێڤەبەرێ پولیسێن زاخۆ (فەخری ئەحمەد) بۆ دەزگایێن ڕاگەهاندنێ دیار کر کۆ پشتی وان لیژنەیەک هەر ل وێ ڕوژێ پێک ئینای ژ پولیسێن زاخۆ و پولیسێن باتیڤا ئەو شیان وی کەسی دەستەسەر بکەن. فەخری چاوانیا کوشتنا ئەڤێ کچێ هوسا ڤەدگێریت و دبێژیت وی هەر ل ترومبێلێدا هەول دایە وێ ب خەندقینیت و پاشی ل ترومبێلێدا هاڤێتیە خار و ب وەریسی ئەو تمام کرییە، لێ فەخری ئەو چەندە ڕەت کرن کۆ پراسیێن وێ شکاندبن و ترومبێل دابیتە سەر، فەخری دگووت زور ئاخڤتن هاتنە کرن کۆ ئەو کچ یا قەت قەت کری و هاڤێتی و یان ژ بەر ئەگەرا هەلبژارتنان و سیاسی بیتن لێ چ ڕاستی بۆ وان ئاخڤتنان نینن.

چاوانیا دەستەسەر کرنا ئەوی کەسی و دان پێداناویژی ڕێڤەبەرێ پولیسێن زاخۆ گووت پشتی مە چەند پشکنین و ڤەکولین دگەلدا کرین کۆ مە گومان لسەر هەبوون و دەما مە ترومبێلا وی پشکنین کری پرتەکا نەینوکا وێ کچێ کۆ هندی بزاڤ کربوون بەرەڤانیێ ل خۆ بکەتن کەڤتبوو د ترومبێلێدا و پشتی مە ئەو پارچا نەینوکێ ئینای و ب ئامادەبوونا دادوەری و ب ڕێکەکا یاسایی ئەم دوبارە چووین مە تەرمێ وێ ل قەبریدا ئینا دەر و پشتی مە ئەو نەینوک بەراورد دگەل نەینوکێن وێ کری دیار بوو و دەرکەڤت کۆ ب دروستی ئەو نەینوکا بەرانی یا دەستێ ڕاستێ یا وێ کچێ یە، لەوما پشتی مە ئەڤە ئینان و ب ئامادەبوونا پارێزەرێ وی کوری و بەرامبەری دادوەری دان ب وێ یەکێ دا کۆ ئەو کار یێ کری و لدیف ماددێ 406 یێ یاسایا عیراقی هاتیە گونەهبار کرن و هاتیە ڕەوانەکرن بۆ دهوکێ.

دیندار خودان خێزانە و خودێ ئەو دوو ڕوژ بوون بەری وێ ڕوودانێ زاروکەک دایێ و دگەل وێ زاروکێ دبیتە بابێ چوار زاروکان و لدیڤ گوتنان کۆ دینداری ستران دگووتن و چەند کلیپ ژی هەنە.

لدیڤ ژێدەرەکێ کۆ دناڤبەرا هەردوو خێزانانداندا هاتن و چوون دکر دگووت هەردوو خێزانان گووتیە هەر چ یاسا دبێژیت ئەم پێ ڕازینە و بریار یا یاسایێ یە.

# زیندانیانی کوردستان دەچنەوە ماڵەوە



## ئەگەر دوو مانگ لەمەوبەر بڕیارەکە دەرچووبا، نیشتمان مستەفا خۆی نەدەسووتاند





**سۆران بەهائەدین**
Soran2025@yahoo.com

**ڕووداو-هەولێر**

ئەگەر دوو مانگ لەمەوبەر وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی پڕۆژەی پێدانی مۆڵەتی بە زیندانیان جێبەجێ بکردایە، نیشتمان مستەفا بە ئاواتی بینینی باوکی سەری نەدەنایە وەو هەر هیچ نەبووایە لە نەخۆشخانە دەیبینی. نیشتمان کە خۆی سووتاند بوو، بەر لە مردنی داوای بینینی باوکە زیندانیکراوەکەی کرد، بەڵام مۆڵەتیان بە باوکی نەدا کچەکەی بە زیندوویی ببینێ.

نیشتیمان 17ساڵ، تەمەنی تەنیا 2 ساڵ بوو باوکی ڕاپێچی زیندان کرابوو، ئەو کاتەی نیشتیمان لەسەر قەرەوێڵە کەوتبوو لە ڕێگەی (ڕووداو)ەوە داوای دەکرد، تەنیا دوو خولەک باوکی ببینێت، بەڵام بەهۆی نەبوونی یاسا لەو بارەوە ڕێگە بە باوکی نەدرا بچێتە نەخۆشخانە، نیشتیمان بەو ئاواتەوە ڕۆژی 2009/5/25 سەری نایەوەو تەرمەکەیان بردە زیندان بۆ لای باوکی.

بەپێی بڕیارێکی تازەی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەر زیندانییەک یەک لەسەر چواری حوکمەکەی لە زیندان بەسەر بردبێت و دانیشتووی کوردستان بێت، ئەوا سێ مانگ جارێک 5 ڕۆژ مۆڵەتی چوونە دەرەوەی دەدرێتێ.

هەرچەندە لە یاسای سزادانی عێراقی ڕێگە بە مۆڵەتی زیندانی نەدراوە، بەڵام لە پڕۆژەیەکی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بڕیارە لەم هەفتەیەوە جێبەجێ بکرێت، مۆڵەت بە زیندانییەکان دەدات بچنەوە ناو کەس وکاریان، مۆڵەتەکەش ئەوانە دەگرێتەوە کە مایەی مەترسی نین بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی.

مۆڵەتی زیندانی لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکان پەیڕەو دەکرێت، لە کوردستانیش پێشتر لە سلێمانی پەیڕەو دەکرا، بەڵام لە دهۆک و هەولێر مۆڵەتی زیندانی نەبووە، ئەوەش وای کردبوو چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی بۆ زیندانییەکان دروست بێت، وەک پەرتەوازەبوونی خێزان و لێکجیابوونەوەی ژن و مێرد.

ئەحمەد نەجمەدین، بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی، ئاماژەی بە وردەکاری مۆڵەت دانەکە کردو گوتی "ئەو مۆڵەتە هەموو ئەو زیندانییانە دەگرێتەوە کە دانیشتووی کوردستانن، جگە لەوانەی مەترسیان هەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی، تەنانەت بکوژ و تلیاکی و دزیش دەگرێتەوە، بەڵام دەبێت لە زیندان ڕەوشتیان باش بووبێت".

بەپێی ئەو ئامارانەی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی دەست (ڕووداو) کەوتووە، لە کوردستان 1878 زیندانی حوکمدراو هەن: (هەولێر 437 پیاو، 20ژن و 41 نەوجەوان، دهۆک 559 پیاو، 18 ژن و 21 نەوجەوان، سلێمانی 736پیاو، 30ژن و 16نەوجەوان).

ئەو مۆڵەتە، 3مانگ جارێک دەدرێت و بۆ ماوەی 5 ڕۆژە جگە لە ڕۆژانی چوون و هاتن، زیندانییەکەش دەبێت یەک لەسەر چواری حوکمەکەی تەواو کردبێت، کە نابێت لە ساڵێک کەمتر بێت، ژن و پیاو وەک یەک دەگرێتەوە، بەڵام بۆ نەوجەوانان ساڵی دووجار مۆڵەت دەدرێت، هەموو ئەو مۆڵەتانەش دەبێت لێژنەیەک کە لە توێژەرو یاسایی و چاکسازی پێکهاتووە پەسند بکرێت، پاشان بەڕێوبەری زیندان ڕەزامەندی بنووێنێت.

پێویستە هەریەک لە زیندانییەکان 5-20 ملیۆن دینار وەک بارمتە لە بانک دابنێن، ئەوەی لە کاتی خۆیشی نەگەڕێتەوە زیندان، ماوەکە دەخرێتە سەر حوکمەکەی و ماوەیەکیش مۆڵەتی لێ قەدەخە دەکرێت، ئەوەی پێشێلکارییەکە سێ بارە بکاتەوە، بەیەکجاری مۆڵەتی لێ قەدەخە دەکرێت.

بەهۆی دووری و نەگەیشتنی خێزانەکان، زیندانەکانی کوردستان پڕن لە بەسەرهاتی تراژیدی، ژنەکەی کامەران ڕەحمان 33 ساڵ، 10ساڵ چاوەڕوانی ئازادبوونی مێردەکەی کرد، بەڵام کامەران دەبووایە ئەو 20ساڵە تەواو بکات کە پێی سزادرابوو، کامەران کە لە زیندانی چاکسازی گەورانی هەولێرە، هیچ کات نەیتوانی مۆڵەت وەربگرێت، بۆیە چوار ساڵە لەگەڵ ژنەکەی لەیەکتر جیابوونەتەوە.

کامەران کە بەر لەو بڕیارە قسەی بۆ (ڕووداو) کردبوو، هۆکاری جیابوونەوەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە لەهەفتەیەکدا کاتژمێرێک لەلای خێزانەکانیان دەمانەوە "ناتوانی لەو ماوەیە دڵی خێزانەکەت ڕابگریت و، داوای تەڵاق نەکات"، بۆیە بەپێی قسەکانی کامەران لەو ماوەی لەو زیندانییە بووە، زیاتر لە 40 زیندانی ژنەکانیان تەڵاقداوە.

لە ئەڵمانیا جگە لەوەی مۆڵەت بە زیندانی دەدرێت، ئەگەر تاوانبارێک لە زیندان بۆ نموونە 20 ساڵ حوکم درابێت نیوەی سزاکەی تەواوکردبێت و ڕەوشتی چاک کردبێت 2ساڵ مۆڵەتی دەدەنێ ئەگەر تەندروست بوو، لە ئێران و تورکیاش مۆڵەت دەدرێتە زیندانیان.

وەک ئەحمەد نەجمەدین باسی کرد، ئەو زیندانیانە دەتوانن لە ماوەی مۆڵەتەکەیان هەموو شوێنێکی کوردستان بگەڕێن، بەڵام نزیکترین بنکەی پۆلیس لە ماڵی زیندانییەکە ئاگادار دەکەنەوە، تەنیا بۆ زانین نەک چاودێری، لە کاتی سەفەرکردنی زیندانییەکە دەبێت بنکەی پۆلیس ئاگادار بکاتەوە "دەبێت پۆلیس لە ڕەوشی زیندانییەکە ئاگادارمان بکاتەوە".

## مەرجەکانی مۆڵەت وەرگرتن

**بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی، لە کوردستان 1878 زیندانی حوکمدراو هەن، کە 3مانگ جارێک دەتوانن بۆ ماوەی 5 ڕۆژ مۆڵەت وەریگرن جگە لە ڕۆژانی چوون و هاتن، بەپێی ئەو مەرجانە:**

- **دەبێ بەندکراو یەک لەسەر چواری حوکمەکەی لە بەندیخانە بەسەر بردبێت کە نابێت لە ساڵێک کەمتر بێت.**
- **دەبێ دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت.**
- **دەبێ ڕەوشتی باش بێ و مەترسیدار نەبێ بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی.**
- **پێویستە بەندکراو 5- 20 ملیۆن دینار وەک بارمتە لە بانک دابنێ.**



# هەر عێراقییەک مینێکی بەر دەکەوێت

## وەزیری ژینگەی عێراق: ملیۆنان مین و کەرەستەی بە یۆرانیۆم پیس هەڕەشە لە عیراق دەکەن


قوربانییەکی مین لە کوردستان

**ڕووداو- AFP**

نەرمین عوسمان، وەزیری ژینگەی عێراق سکاڵای ئەوەی کرد، کە لە بودجەی گشتیی دەوڵەتدا ڕێژەیەکی کەم بۆ وەزارەتەکەیان تەرخان کراوە بۆیە نەیانتوانیوە ئەو ملیۆنان مین و کەرەستە سەربازییەی بە یۆرانیۆم پیس بووە هەڵبگرنەوە، کە هەڕەشە لە هاووڵاتیانی عێراق دەکات.

مینی نێو زەوی لە عێراقدا پاشماوەی 20-30 ساڵ لەمەو بەرە و هی کاتی شەڕی عێراق ئێرانە (1980 - 1988)، بەڵام تانک و ئامێری یۆرانیۆماوی بۆ شەڕی کەنداو لە ساڵی 1991 و هاتنی هێزەکانی ئەمریکا لە ئاداری 2003دا دەگەڕێتەوە.

نەرمین عوسمان بە ئاژانسی ڕۆژنامەوانیی فەرەنسای ڕاگەیاند "بە هۆی نائارامیی باری ئەمنییەوە، تەنیا لە 80%ی ئەو شوێنانەمان دۆزیوەتەوە کە پیسن، تا ئێستاش شوێنانێک هەن کە ناتوانین بیانگەینێ".

بەقسەی وەزیری ژینگە"گرفتەکانی ژینگە لە وڵاتدا لە ژمارە نایەن، بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو گرفتانەش بە ملیار دۆلار پێویستە"، دووپاتیشیکردەوە"بودجەی وەزارەت دیاری کراوە و 100 ملیۆن دۆلارە".

نەرمین عوسمان گوتیشی "پێویستە دوو هەنگاو بهاوێژین، ئامێری پیس چارەسەر بکەین و بیشارینەوە، ناتوانین یەک تانک بشارینەوە ئەگەر پێشتر چارەسەری نەکەین و نەیتوێنینەوە، ئەمەش پێویستی بە کاتە".

وەزیری ژینگەی عێراق ئاماژەی بە کاریگەریی نەرێنیانەی یۆرانیۆمی پیتێندراو کرد، کە

> **UN عیراق هان دەدات، ئەو بڕیاری قەدەخە کردنە هەڵبوەشێنێتەوە، کە تایبەتە بە مین هەڵگرتنەوە لە لایەن خەڵکی مەدەنییەوە**
>
> نوێنەری UN لە عێراق

بوونەتە مایەی دروست بوونی شەپۆلێکی ترس لە نێو گەلی عێراقدا. یۆرانیۆمی پیتێندراو کانزایەکی تیشکدەرە و لە قورقوشم دروست دەکرێت و تانک دەبڕێت، هێزەکانی هاوپەیمانی لە شەڕی کەنداو لە ساڵی 1991 و لە هێرشی سەر عێراق لە ساڵی 2003دا بەکاریان هێنا، دوو هێندەی قورقوشمیش چڕەو گرفتی تەندروستی دەنێتەوە، لەوانە لەدایکبوونی منداڵی شێواو و حاڵەتی تووشبوون بە شێرپەنجە.

نەرمین عوسمان دووپاتیکردەوە"هەموو تیشکێک مەترسیدارە، بەڵام ڕادەی مەترسی و کاریگەریی تیشکی یۆرانیۆمی پیتێندراو بۆ سەر تەندروستیی مرۆڤ تا ئێستا لەبەر لێکۆڵینەوەدایە"، هاوکات دانی بەوەشدا نا کە "چارەسەر کردنی مینی نێو زەوی و زار، کە تا ئێستا عێراقی بێتاوان دەکوژێت و کەم ئەندامیان دەکات، بە لای وەزارەتەکەیانەوە کاری لە پێشینەیە". ڕوونیشیکردەوە هەر هاووڵاتییەک مینێکی بەر دەکەوێت "25 ملیۆن مین لە خاکی عێراقدا هەیە، ئەمەش چارەکێکی هەموو ئەو مینەیە کە لە سەرانسەری جیهاندا نراوەتەوە".

تا ئێستا پرسی پووچەڵ کردن و هەڵگرتنەوەی مین مایەی مشتومڕە لە عێراقدا کە شەڕ شڕ و شەکەتی کردووە. نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەڵێ کە بڕیاری سوپای عێراق سەبارەت بەوەی ڕێ نادات خەڵکی سڤیل پرۆسەی هەڵگرتنەوەی مین بەڕێوە ببەن، زیانێکی گەورەیە بەر بەڵێنەکانی بەغدا سەبارەت بە لە کۆڵ کردنەوەی ئەو تەقەمەنییە کوشندەیە دەکەوێت. لە ساڵی ڕابردووشدا عێراق بووە ئەندام لە ڕێککەوتننامەی ئۆتاوا بۆ قەدەغە کردنی مینی دژ بە مرۆڤ، ئەمەش وای لەسەر پێویست دەکات کە تا ساڵی 2018 هەموو ئەو شوێنانە پاک بکاتەوە کە ئەو جۆرە مینەی تێدا بڵاوە. نەتەوە یەکگرتووەکان لە تەمووزی ڕابردوودا هۆشداریی دا، کە ئەو ئامانجە لە جێبەجێ کردندا بەرەو ڕووی مەترسی دەبێتەوە.

سوپای عێراق لە کانوونی یەکەمی ڕابردووەوە، لەبەر هۆی ئەمنی، ڕێ بە بەڵێندەرانی سڤیل نادات کاری مین هەڵگرتنەوە بەڕێوە ببەن. هەروەها هەندێ لە گوندنشینانیشی بە گەڕان بە دوای تەقەمەنی (لە نێویشیاندا مین) و فرۆشتنیی بە یاخیبووان، تۆمەتبار کرد.

نەتەوە یەکگرتووەکان لە یەکی مانگی تەمووزدا داوای لە عێراق کرد ڕێ بە کۆمپانیای سڤیلی بیانی بدات، کە لە وڵاتەکەدا کار لە بواری هەڵگرتنەوەی مین بە شێوەیەکی خێراتر بکەن. یاریدەدەری نوێنەری تایبەتی ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ئەندرۆ گلیمۆر لە بەغدا بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند"نەتەوە یەکگرتووەکان وەزارەتی بەرگریی عێراق هان دەدات، ئەو بڕیاری قەدەغە کردنە هەڵبوەشێنێتەوە، کە تایبەتە بە پرۆسەی مین هەڵگرتنەوە لە لایەن خەڵکی مەدەنییەوە".

هەروەها گوتی"یەک لایەن ناتوانێ ئەو پرۆسە فراوانە کە بریتییە لە پاک کردنەوەی عێراق لە مین بە ئاکام بگەیەنێت، تەنانەت ئەگەر هێزەکەی هاوتای (هێزی) سوپا"ی عێراقیش بێت.

# ئۆسلۆ گرانترین شاری جیهان و دوبەی گرانترین شاری عەرەبە

## لە داهاتی تاکە کەسییدا کۆپنهاگن لە پلەی یەکەمدایە، زیورخ لە پلەی دووەم و جنێڤیش لە پلەی سێیەم


ئۆسلۆ


دوبەی

**ڕووداو- CNN**

توێژینەوەیەک کە بانکی UBSی سویسرایی کردوویەتی و تێیدا تێچووی خزمەتگوزاریی لە 73 شاری جیهاندا پێوانە کردووە، ئاشکرای دەکات کە شاری ئۆسلۆی پایتەختی نۆرویژ لە نێو ڕیزبەندی گرانترین شارەکانی دنیادایە ولە ئاستی عەرەبیشدا شاری دوبەی ئیماراتی دێت و وەپێش نیویۆرک و لەندەن کەوتووە، کە گەورەترین دوو ناوەندی داراییین لە جیهاندا.

گەورەترین بانکی سویسرا لەو توێژینەوەیەیدا دەڵێ، کرێی شوقەیەکی بێ کەلوپەل کە لە 3 ژووری نووستن پێکهاتبێت لە شاری دوبەی دەگاتە نزیکەی 4،930 دۆلار مانگانە. ئەو ڕاپۆرتە ڕۆشنایی خستووەتە سەر تێچووی ژیان و خزمەتگوزاری لە ناوچەیەکدا کە لەم ماوەیەی دواییدا پاشەکشەیەکی ڕێژەیی بە خۆوە دیت لە ئاکامی ڕەنگدانەوەی قەیرانە داراییەکەی جیهان. هەردوو کەرتی بانک و خانووبەرە بەرەو ڕووی چەند هەژانێکی دوابەدوای یەک هاتن، وەبەرهێنەرانی ناچار کرد، کە لە کاتی دیاریکردنی نرخی خزمەتگوزارییاندا، سەر لەنوێ ملکەچی میکانیزمی بازاڕ بن.

بە گوێرەی پێوەری ئەو بانکە سویسرییە، دوبەی لە ڕیزبەندی گرانترین شارەکانی دنیا بۆ ساڵی 2009 لە پلەی 19دایە، بەمجۆرە لە نێو ئەو شارە عەرەبیانەی پێوەرەکە گرتنییەوە دوبەی شاری هەرە گرانی عەرەبە.

شاری ئۆسلۆش لە سەرەوەی لیستەکەدایە، پاشان زیورخ، کۆبنهاگن، جنێڤ، تۆکیۆ، نیویۆرک، ئینجا هیلسینکی و پاریس و دبلن وەک گرانترین 10 شاری جیهان دێن. دوبەیش وەپێش چەند شارێکی وەک لەندەن و برۆکسل کەوتووە کە لە گرانیدا بە ناوبانگن.

لە نێو ئەو لیستەدا کە 72 شاری هەرە گرانی جیهانی تێدایە، دەوحەی پایتەختی قەتەر لە پلەی 38دایە، لە نێو شارانی عەرەبیشدا دووەمین گرانترین شارە، پاشان مەنامە پایتەختی بەحرێن دێت، کە لە ئاستی جیهاندا 46ەمینە، ئینجا قاهیرە دێت کە لە ئاستی جیهاندا لە پلەی 68ەمینە.

ئەو توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی"نرخ و داهاتی ساڵی 2009" کراوە، دەڵێ دوبەی لە ڕووی هەندێ خزمەتگوزارییەوە لە پێشەوەی گرانترین شارەکانی جیهاندایە. بۆ نموونە لە سەرتاشین، کرێی تەلەفۆن، تێچووی بۆیاغکاری، بلیتی سینەما و ژەمە خواردنی چێشتخانەکاندا، شاری هەرە گرانی جیهانە.

ئەوەی بە گوێرەی توێژینەوەکە جێی سەرنجە، تێکڕای کاتی کار کردن بۆ ئەوانەی لە دوبەی و دەوحە و مەنامەدا کار دەکەن دەگاتە 2210 سەعات لە ساڵێکدا، بە جیاوازیی 308 سەعات لەگەڵ ڕێژەی جیهانیدا.

هەر بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی بانکی (یو بی ئێس) نرخ لە هەر سێ شاری جنێڤ و تۆکیۆ و نیویۆرکدا بە ڕێژەی 20% لە گەورە شارەکانی دیکەی ڕۆژئاوا گرانترە، مۆسکۆش لە ڕووی گرانییەوە لە پلەی 56ەمیندا هاتووە. ڕاپۆرتەکەی ئەو بانکەی سویسرا باسی تێکڕای داهاتی تاکە کەسیش دەکات، لەم ڕووەوە کۆبنهاگن لە پلەی یەکەمدایە، زیورخ لە پلەی دووەم و جنێڤیش لە پلەی سێیەمدا. مۆسکۆش لە ڕووی داهاتی تاکە کەسەوە لە نێو ئەو 73 شارەدا 41ەمین شارە.

# ئۆباما لە کاتی پشوودا چی دەکات

## لە ماوەی هەفتەیەکدا کۆمەڵێک کتێبی هەمەجۆر دەخوێنێتەوە کە ژمارەی لاپەڕەکانیان دەگاتە نزیکەی 2300 لاپەڕە



**ڕووداو- الشرق الاوسط**

سەرۆکی ئەمریکا باراک ئۆباما هەفتەی ڕابردوو گەیشتە دوورگەی "مارساز فینیارد" کە شوێنی هەڵبژاردەی ئەوەو لە یەکەمین مۆڵەتی فەرمیی خۆیدا، دوای دەستبەکار بوونی وەک سەرۆکی ئەمریکا لە کانوونی دووەمی ڕابردوودا، ڕووی تێ دەکات.

لەو مۆڵەتەدا ئۆباما بە نیازە کاتی خۆی بۆ پشوودان و وەرزش و خوێندنەوەی کۆمەڵێک کتێبی هەمەجۆر و هەمە بابەت کە ژمارەی لاپەڕەکانیان دەگاتە نزیکەی 2300 لاپەڕە، تەرخان بکات. هەندێ لەو کتێبانە ڕەنگە لە سیاسەتی ئابووری و ژینگەپارێزیدا یارمەتیدەری بن، وەک کتێبی"بۆچی ئێمە پێویستمان بە سامانێکی سەوز هەیە" لە نووسینی تۆماس فریدمان، کە یەکێکە لە گۆشەنووسانی"نیویۆرک تایمز"، ناوەڕۆکی کتێبەکەش لە بارەی ئەوە دەدوێ کە پێویستە تەرزی ژیانمان بگۆڕین لە پێناوی ڕەوشی ئابووری و پاراستنی هەسارەی زەوی.

لیستی کتێبەکانی ئۆباما کتێبی ووروژێنەر و تاوانیشیان تێدایە، لەوانە ڕۆمانێکی پۆلیسی لە نووسینی جۆرج بیلیکانۆس بە ناونیشانی "ڕێگای بەرەو ماڵ". وا باوە بیلیکانۆس دەربارەی تاوان و نائارامییەکانی شەقامە ترسناکەکانی واشنتن دەنووسێ. هەروەها کتێبی"لاش لایف"ی ڕیچارد برایس دەربارەی تاوانێکی کوشتن لە مەنهاتن و ڕۆمانی"بلاین سۆنگ"ی کنت هارووف، کە ڕووداوەکانی لە پێدەشتە فراوان و بەربڵاوەکانی کۆلۆرادۆ لە ڕۆژئاوای ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕوو دەدەن. هەروەها ژیاننامەی"جۆن ئادەمز"یشی لە نێودایە کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە نووسینی دیڤید ماکولوف، کە بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە دوورگەی "مارساز فینیارد" دەژێ.

سەرۆک ئۆباما لە یەکەمین ڕۆژانی مۆڵەتەکەیدا وەرزشی کرد، گەمەی تێنس و گۆلفی کرد و چاوی بە چەند کتێبێکی هەمەڕەنگیشدا خشاند. یەکەمین ڕۆژی مۆڵەتەکەی لەو خانووەی کە لە"مارساز فینیارد"دا بە کرێی گرت، بە دانیشتنێکی کار دەست پێکرد.

بڕیاریش نییە باراک ئۆباما لەو هەفتەی پشووەی خۆیدا، بەشداری لە هیچ بۆنەیەکی گشتیدا بکات. لەگەڵ ئەوەشدا تەلەفۆن لەگەڵ چەند پەرلەمانتارێک دەکات بۆ ئەوەی دڵنیا بێت کە پرۆژەی چاکسازیی تایبەت بە بیمەی تەندروستی بە باشی بەڕێوە دەچێت. ڕۆژێ پێشتریش کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی لە دوورگەکەدا گرێدا، بۆ ئەوەی دووپاتی بکاتەوە کە"بن بیرنانکی" لە پۆستەکەیدا وەک سەرۆکی یەدەگی فیدرالی (بانکی ناوەندیی ئەمریکا) دەمێنێتەوە.

سەرۆک ئۆباما و میشێلی هاوسەری و هەردوو کچەکەی مالیا و ساشا، مۆڵەتەکەیان بە ئێوارە خوانێک لە ڤیللای"بلوو هیرون" دەست پێکرد، کە لە کارگوزارێکی سەر بە پارتی کۆماری و یەکێ لە گەورە کۆمەک بەخشان بۆ پشتیوانیکردن لە هەڵبژاردنی سیناتۆر جۆن مەکین ڕکابەری ئۆباما بۆ پۆستی سەرۆکایەتی، بە کرێی گرت. لەو ئێوارە خوانەدا هەندێ لە دۆستانی ویلایەتی شیکاگۆ (خاتوو گاریت و خێزانی ئەریک ویتیکار)یش بەشدار بوون. سەرۆک ئۆباما لەگەڵ میشێلی هاوسەری پێکەوە تێنسیان کرد، بەر لەوەی دەست بە گەمەی گۆلف بکات لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوکاراندا، لە نێویاندا سەرۆک ئەنجومەنی کارگێڕیی بانکی"یو بی ئێس"ی سویسرایی ڕۆبێرت وۆڵف، هەروەها لەگەڵ کۆنگرێس مانی ڕەش پێست جیمس کلیبیرن لە ویلایەتی ساوس کارۆلینا. لەو گێمە وەرزشییەدا مارفین نیکۆلاس بەڕێوەبەری گەشتەکان لە کۆشکی سپیشدا هاوبەشیان بوو.

گوتەبێژی کۆشکی سپی گوتی کە لەبەر ئەوەی سەرۆک گەلێ بە کاری گشتییەوە سەرقاڵ نییە، بۆیە "هەر خۆی پرۆگرامی ڕۆژانەی خۆی دادەنێت. بەیانیان لە خەو هەڵدەستێت و نانی بەیانی دەخوات و هەندێ مەشقی وەرزشی دەکات، هەندێ لە کاتی خۆی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەشیدا بەسەر دەبات".

# جێسیکا و بیۆنسێ مەترسیدارترین ڤایرۆسن

**ڕووداو- CBN**

هەفتەی ڕابردوو ڕاپۆرتێک ڕوونیکردەوە، کە گەڕان بە دوای ناوی ناودارانی وەک ئەستێرەی سینەما "جیسیکا بێڵ"و ئەستێرەی بە ناوبانگی ئەمریکایی"براد بێت" لە ئینتەرنێتدا، دەبنە مایەی تووشبوونی کۆمپیوتەر بە ڤایرۆسی یەکجار ترسناک، کە ڕەنگە ببێتە مایەی تێکچوونی کۆمپیوتەرەکە. چونکە چەتەکانی تۆڕی ئینتەرنێت سوود لەو جۆرە ناوانە وەردەگرن بۆ تێکدانی ئامێری خەڵکانی دی.

ئەو ڕاپۆرتە، کە لەلایەن کۆمپانیای ئاسایشی کۆمپیوتەر"Macafee"یەوە دەرچووە، ڕوونیدەکاتەوە، کە ئەکتەری ناودار "جیسیکا بێڵ" لە سەرەوەی ئەو لیستەی ناوداراندایە کە گەڕان بە دوای ناوەکانیاندا لە نێو ئینتەرنێتدا، بەرەو ماڵپەڕ یان وێنە یان گرتەی ڤیدیۆیی وات دەبەن، کە ڕەنگە ببنە مایەی مەترسی بۆ سەر کۆمپیوتەر و کاراییەکەی.

ڕاپۆرتەکە ناوی"جیسیکا بێڵ"ی بە هەرە مەترسیدار لە گریمانە گەردووندا دانا، کە لە ڕووی مەترسییەوە گۆرانبێژی ڕەش پێست "بیونسێ نولز" و خانمە ئەکتەر"جینیفر ئانستون" و ئەستیرەی تۆپی پێی ئەمریکا "تۆم بادی" و گۆرانیبێژ "جیسیکا سیمبسۆن" بەدوای یەک، لە ڕووی مەترسییەوە، لە چوار پلەی دوای ئەوەوە دێن.

شین کیتس، توێژەر و شیکار لە کۆمپانیاکە گوتی"ناوی بێڵ ئێستا یەکجار باوە، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە هاکەران دەزانن کامە ناو لە نێو خەڵکیدا هەرە باوە، ئەوان بە ڕاستی زیرەکن و دەتوانن بۆ ئەو ڕەوت و ململانێیانەی لە سەر ئینتەرنێتدا هەن، بەدواداچوون بکەن".

کیتس ڕوونی کردەوە، هاککەران سوود لە ڕەوتە باوەکانی هونەر و کولتوور وەردەگرن بۆ بڵاو کردنەوەی ڤایرۆس و پرۆگرامی زیانبەخش. دەربارەی ئەو مەترسییانەی لە ئاکامی گەڕان بە دوای ناوی ناودارانەوە دێتە ئاراوە، کیتس گوتی "ڕەنگە سووک و تاقەت پڕووکێن بن و ڕەنگە هێندەش مەترسیدار بن تا ڕادەی ڕووخێنەری و کارەساتباری".

بۆ چارەسەر کردنی ئەو گرفتە، کیتس پێیوایە پێویستە بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر لە هیچ ماڵپەڕێکدا بە دوای ناوی ناوداراندا نەگەڕێن، هەروەها لەو شوێنانەی کە لێشی دەگەڕێن و ئەو ماڵپەڕانەی دەیانکەنەوە، وا چاکە وریا و بە پارێز بن، هەروەها خۆیان بە دوور بگرن لە هەر پەیوەندییەکی دەرەکی کە بەرەو ماڵپەڕی نەناس پەلکێشیان دەکات.

"مکافی"ش لە لای خۆیەوە لە بەیاننامەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، کە لەو ڕاپۆرتەیدا 900 ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی و 150 ڕیتمی ناودارانی لەسەر مۆبایل ڕووپێو کردووە، ناودارانیشی بە گوێرەی ڕێژەی ئاکامی زیان بەخشانەیان بۆ کۆمپیوتەر لە کاتی گەڕان بە دوای ناوی هەر یەکەیانەوە، پۆلێن کردووە.

براد بێت کە لە سەرووی لیستەکەی ساڵی ڕابردوودا بوو، ئەمساڵ بۆ پلەی دەیەم دابەزیوە، هاوکات سەرۆک ئۆباما و میشێلی هاوسەری لە پلەی نیمچە لە پاشدان، کە بەدوای یەک لە پلەی 34 و 39دان.


گەڕان بەدوای ناوی جێسیکا و بیۆنسێ لە ئینتەرنێتدا کۆمپیوتەرەکەت تووشی ڤایرۆس دەکات

# نەختی زۆر ئاستەنگ دەخاتە بەردەم هاوسەرگیریی گەنجانی ئێزدی







## ئەنجوومەنی روحانیی ئێزدی ژنهێنان ئاسان دەکات

**سۆران بەهائەددین**
**رووداو-هەولێر**

شادی 22 ساڵ، لە بەیانییەوە تا ئێوارە لە شاری هەولێر کرێکاری دەکات، تا پارەی ژنهێنانەکەی کۆ بکاتەوە. شادی کە گەنجێکی ئێزدیە دەڵێت بەهۆی ئەوەی نەختی ژنهێنان لە نێو ئێزدییان زۆرە ناچارم بە بەردەوامی کار بکەم. شادی دەبێت نزیکەی 15 ملیۆن دینار بداتە باوکی ئەو کچەی کە دەیەوێ بیخوازێ. جگە لەو پارەیەی لە ئاهەنگی گواستنەوە خەرجی دەکات

ئەو گەنجە ئێزدیە دەڵێت نەخت لە ناو ئێزدیان بەپێی چەند پێوەرێکە "ئەگەر کچەکە جوان بێت نزیکەی 15 ملیۆن دیناری دەوێت، بەڵام کچێکی ناوەندی 8 ملیۆن دیناری دەوێت، ئەگەر کچەکە بۆ کوڕە ئێزدییەکی هەندەران بێت، سەت لە سەت لە 15 ملیۆن دینار کەمتر نییە، پارەکەش هەموو بۆ باوکی کچەکەیە"، گوتیشی "ئەوە وای کردووە، زۆرجار کوڕەکان کچە خۆشەویستەکانیان هەڵبگرن".

ژنهێنان لەنێو ئێزدییان، تایبەتمەندی خۆی هەیە کە ئەویش وەرگرتنی نەختێکی زۆرە وەک (شیربایی) لە کوڕەکە، کە دەدرێت بە باوکی کچەکە، هەندێک جاریش باوکەکە پارەکە لە کچەکەی خەرج دەکاتەوە. هەر چەندە کەسانی موسڵمانیش ئەو کارە دەکەن، بەڵام بەپێی ئاینی ئیسلام شیربایی حەرامە.

نەختی زۆری کچان، ئەنجوومەنی رووحانیی ئێزدیانی ناچار بە دەرکردنی بڕیارێک کرد، ئەویش کەمکردنەوەی مارەیی کچانە بۆ 75 گرام زێڕی عەیار 21. خەیری بوزانی، بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزدیان لە وەزارەتی ئەوقاف، ئاماژەی بەوەدا ئەنجومەنی روحانی بڕیاری داوە نابێت مارەیی لە 75گرام زێڕی عەیار 21 زیاتر بێت، تەحسین خدر 18ساڵ، دانیشتووی شێخان، لە چێشتخانەیەکی هەولێر کار دەکات، بە گوێرەی قسەکانی تەحسین تا 3ساڵی تر کار بکات ئینجا دەتوانێت پارەی نەختی ژنهێنان تەواو بکات، تەحسین دەڵێت زۆربەی باوکەکانیش ناتوانن هاوکاری کوڕەکانیان بکەن بۆ ژنهێنان لەبەر هەژاری "زۆربەی گەنجان لە هەولێرو شوێنی دیکە کار دەکەن و بڕێک پارە پەیدا دەکەن و روو لە هەندەران دەکەن، لەوێ کار دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن لێرە ژن بێنن".



> ئەنجومەنی روحانیی ئێزدی بڕیاری داوە نابێت مارەیی لە 75گرام زێڕی عەیار 21 زیاتر بێت
>
> خەیری بوزانی، بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزدیان لە وەزارەتی ئەوقاف

لەبەر هەژاری و بێکاری و ئەو نەختە زۆرەی داوا دەکرێت، رێژەیەکی زۆر لە کچان ماونەتەوە، کچانیش پێیان خۆشە ئەو نەختە نەمێنێت، بەڵام تەحسین دەڵێت لای ئێمە کچ ناتوانێت لەو بابەتانە قسە بکات "دایکیشی ناوێرێت قسە بکات، تەنیا باوکی نەبێت"، بەڵام تەحسین بڕیاریداوە ئەگەر خوشکەکەی کوڕێکی بەدڵ بوو بێ نەخت پێی بدات.

زیاتر لە نیو ملیۆن ئێزدی لە کوردستان و عێراق هەن، کە زۆربەیان لەسنووری پارێزگای دهۆک و موسڵن، ئاینی ئێزدیش وەک زۆربەی ئاینەکانی دیکە رێگە بە ژن و ژنخوازی نادات لەگەڵ ئاینەکانی دیکە. تەنانەت لەنێو خودی ئاینەکەش پلە بەندی هەیە بۆ ژن و ژنخوازی، لەنێو ئەو ئاینەدا 3 چین هەن (پیر، شێخ و مورید)، کە ژنخوازی لەنێوان ئەو چینانەدا نییە.

د.دەخیل سەعید وەزیری هەرێم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە ئێزدییە، پێیوایە ئەو بڕەی ئەنجوومەنی رووحانی ئێزدی دیاریکردووە زۆر نییە و پێی باشە نەخت بمێنێت "ئەی باوکی کچەکە چی بکات؟، بە خۆڕایی پێی بدات، رەنگە ئەوانیش هەژاربن، با دەوڵەمەندەکان وەری نەگرن". گومان دەکرێت رێژەیەکی زۆر لە ئێزدییەکان پابەندی ئەو بڕیارە نەبن، بەڵام د.دەخیل دەڵێت "ئەوەی زیاتر پارە وەربگرێت، ئەوە ئێزدی نییەو ئیمانی لاوازە".

مەروان عەبدوڵڵا، 23ساڵ، دانیشتووی باشیک، مانگانە بە 350دۆلار لە هۆتێلێکی هەولێر کار دەکات، ئەو ئاماژە بە دیاردەیەکی دیکەی نێو ئێزدیان دەدات و دەڵێت "ئەگەر کچەکە فەرمانبەر بێت جگە لەوەی نەخت زۆر وەردەگرن، دەبێت بەلانیکەم ساڵێک مووچەکەی بۆ باوکی بێت".

گەنجانی ئێزدی بۆ ئەوەی بتوانن هاوسەرگیری بکەن، دەبێت روو لە دەرەوەی دەڤەرەکەیان بکەن بۆ ئەوەی کارێکیان دەست بکەوێت، شادی باسی لە هاوڕێیەکی خۆی دەکرد، کە چووەتە داخوازی خۆشەویستەکەی، باوکی کچەکە ئامادە نەبووە بێ نەختی 10 هەزار دۆلار کچەکەی پێبدا "کوڕەکە چووە بەغدا، بەڵام پارەکەی تەواو نەکرد کوژرا".

# کچان داوای ماڵی جیا لە کوڕان دەکەن

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

زانا و خۆشەویستەکەی، ئەو کاتەی لە زانکۆ بوون، هەموو شتێکیان لەنێوان خۆیان کۆتایی پێهێنابوو، بەڵام کاتێک چووە خوازبێنی، کەسوکاری کچەکە یەکەم مەرجیان ئەوە بوو دەبێ ماڵی جیای بۆ دابنێ، بەمەش ماڵی جیا بووەتە بەربەست لەبەردەم بەیەکگەیشتنی ئەو دوو خۆشەویستە.

زانا بڵباس، 24 ساڵ، تا ئێستا دوو جار چووەتە خوازبێنێ خۆشەویستەکەی، بەڵام بەهۆی پێداگری خانەوادەکەی لەسەر ماڵی جیا تا ئێستا نەیتوانیوە بەخۆشەویستەکەی بگات، زانا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە،

> بەپێی یاسا هەر کچێک شوو بکات مافی خۆیەتی داوای ماڵی جیا بکات
>
> دادوەری باری کەسی لە هەولێر

ئەوان پێشوەخت لەسەر ئەوە رێکەوتبوون، تا دامەزراندنیان لەگەڵ ماڵی باوکیدا بژین. ئەو بەنیازە جارێکی دیکەش بچێتەوە خوازبێنێ. زانا گوتی "ئەگەر هەردووکمان دابمەزراباین، دەمانتوانی خانووێک بەکرێ بگرین، بەڵام کە هیچ مووچەیەک شک نابەم، بە کرێکاری فریای خەرجی ماڵ و کرێی خانوو ناکەوم".

"ماڵی جیا" لەنێو کچانی ئێستا بووەتە نەریت و هەر کوڕێک بچێتە خوزابێنیان داوای ماڵی جیای لێدەکەن، ئەو داواکارییەش بەربەرستی لەبەردەم چەندین گەنج دروستکردووە، کە نەتوانن ببچنە ژیانی هاوسەرییەوە، چونکە ناتوانن خۆیان لە قەرەی ئەو داواکارییەی کچان بدەن.

ئەڤین خەسرۆ، 25ساڵ، دەرچووی زانکۆیە، یەکێکە لەو کچانەی تا ئێستا بەهۆی پێداگری بۆ ماڵی جیا چەند جارێک چانسی شووکردنی لەدەستداوە، بەڵام ئەو کچە پەشیمان نییە و دەڵێ "ئەگەر 5 ساڵی دیکەش چاوەڕێ بم، ئامادە نیم شوو بەپیاوێک بکەم ماڵی جیام بۆ نەکات".

ئەڤین، هۆکاری ئەو پێداگیرییە بۆ (رووداو) روونەدەکاتەوەو دەڵێت "دەمانەوێ دوور لە دەستێوەردانی کەسوکاری کوڕەکە لە ژیانمان بژین و چێژ لەژیانی ژن ومێردایەتی وەربگرین و نەبینە خزمەتکاری خەسو و خەزوور".

زۆربەی کچان حەزدەکەن ماڵی جیایان هەبێ، بەڵام فرمێسک موئەیەد، 27ساڵ، فەرمانبەر، کە هێشتا شووی نەکردوە، لەگەڵ ئەوەدایە کچان ئەگەر کەسێکی شیاویان دۆزییەوە و بەدڵیان بوو باشتروایە شوو بکەن، ئەگەر چەند ساڵێکیش لەگەڵ کەسوکاری کوڕەکەش پێکەوە ژیان "ئەوکات دەتوانن خۆیان رێکبخەن بۆ جیاکردنەوەی ماڵ".

شوکریە تەلعەت، 48 ساڵ، خاوەنی 5 کچە تائێستا دوو لەکچەکانی بەمەرجی ماڵی جیا بەشوو داوە، دەڵێ "هەرگیز رازی نیم کچەکانی دیکەشم بەبێ مەرجی پێشوەختی ماڵی تایبەت بەشوو بدەم، چونکە باش دەزانم دەکەونە بەردەستی خەسوو ژیانیان خۆش نابێت".

ماڵی جیا تا ئێستا کێشەی بۆ چەندین گەنج دروستکردووە، کە ئەنوەر ئەسعەد، 26ساڵ، یەکێکیانە. ئەسعەد ماوەی سێ مانگە ژنەکەی بەهۆی داواکردنی ماڵی تایبەت تۆراوە. ئەسعەد گوتی "من دەتوانم ماڵی جیا بۆ خێزانەکەم دابنێم، بەڵام دایک وباوکێکی پیرم هەیە ناتوانم بەجێیان بهێڵم"، گوتیشی "دەترسم ژنەکەم سکاڵام لەسەر تۆمار بکات".

دادوەر فەرهاد کاکەرەش، دادوەری باری کەسی لەهەولێر، ئاماژە بەوەدەدات، بەپێی یاسا هەر کچێک شوو بکات مافی خۆیەتی داوای ماڵی جیا بکات، هەر کاتێکیش پیاوەکەی ئامادە نەبوو ماڵی جیای بۆ بکات ژنەکە دەتوانێت سکاڵا لەدادگا تۆمار بکات، گوتیشی "لەکاتی تۆمار کردنی سکاڵا تا ئەو رۆژەی ماڵی جیا بۆ ژنەکەی دادەنرێت، دەبێت پیاوەکە بژێوی ژنەکەی بدات، ئەگەر پیاوەکەی رازی نەبوو یان نەیتوانی ماڵی جیا بۆ ژنەکە دابنێ ژنەکە بۆی هەیە داوای تەلاق لەپیاوەکەی بکات".

ئەم دادوەرە، گوتیشی "تۆمار کردنی سکاڵا لەدادگا لەلایەن ئەو ژنانەی داوای ماڵی جیادەکەن رۆژ بەرۆژ لەزیاد بووندایە، تەنانەت دەتوانین بڵێین 50% هۆکارەکانی جیابوونەوە و تەڵاق دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەنەبوونی پیاو لەدانانی ماڵی تایبەت بۆ ژنەکانیان".

کۆمەڵناسانیش ماڵی جیا بە مافی رەوای کچان دەزانن، پێیانوایە باشترین هۆکار بۆ دروست نەبوونی کێشە و بەئاسودە ژیانی نێوان ژن و مێرد ماڵی جیایە. ئاری هاوار، توێژەری کۆمەڵایەتی پێیوایە، چاولێکەری کچان

> نامەوێ ببمە خزمەتکاری خەسوو و خەزوور
>
> کچێک

و دەستتێوەردانی خێزانەکان لەژیانی تایبەتی کچەکانیان و بێمتمانەی خێزانەکان بەیەکتری هۆکاری سەرەکی داواکاری ماڵی جیایە لەلایەن کچان.

ئەو کۆمەڵناسە گوتیشی "هەر چەندە داواکردنی ماڵی جیا مافی رەوای هەر کچێکە، بەڵام پێویستە کچان باری دارایی و کۆمەڵایەتی کوڕان لەبەر چاو بگرن، بۆئەوەی پێداگرییەکانیان نەبێتە لەدەستدانی چانسی شووکردنیان".




# گەنجان دوای هاوسەرگیریش واز لە پەیوەندییەکانیان ناهێنن



**رووداو- هەولێر**

لەقۆناخی یەکەمی زانکۆیدا، رزگار گیرۆدەی خۆشەویستی کچێکی مارەکراو دەبێت و کچەکەش رازی دەبێت بەو پەیوەندییە، لەچوار ساڵی زانکۆ ئەو پەیوەندییەیان بەردەوام دەبێت، پاشان کچەکە دەگوازرێتەوە، بەڵام وازی لەرزگار نەدەهێناو زیاتر تێکەڵی یەکدی بوون "نەمدەتوانی وازی لێ بێنم، ئەویش بۆ من شێت ببوو، دەیگووت بەس تۆ رازی بە تەڵاق وەردەگرم".

رزگار، 26 ساڵ، سەرەتا رازی دەبێت خۆشەویستەکەی تەڵاق وەربگرێت و بیگوازێتەوە، بەڵام دواتر پاشگەز دەبێتەوە "ژنێک بەرانبەر بە مێردەکەی وا بکات، دوو رۆژی دیکە خیانەت لەمنیش دەکات، ئێستا پەیوەندیمان تێکچووە".

ئەگەرچی زۆرجار خۆشەویستان بەیەک ناگەن و هەریەکەیان رێگەی خۆی دەگرێت، بەڵام ژیان بۆ ئەوان دەبێتە یادگاری و لەهەموو شتێکدا وەک ئاوێنە یەکدی دەبینن، هەندێک جار بە نهێنی عەشقەکەیان بەردەوام دەبێت، ئەوەش دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە، کۆمەڵناسانیش دەڵێن "لەهەموو کۆمەڵگایەک ئەو دیاردەیە هەیە".

لەناو دوکانەکەیدا دانا محەمەد، 22 ساڵ، پەیوەندی لەگەڵ کچێکدا دروستدەکات، ئەو نیازی هێنانی کچەکەی نەبوو، بۆیە پەیوەندی لەگەڵ چەند کچێکی دیکە دانا بوو، کچەکەش بێ ئاگابوو لەو پەیوەندیانە، بەڵام کە دڵنیابوو دانا ئەو ناهێنێت شووی کرد، کەچی نەیتوانیووە خۆشەویستی دانا لەدڵ دەربکات، دانا دەڵێت "داوای چی لێ بکەم ناڵێت نا، کچ ئەگەر شووی کرد، دەتوانیت هەموو شتێکی لەگەڵ بکەیت".

بە بڕوای د.محەمەد شوانی، مامۆستا لەبەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحەددین، واز نەهێنانی کچ و کوڕ دوای هاوسەرگیری خیانەتەو کێشەی کۆمەڵایەتیشی لێدەکەوێتەوە، هۆکاری وازنەهێنانەکەیشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە لەوانەیە هاوسەرەکەی نەتوانێت ئەو خۆشەویستییەی بۆ پڕ بکاتەوە کە پێشتر هەیبووە "دەبینن پێشتر خۆشەویستەکانیان لایەنی دەروونی و رووحی بۆ پڕکردبوونەوە، کەچی دوای هاوسەرگیری لەوانەیە لایەنی سۆزداری فەرامۆش بکرێت، یان رەنگە بە ئارەزووی خۆیان هاوسەرگیری نەکەن".

> کچ ئەگەر شووی کرد، دەتوانیت هەموو شتێکی لەگەڵ بکەیت
>
> کوڕێک

ئەو کۆمەڵناسە جەختدەکاتەوە سەر یەکەم خۆشەویستی کە لەبیرچوونەوەی ئەستەمە، وەک ئەو دەڵێت لەکۆمەڵگەی کوردستان ناهێڵن ئەوەندە کچ و کوڕ تێکەڵ بێت، بۆیە تامەزرۆی یەکتر دەبن، کە یەکەم جار بە یەکتر دەگەن، ئەو رۆژە لەیاد ناکەن، بە تایبەتی ئەوانەی هەرزەکارن، دەڵێت "یەکەم خۆشەویستی لەرووی دەروونییەوە تاموچێژێکی زیاتری لێ وەرگرتووە، ئەو حەز دەکات ئەو ئارامە دەروونییەی بەردەوام بێت، خۆشەویستیی یەکەم وەک نەخشی سەر بەرد وایە".

بەختیار 31 ساڵ، ماوەی چەند ساڵێک کچێکی دراوسێیانی خۆشدەویست، چووە داخوازی، بەڵام بنەماڵەی کچە رازی نەبوون، بە کوڕێکی تریاندا، وەک بەختیار باس دەکات، ئەو کاتانەی کچەکە دێتەوە ماڵی باوکی یەکدی دەبینن "سەد جار مێردەکەی بە قوربانم دەکات، دەشزانێت مێردەکەیشی پەیوەندی لەگەڵ کچە خۆشەویستێکی نەبڕیووە، بەڵام ئێستا ژنم هێناوە، وازم لێهێنا".

بەهۆی بەردەوامی پەیوەندییە ناشەرعییەکانی ژن و مێرد، زۆرجار لایەنێکیان دەبێتە قوربانی ئەو پەیوەندییەو ژیانیان پڕ دەبێت لە ناخۆشی، کە لەزۆر حاڵەتدا هەڵوەشاندنەوەی خێزانی لێدەکەوێتەوە، دڵخواز، ناوی خوازراوی ژنێکی 23ساڵانە، 2 ساڵە شووی کردووەو دایکی منداڵێکە، مێردەکەی بەر لەوەی ئەو بگوازێتەوە پەیوەندی لەگەڵ کچە دراوسێیەکیان هەبوو، چووە داخوازی پێیان نەدا، ئێستا دوای ئەوەی دڵخوازی هێناوە، بەڵام واز لەکچەکە ناهێنێت، دڵخواز دەڵێت "بەردەوام لەسەر ئەوە شەڕمانە، مانگێکە قسەم لەگەڵ مێردەکەم نییە، خیانەتم لێدەکا".

بەشێک لەگەنجان ئەوەیان بۆ یەکتر یەکلایی کردووەتەوە کە خۆشەویستەیەکەیان بۆ هاوسەرگیری نییە، ئارامی 23 ساڵ، یەکێکە لەو نموونانە، ئەو چوار ساڵ لەگەڵ کچێک بوو، پاشان کچەکە شووی کرد، ئارام دەڵێت بەڵێنمان دابوو هەر کاتێک یەکێکمان هاوسەرگیریمان کرد، پەیوەندیمان دەپچڕێت "هەرچی بکەم درۆ ناکەم، پێم گوتبوو ناتوانم هاوسەرگیریت لەگەڵ بکەم، دوای شووکردنی وازم لێهێنا، چونکە بە خیانەتی گەورەم دەزانی، ئەویش چیتر رووی لەمن نەکرد".

بۆ چارەسەری ئەو دیاردەیە د.محەمەد پێیوایە دەبێت گەنجان لەکاتی خۆشەویستی عاقڵانە بیربکەنەوە، خۆشەویستییەک نەکەن کە بزانن ئەستەمە بەیەک گەیشتنیان، جگە لەوەش پێویستە چارەسەری ئەو کۆسپانە بکرێت کە ناهێڵێت دوو خۆشەویست بەیەک بگەن، ئەو کۆمەڵناسە گوتیشی "راستە خۆشەویستی زۆرجار بەدەستی خۆت نییە، بەڵام نابێت خۆشەویستییەک بکەن کە بزانن ئەنجامی نابێت".

# هەولێر لە بەنزینخانە مۆبیلەکان دەترسێ




**عیسا عەبدولقەهار**
**ڕووداو- هەولێر**

هاووڵاتییان ترسیان لە بەنزینخانەکانی نێو گەڕەکەکان (بەنزینخانەی مۆبایل) هەیە. بە تایبەتی لە حاڵەتی ئاگر کەوتنەوە لە بەنزینخانەکان یان نزیک بەنزینخانەکان. بەڕێوەبەری ئاگرکوژێنەوەی هەولێریش دەڵێت "تائێستا هیچ حاڵەتێکی ئاگرکەوتنەوە بەهۆی ئەو بەنزینخانانە ڕووینەداوە".

ریز بەستنی ئۆتومبێلەکان بۆ بەنزینخانە بازرگانییەکەی گەڕەکی برایەتی لە هەولێر، هەندێکجار دەگاتە بەر دەرگای هاووڵاتییان، ئەکرەم حوسێن دانیشتووی ئەو گەڕەکە دەڵێت" بەنزینخانەکە لە ماڵمان نزیکە و دەترسم ڕۆژێک بەهۆی ئاگرکەوتنەوە، ماڵەکەم گڕ بگرێ".

بەمەبەستی نەهێشتنی فرۆشتنی بەنزین بە دەبە، ساڵی پار بەبڕیارێکی پارێزگای هەولێر، نزیکەی 40 بەنزینخانەی موبیل لەلایەن هەردوو کۆمپانیای خۆماڵی کیرۆن و دڵنیا دروستکران.

سیروان فارس، بەڕێوەبەری گشتی کارگێری لە دیوانی پارێزگای هەولێر دەڵێ شوێنی ئەو بەنزینخانانە گونجاوە"بەڵام شوێن هەیە بەدەست ئێمە نییە دەبێ بەنزینخانەیەکی لێ بکەینەوە، چونکە هیچ بەنزینخانەی لێ نییە، بەمەش لەوانەیە دیسان خەڵکێک هەبێ بەنزین بێنێتە سەر شەقامەکان".

بۆ دانانی ئەو بەنزینخانانە لەهەر شوێنێک، دەبێ ڕەزامەندی ماڵەکانی نزیک بەنزینخانەو سنوری شارەوانی گەڕەکەکەو بنکەکانی ئاگرکوژێنەوە وەربگیرێت، بەڵام هاووڵاتیان دەڵێن، لە کاتی دانانی بەنزینخانەکان پرسیان پێنەکراوە. خەسرەو شەریف، دانیشتووی گەڕەکی کرێکاران گوتی "بەهیچ شێوەیەک من ئاگادار نەکراومەتەوە لەکاتی دانانی ئەو بەنزیخانەیەی نزیک ماڵەکەم".

تائێستا یەکە شارەوانییەکانی هەولێر رازی نەبوونە، لە دانانی چەند بەنزینخانەیەک، کە شوێنەکەی مەترسی هەبووە بۆ هاووڵاتییان، سیروان فارس دەڵێ "ئەگەر شارەوانییەکان لە دانانی بەنزینخانەکان رازی نەبن، ئەوا دانانرێن".

ئەندازیار فەیزوڵڵا مستەفا، سەرۆکی شارەوانی سێ، کە 10 گەڕەکی شاری هەولێر لە سنووری ئەو یەکەیە و 6 بەنزینخانەی مۆبیل هەر لە سنوری ئەو سەرۆک شارەوانییە دایە، گوتی" هەندێک بەنزینخانە هەیە هیچ کێشەیەی نەبووەو ئێمە رەزامەندیمان لەسەرکردنەوەی دەربڕیوە، بەڵام بەشێکیشمان ڕاگرتووە، چونکە شوێنەکەی نەگونجاوە".

جگە لەوەی هاووڵاتیان دەڵێن بەنزینخانەکان لە ماڵەکانیان نزیکە، بەڵام بەنزین لەو بەنزینخانانە لەسەر زەوییە، لەکاتێکدا دەبێ بەنزین لە ژێر زەوی بێت. بەنزینی بەنزینخانەکەی نزیک ماڵی هاشم رەحیم، 45ساڵ، لە گەڕەکی نەورۆز لەسەر زەوییە، بۆیە ئەو هاووڵاتییە ترساوە، هاشم گوتی "نابێ بەنزین لەسەر زەوی بێت، ئەگەر ئاگر لەو بەنزینخانەیە کەوتەوە،

> **بەنزینخانە لە ماڵمان نزیکە و دەترسم ڕۆژێک بەهۆی ئاگر کەوتنەوە، ماڵەکەم گڕ بگرێ**
>
> هاووڵاتییەک

> **شوێن هەیە بەدەست ئێمە نییە دەبێ بەنزینخانەیەکی لێ بکەینەوە**
>
> بەڕێوبەری گشتی کارگێڕی پارێزگای هەولێر

ئێمە چی بکەین"، ئەو ترسەی هاووڵاتیان لەلای بەڕێوبەرەکەی پارێزگا ئاساییە "چونکە بەنزین لەناو تانکیدایە".

بەنزینخانەیەکی زۆر لەسەر ڕێگای مەخمور- هەولێر دەبینرێن، بەڵام ئەنوەر رەشید، سەرۆکی شارەوانی 6 گوتی"لەگەڵ ئەوەش ڕێگامان نەداوە، کە بەنزینخانەی لێ دابنرێت، چونکە شوێنەکەی نەگونجاوە".

21 گەڕەک لە سنوری یەکە شارەوانییەکانی 3و6 دایە، هاووڵاتیان دەترسن تووشی ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە بن، بەڵام سەرۆک شارەوانییەکان دەڵێن هیچ حاڵەتێکی ئاگرکەوتنەوە نەبووە، بەڕێوەبەری ئاگرکوژێنەوەی هەولێر عەمید خەلیل سورچی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تا ئێستا هیچ حاڵەتێکی ئاگرکەوتنەوە بەهۆی ئەو بەنزینخانانە نەبووە، چونکە ئێمە ڕێگا بە هیچ بەنزیخانەیەک نادەین کە ئامێری ئاگر کوژێنەوە و گشت پێداویستەکانی تایبەت بە ئاگرکوژێنەوەی نەبێت".

هەرچەندە بەڕێوەبەری ئاگرکوژێنەوەی هەولێر دەڵێ ماڵەکانی نزیک بەنزینخانەکان هیچ مەترسیەکیان لەسەر نییە، بەڵام هاووڵاتیان دڵنیا نین، هاشم گوتی "ئەگەر بەنزینخانەمان لێ نزیک بێت، کەواتە مەترسی هەیە".

# "خۆتان ماندوو مەکەن وبۆتان ئیمزا دەکەم"

**کاوە ئەمین-سوێد**

لە یەکێک لە شەقامە سەرەکییەکانی شاری سلێمانی کە بە جادەی سالم ناسراوە، دوکانێکی خنجیلانە چوار دەوری بە کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی گیراوە. خاوەنی ئەو کتێفرۆشیە پیاوێکی سەرسپیە بە ناوی ماموستا ئەنوەر برزوو. ئەگەرچی ئەو خۆی ماموستایە بەڵام خۆشەویستی بۆ کتێب کردوویەتی بە کەسایەتییەکی کولتووری ناسراوی شارەکە. ڕۆژانە بە سەدان خوێنەر، کتێب و ڕۆژنامەکڕ، سەردانی دەکەن.

هاوینی ڕابردوو کە سەردانی باشووری کوردستانم کرد، ڕۆژ نە ڕۆژێک سەردانی ماموستا ئەنوەرم دەکرد. ئەو پیاوێکی سەرقاڵە و ڕۆژانە شانزدە کاژێر لە ناو کتێبەکانیدا بەسەر دەبات، وەک خۆی دەڵێت نە گەرمای پروکێنەری هاوین و نە سەرمای زستان ناتوانن زەفەری پێبەرن و ماندووی بکەن.

ساڵی 1978 لە کونجێکی جادەی کاوە کتێبخانەیەک دەکاتەوە بە ناوی (ڕاستی). بەڵام دوای چەند ساڵێک دەگوێزێتەوە بۆ جادەی پیرەمێرد و کتێبفرۆشیەکەشی ناو دەنێت (پەیام). چەند جارێک لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە دەگیرێت بە بیانووی ئەوەی گوایە پروپاگەندەی سیاسی دەکات و بیری ناسیۆنالیستی بڵاو دەکاتەوە. بەڵام ئەو وەک خۆی دەڵێت لە دوای ساڵی 1975 وە کە شۆڕشی ئەیلول هەرەس دەهێنێت پەیوەندی بە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسییەوە نەبووە. ماموستا دەڵێت:"جارێکیان لە لایەن موخابەراتی عێراقییەوە گیرام، ئیتر بە تەواوەتی ماندوو بووم و بە مودیری موخابەراتم وت، هەموو جارێک کە ئێوە من دەگرن، هەر جارەو تۆمەتێکم دەخەنە پاڵ، جارێک پێم دەڵێن کۆمۆنیستی، جارێک پێم دەڵێن ئەندامی یەکێتیم، جارێکیش پێم دەڵێن من ناسیۆنالیستم، بەڵام ڕاستییەکی ئەوەیە من ئەندامی هیچ پارتێکی سیاسی نیم، جا بۆ ئەوەی نە منیش و نە خۆشتان ماندوو بکەن، خۆتان یەکێک لەو پارتانە هەڵبژێرن و منیش بە بێ ڕەزامەندی خۆم بۆتان ئیمزا دەکەم". بەڵام وەک خۆی دەڵێت، ڕژێم ڕقی ئەوەی لێهەڵگرتبوو کە چەند ساڵێک لە شۆڕشی ئەیلولدا پێشمەرگە بووە.

ڕۆژی 10ی ئاپریلی 1980، پیاوەکانی ڕژێم جارێکی دیکە ماموستا دەگرن و ئەشکەنجە و سووکایەتییەکی زۆری پێ دەکەن و بە تاوانی خیانەت،حوکمی دەدەن تا 17ی نۆڤێمبەری 1982 لە زینداندا دەیهێڵنەوە و پاشان ئازادی دەکەن.هەموو ئەمانە نابنە هۆی ئەوەی کە دەستبەرداری کتێبفرۆشتن ببێت و جارێکی دیکە کتێبفرۆشییەکەی‌دەکاتەوە.

دوای شەڕی عێراق — کوێت و ڕاپەڕینە مەزنەکەی 1991، ماموستا ئەنوەر بڕیاری دەدات هەتا دەمرێت خۆی بە کتێبفرۆشتنەوە خەریک بکات. بەڵام ئەمجارە وەکو ماموستا دەڵێت، ئێستا ڕووبەڕووی کێشەی دیکە بووینەتەوە بە تایبەتی شێواندن و خراپ بەکارهێنانی زمانی کوردی، ئەمیش نەک تەنها ماموستا ئەنوەر بەڵکو زۆرێک لە خەمخۆرانی زمانەکەمانی نیگەران کردووە.

ئێستا لە باشووری کوردستان نزیکەی هەشتسەد ڕۆژنامە و گۆڤاری جۆراوجۆر دەردەچێت. کاتێک لێم پرسی ئاخۆ لەو زمانەی کە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان پێی دەنووسن ڕازییە؟ لە وەڵامدا وتی" نەخێر. ڕۆژنامەکان گوێ نادەنە ئەوەی بە کوردییەکی ڕاست بنووسن، ئەمەیش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان کەسێکیان نییە هەڵەگیرییان بۆ بکات لە پەیوەندی لەگەڵ ڕێزمان و ڕستەبەندیدا. هەربۆیە ئەگەر بەراوردی ئەو کوردییەی کە ئێستا پێی دەنووسرێت لەگەڵ ئەو کوردییە بکەی کە پێش ڕاپەڕین پێی دەنووسرا، چەند هەنگاوێک چووینەتەوە بۆ دواوە. ئەمەیش بە پلەی یەکەم پەیوەندی بەوەوە هەیە کە نووسەرانی جاران کوردیزان بوون بە تایبەتی ئەوانەی لە ساڵانی شەست و هەفتا و هەشتاکاندا دەیانووسی. ئێستا گوێ بە چۆنایەتی نادرێت بەڵکو چەندایەتی برەوی هەیە. جاری وا هەیە دە لاپەڕە لە کتێبێک دەخوێنیتەوە بەڵام نازانیت نووسەرەکەی دەیەوێت چیمان پێ بڵێت". ماموستا ئەنوەر پێی وایە ڕۆژنامەی هاووڵاتی، ئاوێنە و ڕووداو، لە باشترین ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆی کوردستانن و فرۆشیان زۆرە، بەڵام ڕۆژنامە حزبییەکان نەیانتوانیوە تینوێتی خوێنەری کورد بشکێنن.



**لە مانگێکدا دە کتێب دەخوێنمەوە**
کۆنترین کتێبفرۆشی سلێمانی

ماموستا ئەنوەر لە کتێبخانەکەیدا (فۆتۆ: ڕووداو)

کاتێک لە ماموستا دەپرسم ئاخۆ ئەو بۆخۆی خوێنەرێکی باشە؟ لە وەڵامدا وتی، بەڵێ، جاری وا هەیە لە مانگێکدا دە کتێب دەخوێنمەوە، ئەو کتێبانەی دەیانخوێنمەوە هەمەجۆرن لە فەلسەفەوە بگرە هەتا ئەدەبیات و بیرەوەری و مێژوو، دوا کتێب کە خوێندومەتەوە بیرەوەری جاسووێکی ئیسرایلی بوو، بە ڕاستی کتێبێکی چاک بوو. جاران زیاتر بە عەرەبی دەمخوێندەوە چونکە من خۆم ماموستای زمانی عەرەبیم، بەڵام ئێستا سەرەڕای کوردییەکی خراپیش زیاتر بە کوردی دەخوێنمەوە.

ماموستا ئەنوەر دەڵێت من ناسیۆنالیستێکی کوردم، بەڵام هاوکات هەموو مرۆڤەکانم خۆش دەوێت، جا سەر بە کام نەتەوە دەبن یانیش چ دینێک دەپەرستن، بەلامەوە گرنگ نییە. ماموستا ئەنوەر ڕەخنە لە پارتە کوردییەکان بە تایبەتی و کورد بە گشتی دەگرێت، چونکە ئەو پێی وایە کە زۆر گوێ بۆ دوژمنەکانیان شل دەکەن و هاوکات بیری دەرەکی کۆمۆنیستی و ئیسلامیان هاوردووە کە بووتە هۆی خراپکردنی هەستی کوردایەتی، لە جیاتی ئەوەی بۆ سەربەخۆیی تێبکۆشن داوای ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆییەکی سنووردار دەکەن، ئەمەیش هەر لە بناخەوە هەڵە بووە .بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا بە ئایندەی کورد گەشبینە و پێیوایە ڕۆژێک دێت کورد بە ئازادی و ئاشتی لە کوردستانەکەی خۆیدا بژی، ئەوە سەرەڕای ئەو هەموو کەند و کۆسپەی لە ڕێماندایە.

لەگەڵ ئەوەی ماموستا زۆر سەرقاڵی کتێبەکانیەتی هەم لە ماڵەوە و هەمیش لە کتێبفرۆشیەکەیدا بەڵام فریای ئەوەیش کەوتووە کە پێنج کوڕ و سێ کچی پێبگەیەنێت، ئەمەیشی بە کەمێک لەخۆبایبوونەوە دركاند. بەڵام کێشەی ماموستا ئەنوەر ئەوەیە بە پێچەوانەی خۆیەوە، ژنەکەی زۆر چارەی کتێبی ناوێت و تەنانەت وای لێهاتووە خەریکە تاقەتی لێی دەچێت، ئاخر ماموستا تەنها ژنەکەی هاوژینی نییە بەڵکوکتێبەکانیشی.

لە کۆتایدا ماموستا هیوای ئەوەی دەخواست پێش ئەوەی بۆ دواجار ماڵئاوایی لە کتێب و خۆشەویستەکانی بکات، بتوانێت خانوویەک بە دڵی خۆی دروست بکات کە ساڵۆنێکی گەورەی بەبەرەوە بێت تا کتێبەکانی تێدا بپارێزێت و خوێندکارانی کوردیش بتوانن بۆ نووسینەوەی مێژووی نوێی کورد، کەڵکی لێ وەربگرن.

**تێبینی: ئەم نووسینە بە زمانی سوێدیش بڵاو کراوەتەوە.**

# رای شەقام



## لەچک کردن ئەمساڵ کەم بووەتەوە

**تانیا حەمە عەزیز 23ساڵ، کە ژنی ماڵە و کاری ڕێکخراوەیی دەکات دەڵێت لە ڕەمەزانی ئەمساڵ ڕێژەی ئەو کچانەی لەچک ناکەن کەمبووەتەوە.**

**ڕووداو-سلێمانی**

**ڕووداو: رات چییە بەرامبەر ئەو کچانەی لەرەمەزاندا لەچک ناکەن؟**

**تانیا:** خۆی ڕێزێک هەبێت بۆ ڕەمەزان باشترە، بۆ ئەوەی لەمانگەکانی دیکە جیابکرێتەوە.

**ڕووداو: لەچک کردن لەو مانگەدا پێویستە؟**

**تانیا:** بەڵێ، پێویستە ئەوانەی هەر لەچک ناکەن، لەو مانگەدا بیکەن.

**ڕووداو: ڕێژەی کچانی بێ لەچک لەرەمەزاندا زیادی کردووە یان کەم؟**

**تانیا:** لەچاو ساڵانی دیکە ڕێژەیان کەمە.

**ڕووداو: لەگەڵ ئەوەی لەرەمەزاندا لەچک کردن بکاتە ناچاری؟**

**تانیا:** پێویست ناکات، خەڵک بۆ خۆی ئازادە.



## فرە لیستی کورد لە بەرژەوەندی عەرەبە

**ئەکرەم جەمال کەریم، 37 ساڵ، دوکاندار دەڵێت پێویستە کورد بە یەک لیست بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بکات "چونکە فرەلیستی کورد لە بەرژەوەندی عەرەب دایە.**

**ڕووداو- سلێمانی**

**ڕووداو: پێت باشە کورد چۆن بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بکات؟**

**ئەکرەم:** پێمباشە کورد بەیەک لیست بەشداری بکات.

**ڕووداو: سوودی یەک لیستی لەچیدا دەبینی ؟**

**ئەکرەم:** ئەگەر براکان لەدەرەوە پشتی یەک بگرن کەس ناتوانێ بیانخات، بەڵام ئەگەر هەریەک بەلایەکدا بڕوات، بێگومان دەکەون.

**ڕووداو: پێتوایە کورد لەو هەڵبژاردنە کورسییەکانی خۆی بەدەست بێنێتەوە؟**

**ئەکرەم:** فرە لیستی کورد لەبەرژەوەندی عەرەبەو بەو شێوەیە کورسییەکانیان‌کەمدەبێتەوە.

# ئەگەرپیاوی قۆپیەم لێدەگری

ئیحسان تاهیر



ehsanjornalist@yahoo.com

ئەگەر کەسێکی نەخوێندەوار یان تەنانەت کەسێک نەخۆشی دەروونیشی هەبێت، تەنها ڕۆژێک سەردانی هۆڵێکی تاقیکردنەوەکانی بەکالۆریای پۆلی شەشەمی ئامادەیی بکردایە، کە ئەمڕۆ کۆتاییان پێهاتووە، بەئاسانی دوو بۆچوونی لە لا دروست دەبوون، یەکەمیان ئەو ڕاستییەی دەزانی کە توێژی ماموستایان زۆر غەدر لێکراون و چەند قوڕ بەسەرن، بەدەست وەزارەتەکەی خۆیشیانەوە هێندەی دیکە قوڕیان بەسەرکراوە، دووەمیشیان ئەو ناڕاستییەی بۆ ئاشکرا دەبوو، کە تا ئێستا وەزارەتی پەروەردە بەو هەموو هەراو هۆریایەی بەنێوی گۆڕان و پێشخستنی سیستەمی پەروەردەو بەمەدەنیکردن و شارستانیکردنی پرۆسەی پەروەردە دەیکردو لەڕێگەی میدیاو دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە خەڵکێکی سادەو ساویلکەی پێ فریودابوو. من کە ماموستام و لەیەکێک لەهۆڵەکانی ئەو تاقیکردنەوانە لەهەولێر چاودێربووم، بێجگە لەماموستایان و هەموو کارمەندانی بواری پەروەردە (چونکە ئەوان لەمن تێدەگەن و وەکو من دەزانن لەنێو ئەو هۆڵانەدا چ ڕوودەدات)، هەقی هەر کەسێکی دیکەیە لەمن بپرسێت بە چ هەقێک ئەم هێرشە گەورەیە دەکەیە سەر وەزارەتی پەروەردە؟. ئاخر زۆر سەیرە تاکو ئێستا وەزیری پەروەردەو بەڕێوەبەرانی گشتی و بەڕێوەبەرانی پەروەردەکان لەخۆیان نەپرسیبێ، بۆچی ماوەی چەندین ساڵە ناتوانن کۆنترۆلی هۆڵەکانی تاقیکردنەوەی بەکالۆریا بکەن، کە تیایاندا یاسای دارستانیش نییە، کەس ناتوانێت کۆنترۆلی زۆر لەو قوتابیانە بکات کە زۆریان عەنتەر ئاسا ڕوو لەهۆڵی تاقیکردنەوە دەکەن، بەئاشکراو بێشەرمانە گیرفانێکی پڕ لەقۆپیە دێننە ژوورەوەو هیچ ماموستایەکیش بۆی نییە ڕێگەیان لێبگرێت، چونکە هەڕەشەی لێدەکرێت و ماموستای قوڕبەسەریش لەسایەی وەزارەتەکەی خۆی، کە تاکە زەمانەتێکی بۆ پاراستنی حورمەتی ئەو ماموستایە دانەناوە، ناوێرێت خۆی پیاو خراپ بکات، دەیان حاڵەت هەیە، کە قوتابیان هەڕەشە لەماموستایان و بەڕێوەبەرەکانی هۆڵ دەکەن و بەکوردی پێیاندەڵێن"ماموستا بۆ کێ خۆت پیاو خراپ دەکەی"، یان ئەگەر پێویست کرا پێیاندەڵێن"ئەگەر زۆر پیاوی قۆپیەم لێدەگری". کەس پێمنەڵێت ئەوە گوناهی ماموستایە، چونکە زۆر ماموستا هەیە غیرەت دەیگرێت و بەگژیاندا دەچێتەوە، کە زۆریان سەرەڕای هەڕەشەکان بەئەرکی خۆیان هەستاون، کەچی باجێکی زۆریان داوەو لەدەرەوەی هۆڵەکە و بگرە هەندێکجار لەنێو هۆڵیشدا تێروپرپیان بەرکەوتووە، کە پەناشیان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانی پەروەردە بردووە، گەورەترین هەڵوێست و بەرگرییان لەو ماموستا شل و کوتکراوانە، هەر ئەو ئامۆژگارییە بووە کە پێشتر قوتابیە عەنتەر ئاساکان پێیانگوتووە"ماموستا بۆ کەس خۆت پیاو خراپ مەکە"، بۆیە خەریکە هەموو ماموستایەک لەگەورەیی ئەم رستەیە تێدەگات و لەبێئومێدیدا پەیڕەویشی دەکات، هەر لەبەر ئەوەشە تادێت نێونیشانی ئەو هۆڵە هەزەلییانەی بەکالۆریا دەبێتە"ساڵ بەساڵ خۆزگەم بەپار". وەرن بپرسن و بزانن چۆن ئەو هۆڵانە پڕن لەهێدفۆن وبلۆتوس، بزانن چۆن لەکاتی تاقیکردنەوەکانی بەکالۆریادا نەتەوەیەک بەتێکڕا بەزاناو ڕۆشنبیرو بەرپرسەکانیشەوە دوای ماموستا چاودێرەکانی ئەو هۆڵانە دەکەون، بۆ ئەوەی فێری خیانەتیان بکەن و بەشێوەیەکی نایاسایی یارمەتی منداڵەکانیان بدەن، داوای ڕێگە پێدان و واستەو واستەکاری و فێڵ و فێڵبازی لەچاودێران دەکەن، دە ئێستا پێمبڵێن ئەو ماموستایەی لەپیشەکەی خۆیدا هیچ هێزو توانایەکی بەدەستەوە نامێنێت، قوتابی بەپێش چاوی ئەو بێ ترس قۆپیە دەردێنێت و بەدەنگی بەرز قسە لەگەڵ دەوروبەری خۆی دەکات، چ حورمەتێکی دەمێنێت؟!. توخوا ئەوە کام سیستەمی مەدەنی و پرۆسەی مەدەنییە وەزارەتی پەروەردە بانگەوازی بۆ دەکات، کە وەک من دەزانێت سەدان قوتابی بەهێدفۆن و پرسیار بۆ بردنە ژوورەوەو قۆپیەکردن و چاو سوورکردنەوە لەماموستا چاودێرەکان نمرەی بەرز دێنن و هەندێک قوتابیش کە بەخوێندنەوە تووشی شەوکوێری و کەمخوێنی بوونە، بەدەرچوونیش جێگەیان لەزانکۆ و پەیمانگاکان نابێتەوە. تەنیا ئەو پرسیارە لەوەزارەتی پەروەردە دەکەم، ئەرێ خێربوو لەسەردەمی ڕژێمی بەعسی ڕووخاودا، کە بەحسابی ئێوە پەیڕەوی سیستەمێکی پەروەردەیی بەسەرچووی دەکرد، قوتابیەک نەبوو هێندە بوێربێت، بڵێت 300 دۆلارم داوەتە فلانە ماموستای تایبەتی بەمەرجی ئەوەی 70% پرسیارەکانی بەکالۆریام بۆ دەستنیشان بکات، کێ هەبوو نەک قۆپیە، بەڵکو لەنێو هۆڵی تاقیکردنەوەدا تەنیا ئاوڕێک بداتەوە، لەبەر ئەوەی ماموستا بەپێی یاسای پەروەردە دەیتوانی سزای قوتابییەکە بدات؟!. خێرە ئەوە 19 ساڵە هۆڵەکانی تاقیکردنەوەکانمان بوونەتە مەهزەلە و کەس نییە چارەسەرییەکیان بۆ بکات؟!. کەی بێ یاسایی و بەرەڵڵایی جێگەیان لەنێو سیستەمێکی مەدەنیخوازانەی هاوچەرخدا هەیە، کە ئێوە بانگەوازی بۆ دەکەن؟!. ئاخر بەو حاڵە جگە لەبێ بەهاکردنی خوێندن و پەروەردە و ماموستا و وەزارەت، ناعەدالەتیەکی زۆریش لەنێو قوتابیاندا دێتە ئاراوە.

# بەنەرمی بنووسە و خەڵک بریندار مەکە

**لەیاد قەرەداخی- سلێمانی**

لەژمارە (73)ی (ڕووداو) گۆران محەممەد باس لەحیزبی شیوعی دەکات، کە یەک کورسییان بەدەستهێناوە، کاک گۆران منیش لەگەڵ قسەی بەڕێزتم کە کورسییەک زۆرکەمە و بەپێی ئەو خەبات و تێکۆشان و ئازادی و عەدالەتەی حیزبی شیوعی نییە.

ئەم پرسیارە بەشێکی زۆری لای کۆمەڵگەی من و تۆیە کە تا ئێستاش نازانن دەنگ و ڕەنگی خۆیان لەگۆشەی چ حەقیقەتێکدا هەڵگرتووە، هەرچی بەشەکەی ترە دەتوانم بڵێم خەمساردییەکی پێوەدیارە.

ئاشکرایە مێژووی حیزب، قوتابخانەیەکە بۆ پێگەیاندنی بزوتنەوەیەکی کوردی بەهەموو مانایەکەوە. پاشان من لەگەڵ تۆ نیم لەم بۆچوونەدا، کەدەڵێی حیزبێک دوێنێ پەیدا بوو بەڵام توانی 25 کورسی بەدەست بهێنێت، ئەی بۆچی حیزبی شیوعی تاکە کورسییەکی بەدەستهێنا ؟!خۆئەمە تەنیا پرسیاری‌تۆنییە، بەڵکو پرسیاری زۆر لە نووسەر و هونەرمەند و ڕۆشنبیرو خەڵکانی ئاساییشە. دەبێت لەیادیشت نەچێت ئەو تەنها کورسییە، دەنگی ویژدانی حەقیقەتخوازانە و کورسی موجامەلە و گەندەڵی نییە، ئێمە بەکەسمان نەگوت زەویتان پێدەدەین، ڤێللا و مۆنیکا تەخشان و پەخشان دەکەین و دوای کەس نەکەوتین، زمانی لوسیشمان لەوادەی بانگەشەکانی هەڵبژاردندا بەکارنەهێناو بەنایاسایی نەڕژاینە نێو شەقام و کوچەو کۆڵانەکانەوە و نەک کوردستان، ئاڵای کەسیشمان نەسووتاند، سەرمایەی ئێمە تەنها فیکر و بیرکردنەوەمان بوو، خستمانە بەردەم خەڵک و شانازیش بەو فکرەوە دەکەین.

گوتەیەکی باو هەیە کە دەڵێ "ئەمڕۆ دەور دەوری کڵاودروانە" حیزب نایەوێت کڵاوی خەیاڵی و فریودان لەسەر مرۆڤەکان بکات و هەمیشە ویستویەتی خەڵک چاویان کراوەبێت لەئاستی ڕاستییەکان و مافەکانی خۆیان.

دەتوانم بڵێم حیزبی شیوعی خاوەنی قوتابخانەیەکی فیکری و ئەدەبی و سیاسی وایە، کە ڕەنگە جەنابیشت ڕۆژێک لە ڕۆژان سوودت لەو قوتابخانەیە بینیبێت و بیناسیت، بەڵام کێشەی سەرەکی حیزب ئەوەبووە کە هەرگیز ئەزموونی حوکمرانی ئیداری نەبووە تاخەڵک تاقی بکەنەوەو پەیامەکانیشی هەمیشە پەیام و گوتاری گەرمکردنەوەی ماڵی هەژاران بووە.

بەمحەممەد چۆمانی دەڵێی "ئێوە بیست و هەندێک هەزار دەنگتان لەگەڵ شەش حیزبی دیکە هەیە و باڵەخانەیەکتان داگیرکردووە منیش دەڵێم خۆت دەزانی کێ داگیرکەرە، لەهەمانکاتدا ماڵی میللەتی داگیر نەکردووە. ئەی باشە بۆ ڕاستی داگیرکردنی ماڵی میللەت باس ناکەیت؟ هیوادارم کەمێک بە نەرمی بنووسیت و خوێنەر و خەڵک بریندار نەکەیت و خەڵکیش لەڕاستی بگات.



**رووداو - هەولێر**

هونەرمەندی لاو بڵند ئیبراهیم بەمەبەستی بەرهەمهێنانی ئەلبوومە نوێیەکەی کە لە 11 گۆرانی پێکهاتووە دەچێتە تورکیا. لەو ئەلبوومەدا، 2 گۆرانی بە زاراوەی سۆرانییە و تێکستیان لە لایەن زیاد ئەسعەد و ئەحمەد محەممەدە نووسراون و تێکستی گۆرانییەکانی دیکەی، غەریب قادر و سەلمان شێخ مەمی نووسیوانە. ئێستا کارەکانی ئەو ئەلبوومە لە ستۆدیۆی (دەنگ و رەنگ)ی شاری دهۆک و ستۆدیۆییەکی تۆمارکردنی دەنگ لە تورکیا ئەنجامدەدرێ و، کەناڵی ئاسمانی ڤین تی ڤی ئەلبوومەکە بەرهەمدەهێنێت، بەڵام تا ئێستا هیچ ناوێکی بۆدانەنراوە.

**زیاد ئەسعەد هاوکاری بڵند دەکات**



# شەکیرای کورد دابونەریت دەهەژێنێت

## دەشنێ : دەبێ کۆت وبەند بشکێنین

**رووداو- middle east online**

بەهۆی ستایلی پۆپ و لەنجەو دانسە سەرنجڕاکێشەکەی، دەشنێ موراد کە بە "شەکیرای کورد" ناسراوە و دیاردەیەکی نوێی میوزیکییە بووەتە هۆی نیگەرانکردنی خەڵکی پارێزکار و کۆنسێرڤاتیڤی کوردستان.

بە قژێکی درێژ و لەشولارێکی جوان، ئەم کچە تەمەن 23 ساڵەیە، ئەلبومێکی هەیە و ژمارەیەکی زۆری هانددەری لە لایەن گەنجەکانی کوردستانەوە هەیە.دەشنێ لەبەرئەوەی لە هۆڵەندا گەورە بووە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و هۆڵەندی بە رەوانی دەزانێ، لە بارەی شەکیراوە گوتی " سەرسامم بە شەکیرا و وەکو نموونەیەک تەماشای دەکەم، هەر لە منداڵییەوە گوێم لە گۆرانییەکانی ئەو گرتووە".سەرسامی دەشنێ بەو گۆرانیبێژە کۆلۆمبییە کە بە رەگەز لوبنانییە لە زۆربەی ڤیدیۆ کلیپ و گۆرانییەکانی دەشنێدا دیارە.

لە کلیپە نوێیەکەی بەناوی "هێلا هۆپا" دەشنێ سەما دەکات و قژی بەرداوەتەوە و تەنوورەیەکی کورتی لەبەردایە، تلە بەخۆی دەدات و سمتی دەجوولێنێت هەروەکو شەکیرا.لەو بارەیەوە دەشنێ دەڵێ" هونەری شاکیرا ئیلهامبەخشە بۆ من، بەڵام هەوڵیشدەدەم جموجۆڵی خۆم هەبێت".ئەو جۆرە سەمایە هەرا لە کوردستان دەنێتەوە، کە هەرێمێکی عەشایری و پارێزگارە و هێشتا "تاوانی ناموسپارێزی" تێدا بەربڵاوە.

ئەگەر گەنجی کورد ئەم هونەرمەندە نوێیەیان خۆشدەوێت، ئەوە ئەوانی دیکە دووچاری شۆک هاتوون بەهۆی نمایشکردنی ئەم دانسەوەو پێیانوایە ئەوە سووکایەتیە بۆ کلتوورەکەیان و ئیسلامیش.

> **دەشنێ شۆڕشی کردووە**
>
> رۆژنامەنووس، هاوژین حەمە رەشید

لەمبارەیەوە رەسوڵ فایەق تەمەن 34 ساڵ گوتی" هەڵسوکەوتێکی نامۆیە بە ئێمە، هیچیش گونجاو نییە بۆ کۆمەڵگاکەمان" ئەو دەڵێ "رەنگە لەبەرئەوە بێت ئەو لە رۆژئاوا گەورە بووە، ئەوەش کێشە نییە، بەڵام بۆ ئێمە نابێت، ئەوە کۆمەڵگاکەمان تێکدەدات، ئێمە نامانەوێت گەنجەکانمان گەورە بن و وەکو ئەو بن".

تەنانەت رێکخراوە فێمەنیستەکانیش دژی ئەو هونەرمەندەن و دەڵێن وێنەی ئافرەت ناشرین دەکات.لەمبارەیەوە سوزان عارف سەرۆکی رێکخراوی تواناسازی ئافرەتان لە کوردستان، گوتی" ئێمە دژی ئەو جۆرە سەماکردنەین و دژی ئەوەین لەشی ئافرەت بەکاربێت بۆ راکێشانی خەڵک. ئەوە دژی سیاسەتەکەمانە بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت و ئازادکردنیان. ئێمە نامانەوێت ئافرەت ئازاد بکەین بۆ ئەوەی لەشولاری خۆیان دەربخەن".

دەشنێ ئەو رەخنانە رەتدەکاتەوە و پێیوایە میوزیکەکەی بەکاردێنێت بۆ بە مۆدێرنکردنی کولتووری کوردی،لەمبارەیەوە دەشنێ گوتی" من ئەمەم هەڵبژارد، لەبەرئەوەی پێموایە خەڵک بەتایبەتی گەنج پێویستیان بە ستایلێکی نوێی هونەرە بۆ ئەوەی کۆت وبەندی کۆن بشکێنین".

دەشنێ موراد، هونەرمەندێکی نوێ نییە لەسەر شانۆی کوردی، چونکە لە ساڵانی 2005 بۆ 2007 دەشنێ بەهۆی بەرنامەیەک بەناوی "بەبێ کۆنترۆڵ" ناوی بۆ خۆی دروست کرد، کە لەو بەرنامەیەدا چاوپێکەوتنی لەگەڵ کوردەکانی ئەوروپا دەکرد.

ئێستا دەشنێ بەرنامەیەکی دیکەی هەیە بەناوی "دەشنێ شۆ" کە بەرنامەیەکە تایبەتە بە مەسەلە و کێشەکانی ژنان، بەتایبەتی پەیوەندی خۆشەویستی، کە مەسەلەیەکە هەتا ئێستا قەدەخەیە لە کۆمەڵگای کوردی.

هاوژین حەمەرەشید کە رۆژنامەنووسێکی

> **دژی ئەو جۆرە دانس و سەماکردنەین**
>
> سۆزان عارف، بەڕێوەبەری رێکخراوی تواناسازی ئافرەتان

تەمەن 36 ساڵەیە لەبارەی دەشنێ گوتی" ئەوەی دەشنێ دەیکات، بوێری و چاونەترسیەکی زۆری دەوێت، پێش ئەو، هیچ هونەرمەندێکی کورد ئەم کارەی نەکردووە. هیچ هونەرمەندێکی ژنی کورد نەیوێراوە باسی خۆشەویستی خۆی بۆ کوڕێک بکات، بەڵام دەشنێ بە چاونەترسی باسی دەکات، ئەوەی ئەو دەیکات ئەوە شۆڕشێکە لە گۆرانی کوردیدا".

**لە ماڵپەڕی middle east online.com وە**



# خاوەنی وەی وەی دەگەڕێتەوە

**موحسین یاسین**

**رووداو- سلێمانی**

گۆرانیبێژ عەباس محەممەد خەریکی تۆمارکردنی ئەلبوومێکی نوێیە کە 8 گۆرانی لە خۆ دەگرێت و هونەرمەند شەماڵ سائیب بە دانانی میلۆدییەک بۆ ئەلبوومەکەی بەشداری لە ئەلبوومەکەی کردووە.

عەباس محەممەد لەبارەی ئەلبوومە نوێیەکەی بە (رووداو)ی راگەیاند میلۆدی یەکێک لە گۆرانییەکانی ئەلبوومەکەی لەلایەن هونەرمەندی کۆچکردوو (شەمال سائیب) لەساڵی 1971 تایبەت بە عەباس محەممەد دایناوە کە تاکو ئێستاش تۆماری نەکردووە، هەندێ لە گۆرانییەکانیش فۆلکلۆرین و لە ستۆدیۆیەکی شاری سلێمانی تۆمار کراون. عەباس محەممەد ساڵی 1945 لەگەڕەکی قەڵای شاری کەرکووک لەدایکبووەو سەرەتای کاری هونەری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1976، لەو ساڵە دوای تۆمارکردنی گۆرانی (وەی وەی ) بەنێوبانگ بوو، لەکاتی شەڕی ئێران و عێراق چووەتە دەرەوەی وڵات و لەساڵی 2000دا گەڕاوەتەوە کوردستان و چەند گۆرانییەکی بڵاوکردووەتەوەو دواتر لە2007 ئەلبوومێکی بەنێوی (ئازیزەکەم) بڵاوکردووەتەوە.

# دلشاد نێروەیی پارە نینن

**رووداو- دهۆک**

گۆرانیبێژ دلشاد نێروەیی تایبەت بۆ (رووداو) دیارکر کو ئەوی بەرهەمێ خۆ تۆمارکریە لێ پارە نینن ل ستودیویێ تۆمار بکەت و دبێژە: ئەگەر پشتی دەمژمێرەکا دی ئێک پارا بۆ سیدیێ من ب مەزێخیت دێ ئێکسەر چم تۆمارکەم.نێروەیی هەروەها دبێژە: ئەڤە دەمەک درێژە ئەز خەریکی چێکرنا سیدیێ خۆمە کو ژ 10 ستranان پێک دهێت، من سیدیێ خۆ ژ قۆناغا هەلبژارتنا هەلبەستان و دابەشکرنا موزیکێ ب دوماهیک ئینایە بتنێ قۆناغا ستودیو و تۆمارکرنێ مایە لێ ئەز نەشێم تۆماربکەم.



گۆرانیبێژ دلشاد نێروەیی ل سالا 1973 ژ دایک بوویە، تا نها چوار بەرهەمێن سترانا بەلاڤکرینە، بەرهەمێ ئێکێ ل سالا 1996 ب ناڤێ (وێران وێران گۆندێ منو) کو کۆمەکا سترانێن گەلەری بخۆڤە دگرت بەلاڤکریە، ل سالا 1999 بەرهەمێ زینوکێ بەلاڤکر، ل 2001 هونەرێ نێروەیی دکەتە گری و سێیەم بەرهەم ل ژێر وی ناڤی بەلاڤە دکەت، ل سالا 2003 سیدیەکێ داوەت و شەهیانان ژی بەلاڤەکریە و نها بۆ بەلاڤکرنا بەرهەمێ پێنچێ کار دکە.

# فەرشید دەڵێ جیاوازم



**رووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژی رۆژهەڵاتی کوردستان، فەرشید نوورانی، خەریکی بەرهەمهێنانی ئەلبوومێکی تازەیە کە لە 8 گۆرانی پێکدێت و دەڵێ "ئەمجارە ئەلبوومەکەم جیاوازو پرۆفیشناڵە". دوابەدوای بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکەی لەساڵی 2003،گۆرانیبێژی رۆژهەڵاتی کوردستان فەرشید نورانی ئێستا سەرقاڵی ئەلبوومێکی نوێیە. کە 8 گۆرانی لەخۆ دەگرێت. سەرجەم تێکستەکانی هی خۆیەتی و، ئێستا کاری تۆمارکردنی 6 گۆرانی تەواو بووەو 2 گۆرانی ماوە، هەندێ لەگۆرانییەکانی ریتمی خاوەو هەندێکیشی خێرایە، نورانی لەو بارەیەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو ئەلبوومەم لە ئەلبوومەکەی پێشووم زۆر جیاوازەو بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ کارم تێدا کردووە، جگە لەوە موزیکژەنێکی زۆر لەو بەرهەمەمدا بەشدارن و کاریان لەگەڵ کردووم".

نوورانی ئاماژەی بەوەدا کە لە سویسرا کاری تۆمارکردنی بۆ کردووەو تائێستا هیچ ناوێکی بۆ دیاری نەکردووە.



# هەیفا وەهبی لە رەمەزاندا نایکات

**رووداو- مادەرزن**

هەیفا وەهبی، هونەرمەندی بەنێوبانگی لوبنانی ئەگەرچی بەیەکێک لەو هونەرمەندە کچانەی عەرەب دادەنرێت، کە گرتەی زۆر وروژێنەری هەیە لە کلیپ و گۆرانییەکانیدا، بەڵام بڕیاریداوە لەمانگی رەمەزان هیچ کۆنسێرتێک ساز نەکات، وەک رێزگرتنێک لەو مانگە .لەراگەیاندراوێکی نووسینگەی رۆژنامەوانی (هەیفا وەهبی) هاتووە، ئەم بڕیارەی هەیفا رێزگرتنی ئەوە لەدابونەریتی موسڵمانان لە وڵاتانی جیهان بەگشتی و وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی.

# بەختی رووداو



ayarfalaky@hotmail.com

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی

### کاوڕ
Mar 21–Apr 19

هەندێک لە کارەکانتان قورستر لە جاران بەڕێوەدەچن یان دەوەستن، پێویستیتان بە خۆڕاگری زیاتر هەیە لەو حاڵەتە چاوەڕوان نەکراوانەی دێنە بەردەمتان، لەهەمانکاتدا دڵخۆشیش دەبن لە باری سۆزدارییەوە.

### تەرازوو
Sep 23–Oct 23

کەمێک بێ هێز دەبن و ناتوانن وەک پێویست فریای هەموو کارەکان بکەون، پەیوەندییەکانتان لەگەڵ دەرەوەی وڵات بەهێز دەبێت . کاتێکی باشە بۆ پەیوەندیکردن بە هاوڕێیان و ئازیزانتان.

### گا
Apr 20–May 20

لە گەڕان و پەیوەندییەکانتان تووشی کەسانێک دەبن کە هەست دەکەن بێزارتان دەکەن، کاتێکی باشە بۆ خوێندن و خوێندنەوەی نوێ و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەو شتانەی گومانتان لێیان هەیە.

### دووپشک
Oct 24–Nov 21

بۆ ئەو هەنگاوە گەورەیەی بە نیازن ئەنجامی بدەن، پشتیوانی زیاتر پەیدا بکەن. پێویستیتان بە گۆڕانکاری هەیە، بە تایبەت لە کارکردن. وا باشە ئەم ماوەیە هەموو هەوڵەکانتان بخەنە گەڕ.

### جمک
May 21–Jun 21

لە ئێستا بەدواوە رێکخستن رۆڵی تەواو دەگێڕێت لە ژیانتان دا، هەندێک لەو کارانەی لێی دەترسن تەنها بە جیدیەتی خۆتان دەتوانن سەرکەتنی تێدا بەدەستبێنن.

### کەوان
Nov 22–Dec 21

هەموو ئەو کارانەی گەڵاڵەتان کردوون بۆ ئەنجامدان گرنگترینیان پێش بخەن، پەیوەندیتان لەگەڵ هاوکارەکانی کارکردن باش بکەن، چونکە خەڵکانێکی دڵسۆز لە نزیکتان هەن.

### قرژاڵ
Jun 22–Jul 22

هێز و توانای رۆحی و جەستەییتان بۆ دەگەڕێتەوە و دەتوانن کارە نوێیەکانتان بجوڵێنن، زۆر سەرکەوتن چاوەڕوانتانن، بەڵام بە هێمنی و بەرنامەڕێژی. هەڵچوون کارەکانتان تێکدەدات.

### کارژۆلە
Dec 22–Jan 19

لە هەموو هەنگاوێکدا هێمنی خۆتان بپارێزن، بە تایبەت لەو کاتانەی بەرامبەرەکانتان رووبەڕووتان دەبنەوە. ئێستا کاتێکی باشە بۆ بیرکردنەوەو تێڕامان و رێکخستنەوەی کارەکان.

### شێر
Jul 23-Aug 22

کەمێک تواناتان دادەبەزێت ئەمەش کاتییە و پێویست ناکات هەست بەبێزاری بکەن، بیر بکەنەوە بۆ دۆزینەوەی رێگەی دەسکەوتی نوێ، بەڵام هیچ مامەڵەیەکی قورس لە قازانجتان نییە.

### سەتڵ
Jan 20— Feb 18

لە کارکردنتاندا زیاتر ماندوو دەبن، لە هەمانکاتدا پێویستیتان بەو خۆماندووکردنە هەیە بۆ تەواوکردنی کارەکانی پێشوو، لە هەموو جێگەیەکیش هاوکاری و هاوسۆزی دەبیننەوە.

### گوڵەگەنم
Aug 23–Sep 22

لە چەندین لایەنی جیاوازەوە رووبەڕووی کاری نوێ دەبنەوە، هەندێک لەوانە بەقازانجتان دەزانرێ، دەتوانن هەڵبژاردنیان تێدا بکەن بەو مەرجەی لەگەڵ ئاواتەکانی داهاتووتان یەک بگرێتەوە.

### نەهەنگ
Feb 19–Mar 20

تووشی سەرسوڕمان دەبن بەهۆی هەندێک هەڵسوکەوتی هاوسۆزەکانتانەوە، لە لایەکی دیکەوە هەست بە ئاسوودەیی دەکەن و یەکێک لەبەربەستەکان دەشکێت و دەتوانن هەنگاوێکی نوێ لە ژیان بنێن.

### بەگشتی :

**ڤینۆس لە بورجی شێردایە**

–هەسارەی مارس لە بورجی قرژاڵ دا وا دەکات هەموو ئەو شتانەی پێشتر بیرمان لێکردووەتەوە یان بەنیازی ئەنجامدانیان بووین ئێستا بەکردەیی هەوڵیان بۆ دەدەین، بەڵام هێشتا گومانمان هەیە لە بەڕێوەچوونی کارەکان بۆیە دەبێ ئامادەکاری بکەین و ئەو پێویستیانەش پڕ بکەینەوە کە دەبنە هۆکاری سەرکەوتن.

–جاران زۆر بە شێوەیەکی خەیاڵی بیرمان دەکردەوە، ئێستا بەشێوەیەکی واقیعی بیر دەکەینەوە و هەوڵدەدەین خەیاڵەکان بۆ کاتێکی دیکە هەڵبگرین.

–سۆزداریمان زیاد دەکات و لە کاتەکانی دیکە زیاتر پێویستمان پێی هەیە، بۆیە گرنگی زیاتری پێدەدەین.

–بوونی ڤینۆس لە بورجی شێر، واتە لەباری سۆزداریمان دڵکراوەو بەخشندەین.

–بوونی عەتارید لە تەرازوودا، واتە هەوڵی خۆگونجاندن دەدەین لەگەڵ چواردەوردا.



ڕامیار مەحمود - سلێمانی
karwanmramyar55@gmail.com

# شێنێ: سەفەر ڕووەو قەندیل

## خەڵکی شارەکانی ئێمە نازانن نان بخۆن

لەو بڕوایەدا نەبووم پرسیارێکم لێ بکرێت چاوەڕوانی نەکەم. ڕەنگە کەسانێکی هاوشێوەی وەکو من بە هەمان ئەو بارودۆخەدا تێپەڕ بووبن و ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە بووبێتنەوە کە بە دڵنیاییەوە چاوەڕوانن لێیان بکرێت. بەس من شانسێکی باشم هەبوو ڕووبەڕووی پرسیارێک بوومەوە کە هەرگیز چاوەڕێم نەدەکرد و دەشتوانم بۆ باقی تەمەنم لە ناو لەزەت و تامی ئەو پرسیارە تایبەتەدا بمێنمەوە.

کەم جار مرۆڤ شانسی ئەوەی هەیە کەلەسەفەر دەگەڕێتەوە پرسیارێکی لێ بکرێت چاوەڕوانی نەکات. پاش چەند ڕۆژێکی کەم لە گەڕانەوەم ماڵەوەمان پێشنیازیانکرد بەرەو گوندی (شێنێ) بڕۆین و شەو لە وێ بمێنینەوە. من ئەگەرچی هەوڵێکی زۆرمدا ئەو بیرۆکەیە دوا بخەین بۆ دوای مانگی ڕەمەزانی پیرۆز. بەڵام هەوڵەکانم بێسوود بوو. پاش ئەوەی بە ڕێ کەوتین بەرەو ئەوێ لەبەردەم گوندی شێنێ دا من وتم دەمەوێت بە پێ بڕۆم بە ڕێگای ئوتومبێلەکەدا ڕێکەو ڕاست دێمە سەرەوە بۆ ماڵی کاکە حەمە خۆشبەختانە شەقامێکی باشیان دروستکردووە لە نزیکی قەڵادزێ بەرەو گوندی شێنێ.

پێ دەچێت حکومەت قوتابخانەیەکی سەرەتایی و وردە ڕێگایەک و چەند شتێکی تریشیان کردبێت لە ترسی (گۆڕان) ئەگەر بە زمانی خەڵکی گوندەکە قسەبکەین. چونکە ئەوان لەو بڕوایەدان هەندێک لەو شتانەی کە کردوویانە لە ترسی گۆڕانە. من خۆم بەو ماڵەی ناسیاوم وت لە ڕۆژنامەکاندا خوێندوومەوتەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نیازە مەسەلەی کشتوکاڵ و ئابووری کشتوکاڵی بە شێوەیەکی جدی بخاتە ئەجەندەی خۆیەوە و بە شێوەیەک کوردستان پێویستی بە خۆراکی هاوردە نەمێنێت. ڕاستەوخۆ وتی کاکە ڕاست ناکەن. بەڵام من وا تێگەشتووم کە شتێک دەوترێت واتا دەشکرێت لە ماوەیەکی تردا. بەڵام دیارە لە هەرێمی کوردستان مەسەلەکە کەمێک بە پێچەوانەوەیە منیش کەمێک کاتم دەوێ بگەڕێمەوە سەر تێگەیشتن لە تایبەتمەندی بارودۆخی کوردی و هەقیقەتی وتن و نەکردن و من لە خۆمەوە کەمێک زیاترلەسەر مەسەلەکە ڕۆشتم و وتم ئەم سەرۆکەی ئێستا دانراوە بۆ حکومەتی هەرێم دەتوانێت شتی باش بکات، چونکە کەسێکی وریایەو لە بڕوایەدام بارودۆخەکە کەمێک جیاوازتر بێت لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە. وتیان کاکە بە خوا ناهێڵن هیچ بکات ئەویش کەڵکی نییە. وتی زۆرینەی خەڵک دەنگی بە گۆڕان داوە. چونکە دەیانەوێت بارودۆخەکەیان بە جدی وەربگیرێت و هەست دەکەن پارتی و یەکێتی دڵسۆز نین بەرامبەر بەخواست و گرنگی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان تا ڕادەیەکی زۆریش خەڵک ئەو نائومێدبوونەی هەیانە بەرامبەر بە یەکێتی و پارتی ڕاستی تێدایە.

پرسیارەکە ئەوەیە کورد پێویستی بە دروستکردنەوەی ئابوورییەکی کشتوکاڵی هەیە ئەم کارەش پێویستی بە سیاسەتێکی نیشتمانی و بەرنامەیەکی زانستی هەیە بۆ ئەوەی خۆراکی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دابین بکرێت. ئەم مەسەلەیە تەنها مەسەلەیەکی ئابووری نییە و خۆی لە بیناکردنەوەو گەشەپێدانی هێزی کاردا نابینێتەوە لە بواری کشتوکاڵدا. بەڵکو پاراستن وگەشەپێدانی جڤات و کەلتوری گوندیشە بە مەسەلەی ژینگەشەوە.

ڕووخانی ئابووری کشتوکاڵی واتا ڕووخاندنی کەلتوری و کۆمەڵایەتی بەشێکی زۆری دانیشتوانی دەرەوەی شارو ناو گوندەکان. بەڵام خەڵکی ئەو گوندانەی سەر بە قەڵادزێ چەند پێویستیان بە خزمەت و کۆمەکی بووژانەوەی ئابوریییە قەڵادزێ چەندین هێندە پێویستی بە بایەخدان هەیە. بێ شارێکی پێشکەوتوو بە هەموو پێویستیەکی باشەوە لە خەستەخانەو و خوێندنگەو سینەماو شانۆ و مۆسیقاو هۆیەکانی کاتی خۆش بەسەر بردن نەوەی تازەی ئەو ناوچەیە تووشی نائومێدبوونێکی کوشندە دەبێت کە بەهەرەسی هەمەلایەنەی ئەو ناوچەیە تەواو دەبێت. بەڵام خەڵکی ئەم گوندە بە دڵنیاییەوە لە ڕووی هۆشیاری خۆراکەوە باشترن لە خەڵکی شارەکانی کوردستان.

بە درێژایی ئەو دوو ڕۆژە هەتا توانییان باسی خواردنی سروشتی و بە سوودی ناچەکەی خۆیان دەکرد،منیش هەتا سکم دایە ئێش خواردم. چونکە دەمزانی ڤۆدکا و بیرە و عارەق لە هەموو شوێنێک هەن بەس چیتر ئەم خواردنەم لە هیچ شوێنێکی دونیا دەست ناکەوێت.

بەڕاست بۆچی خەڵکی شارەکانی ئێمە کە زۆربەیان ئوتومبێل لێ دەخوڕن بۆ شۆپینکردنی خۆراک ڕوو لە گوندەکان ناکەن ئەگەر تەنهامانگی یەک ڕۆژیش بێت. بە دڵنیاییەوە خەڵکی شارەکانی ئێمە نازانن نان بخۆن. بەڵام پرسیارە هەرە سەرنجراکێشەرەکە چی بوو؟ (شوان) خوێندکاری یەکی ناوەندییە کە یەکەمجار لە ناوباخەکەدا بینیم وتی تۆ لە کەنەدا هاتیەوە؟ پرسیاری ئاو و دارستان و ئاژەڵ و مەڕو بزنی لێکردم لەوێ لە گەڵ باڵندەی وڵاتەکەی ئەوێم. پاییز کە گەڕامەوە بۆ قەندیل دەبێت وێنەو دیمەنێکی زۆری ڤیدیۆیی لە گەڵ خۆم بەرم بۆ ئەوەی دارستان و سەوزایی و ئاژەڵ و باڵندەی پیشان بدەم چونکە هەست دەکەم من توانای ئەوەم نەبوو وەڵامی سۆراخکردنی ئەو بدەمەوە تەنها ئەو سەرسامی کردم و هیچی تر.



هاوڕێ باخەوان - هۆڵەندا
hawreh@bakhawan.com

# جاش و باش و پرسیارێک!

## گەورەترین هەڵەی ڕاپەڕینی 1991 داڵدەدان و لێبووردنی گشتی بوو بۆ جاش و خۆفرۆشان

من ئێستاش ئەوەم بۆ ناچێتەوە سەریەک، بۆچی تاوانبارێکی وەک شێخ جەعفەری پارێزگاری سلێمانی لەسەردەمی بەعس، لە شارێکی وەک هەولێر داڵدە بدرێت و پاشانیش لەوێوە بنێردرێتە دەرەوەی کوردستان و ئێستا لە شوێنێکی نادیار بژی. بێئەوەی نەک هەر دادگایی بکرێت، بەڵکو تەنانەت تاکە لۆمەیەکیش بکرێت. ئەمە دەبێت تەنها لە ئێمە بوەشێتەوە!.

دیارە یاشێخ تەنها نموونەیەکە و لە شێخ جەعفەراندا زۆر دەوڵەمەندین. یەک لە گەورەترین هەڵەی ڕاپەڕینەکەی ساڵی 1991ی باشووری کوردستان داڵدە و لێبووردنی گشتی بوو بۆ ئەو جاش و خۆفرۆشانە، بەتایبەتی سەرۆک جاشەکان و هێما کوردەکانی ڕژێم لە کوردستاندا. من نەک ئەوەم پێ هەڵەیە بەڵکو ئازادکردنی ئەو دەیان هەزار سەربازە عەرەبەشم پێ هەڵەیەکی گەورە بوو. لێرەدا سەرباز مەبەستم ئەفسەر و بەرەوژوورە. ئەوانە تاوانباری جەنگ بوون و کەم و زۆر بەشداریی سەرکووتکردنی بزووتنەوەی کورد و ئەنفال وماڵوێرانییەکانی ئێمەیان کردووە. نەدەبووا وا بەئاسانی و بەڕێزەوە ڕەوانەی بیابان بکرابانایەوە. دەبوو بەلایەنی کەمەوە دادگایەکی تایبەتی دابمەزرێنین بۆ دادگاییکردن و سزادانی ئەفسەرە پایە بەرزەکان و هەموو ئەو سەرۆک جاش و هێما کوردانەی ڕژێم.

دیارە ئەوە ڕووینەدا، وەک وەمان نەکرد، جاشەکانمان کردەوە بە "باش"! باشێکی واهی کە زۆر لە من و تۆ، ڕێزی زۆرتر بێت لای دەستەڵات، ئێستا یەکێک لەو جاشە باشانە زۆر ئاسایی دەتوانێت لەسەر ئەم نووسینە من بداتە بەر شەق و کەسیش نەوێرێت لەسەرم هەڵبداتێ!.

سەرۆکجاشەکان هاتنە باوەشی حیزبە کوردییە "شۆڕشگێڕەکان"ەوە. هەندێکیان پیربوون و ئێستا خانەنشینکراون، هەندێکیشیان لە شەڕی ناوخۆدا کوژران و ئێستا شەهیدن! ئەوانەشی ماونەتەوە ئێستا کاربەدەستن.

ماوەیەکە ڕێکخراوی کوردۆسایدۆچ و هەندێکی تر کەوتوونەتە کامپین بۆ دادگاییکردنی ئەو سەرۆکجاشانە، بەتایبەتی ئەوانەی بە بەڵگەوە بەشداریی ئەنفال و کوردکوژییان کردووە و ئێستاش لە ڕیزەکانی دەستەڵاتدان. لەگەڵ هەموو هیوایەکم بۆ سەرکەوتنی ئەو هەوڵ و کامپینانە،پرسیارێکیان ئاڕاستە دەکەم و بەهیوای وەڵامیانم:

ئایا کامیان تاوانترە، تاوانباری یان داڵدەدانی تاوانبار و شۆردنەوەی تاوانەکانیان؟. بەلەجیاتی دانان! سەرۆکجاشێکی تاوانبار یان لایەنێکی داڵدەدەر؟.لە خۆم و لە ئێوەش دەپرسم! کێ دەتوانێت بیسەلمێنێت کە کەسێکی وەک عیززەت ئەلدوری لە کوردستان داڵدە نەدراوە! یان کێ دەتوانێت بۆم بسەلمێنێت کە ساجیدەی ژنی سەددام لە یەکێک لە هاوینەهەوارەکانی کوردستاندا موعەززەز و موکەڕڕەم ناژی!.

بەلای منەوە سەرۆکجاشەکان تاوانبارن، لێ لەوان تاوانبارتر داڵدەدەرانیانن..



هیلال ئیبراهیم

# بارزانی و هەڵەبجە

## ئێستا کاتێکی گرنگە هەوڵبدرێت ڕێگە لەو کەسانە بگیرێت کە دەیانەوێ هەر پارێزگایەک وەک هەرێمێکی سەربەخۆ لێ بکەن

مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان بەڵێنی بە خەڵکی هەڵەبجەدا کە شارەکەیان بکاتە پارێزگا. ئەم بەڵێنە مژدەیەکی گرنگی سیاسی، ئیداری و ئەخلاقییە کە لە لایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە درایە خەڵکی هەڵەبجە، بەڵام ڕێوشوێنە یاساییەکان و چۆنێتی بەدیهێنانی ئەم بەڵێنە سوربوون و کۆکردنەوەی پشتگیری نێوخۆیی، سیاسی و تەنانەت پشتیوانی هەرێمیشی دەوێ.

لەنێوخۆدا زۆربەی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەن کە هەڵەبجە بکرێتە پارێزگا، لەسەر ئاستی عێراقیش پارت و لایەنە سیاسییەکان دڵخۆشن بەم پێشنیازە. مالیکی سەرۆکی وەزیرانی عێراقیش پاش سەردانەکەی ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر کردنی هەڵەبجە بەپارێزگا و بەلێنی بەخەڵکی شارەکەدا کە پشتگیرییان بکات. دەوڵەتی ئێرانیش لەبەر هاوسنووریی لەگەڵ ئەو شارە کە ڕۆڵی لەو بڕیارەدا هەیە، هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئەو بڕیارەدا نییە، ئەوەی لە هەمووی گرنگترە هاووڵاتیانی هەڵەبجە چاوەڕێی جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنەن کە لە لایەن بارزانییەوە دراوە بە شارەکەیان، ئەوان دەپرسن ئەو بەڵێنە کەی و چۆن جێبەجێدەکرێت؟. ڕەنگە لە ئێستادا کردنی هەڵەبجە بە پارێزگا وەک شتێکی سادە یان وەک دەستکەوتێکی سیاسی، ئیداری سەیر بکەین، بەڵام بەدیهێنانی ئەو بەڵێنە لەلایەن بارزانییەوە دەستکەوتێکی مێژوویی، ڕۆحی و ئەخلاقیشە.

لایەنێک کە دەمەوێ لەم وتارەدا باسی لێوە بکەم هەندێ ڕاستی سیاسی، مێژوویی، کۆمەڵایەتییە کە لە دوای ڕاپەڕینەوە ئێمە پێوەی گیرۆدەین. ئێمە وابیر دەکەینەوە کە باشترین شوێن چانسی بوونە پارێزگای هەیە هەڵەبجەیە، هەر لەبەر ئەوە لەڕووی مەعنەوی و بابەتی مێژووییەوە پێویستە ئەو کارە بکرێت، بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە چەندین ساڵە ململانێی سیاسی لە کوردستان لەسەر حسابی ناوچەکان بووەتە خوویەکی ترسناک کە بەشێوەیەکی ئاشکرا لەکاتی بەڕێوەبردنی ئیداری هەستی پێدەکەین. زۆر ناوچە بەهۆی شەڕو ململانێی حیزبییەوە پشتگوێخران، ناوچەی هەڵەبجە و گەرمیان وەک دوو ناوچەی بەرفراوان بوونە قوربانی سیاسەتی هەندێ سەرکردەی نێو حیزبەکان، ئێستا کاتی خۆیەتی ئەوە بڵێین کە هەڵەبجە قوربانی ململانێی حیزبییە، چونکە سەرکردایەتی حیزبەکان بەتایبەت یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئێستا هەست بەشکست دەکا کە لە سەرەتاوە تا ئێستا دژایەتی ئەوەیان کردووە ئەو شارە بکرێتە پارێزگا، لەگەڵ ئەم جۆرە تێروانینەدا، هەندێ بەرپرسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان چەند ساڵێکە بەشێوەی جۆراو جۆر ئەوە دەڵێنەوە کە سلێمانی لەبەر ململانێی حیزبی پەراوێزخراوە و لەڕووی ئاوەدانی و گەشەکردنەوە هیچی بۆ نەکراوە، تەنانەت شەڕی ئەوەش دەکەن کە خەڵکی شارەکەیان پۆستی جیاجیایان هەبێت لە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا، بەڵام ئەو بەڕێزانە ئەوەیان بیر نەماوە کە چەند ساڵێک پێش ئەم شەڕەیان شارو ناوچەکانی دیکەیان کردبووە قوربانی سلێمانی. تەنانەت بە ڕوونی دژایەتی ئەوەیان دەکرد هەڵەبجە بکرێتە پارێزگا و ئەو شارە لەڕووی ئیداری و مەعنەویەوە سەربەخۆبێت. ئێستا کاتێکی گرنگە هەوڵبدرێت لەسەر حسابی ناوچەکانی دیکە ڕێگە لەو کەسانە بگیرێت کە بیر لە مەرکەزیەتی ئیداری و، بیر لەوە دەکەنەوە هەر پارێزگایەک وەک هەرێمێکی سەربەخۆ لێ بکەن. بەڕای من بەرگرتن لەو کارە بە گەڕانەوەی قورسایی مێژوویی و ئیعلامی و ئیداری دەبێت بۆ ناوچەکانی دەرەوەی سلێمانی. ئەمەش لەپێناو بەرگرتن لەو پەرتەوازەییە، چونکە ئەوان جگە لەوەی شەڕی ناوچەکەیان، ژیانی سیاسیان و ململانێی شەخسیان لەسەر حسابی خەڵک و ناوچەکانی دیکە بوو، وەک ڕۆژی ڕووناک ئێستا ئەوە دەبینین کێشەی ناوچەگەری بەڕوونی سەری هەڵداوەو زۆر ئاستی سیاسی و ئیعلامی و ڕۆشنبیری گرتووەتەوە. ئێستا ئێمە بۆمان ڕوون دەبێتەوە خەمی جارانیش خەمێکی ناوچەگەری و خێڵگەری ڕووت بووە و باڵی بەسەر ژیانی سیاسی و ئیداری کێشابوو.

ئەم بیرورایەم نیشانەی برەودان نییە بەناوچەگەری، بەڵام وابیردەکەمەوە کە بەردەوام مرۆڤەکان چەندە جیهانی بن، بەڵام دواجار کەسانێکی لۆکاڵین، لەناخیاندا هێزێکی ڕووحی هەیە بۆ گرێدانەوەیان بۆ شوێنی لەدایکبوون و گەورەبوونیان، بەڵام ئەم هەستە نۆستالۆجیە پێویستە لەسەر حسابی خەڵکی دیکە و ناوچەی دیکە نەبێت، ئەو کەسانە پێویستە ڕێگە بدەن هەموو کەسێک ئازارەکانی خۆی دەربڕێت و، پێیان خۆش بێت هەموو ناوچە و شوێنێک لەڕووی ئیداری و یاساییەوە پێش بکەوێت.



کاوە ئەمین - سوێد
kawe35@hotmail.com

# باکووری کوردستان لەبەردەم دووڕیانێکی تازەدا

کێشەی کورد لە باکووری کوردستان پێی ناوەتە قۆناخێکی نوێ و هەستیارەوە، ماتۆڕی ئەو قۆناخە نوێیەش وەکو پێشتر پارتی کرێکارانی کوردستان و سەرۆکەکەیەتی، عەبدوڵڵا ئۆجەلان. دوای دە ساڵ تێپەڕبوون بەسەر دەستگیرکردنی ئۆجەلاندا، ئەوەی کە تورکەکان خەویان پێوە دەبینی، هەڵوەشانەوەی پارتی کرێکاران بوو، بەڵام ئەوە بەدینەهات. هاوکات گۆڕانکارییە جیهانییەکان و پووکانەوەی پارتە نەژاد پەرستەکانی تورکیا بەتایبەتی پارتی کۆماری گەل کە کەمال ئەتاتورک دامەزرێنەی بوو، دەرگایان بەڕووی کێشەی کورددا کردەوە، لەلایەکی دیکەوە خەباتی نەپساوە و مەدەنیانەی نێوخۆی باکووری کوردستان و بردنەوەی شارەوانییەکانی باکوور لەلایەن پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتییەوە، دەرگای بەسەر کردنەوەی چارەسەری کێشەکە لە نێوەندە نێونەتەوەییەکاندا کردەوە، بە تایبەتی سەردانەکەی باراک ئۆباما و دەستگوشینی نوێنەری هەڵبژێردراوی کورد، هێندەیتر کێشەکەی بە نێونەتەوەیی کرد.

هەرچەندە نێوەڕۆکی نەخشە ڕێی ئۆجەلان ئاشکرا نەکراوە، بەڵام بە پشت بەستن بە گفتوگۆکانی پێشووی لەگەڵ پارێزەرەکانی، پێدەچێت دەستووری تورکیا کە لەساڵی 1921 دا مافەکانی کوردی تێدا دەستەبەرکرابوو، بەبنەما بگرێت، ئەو دەستوورەی کە لەلایەن ئەتاتورک خۆیەوە دانی پێدانراوە و پاشان لە پەیمانی لۆزانی ساڵی 1923 دا، لێی پاشگەز بوونەوە و مۆری "تورکی چیاییان" بە ناوچەوانی کوردەوە نا. تورکیا بەو کردەوەیەی تاوانێکی گەورەی کرد دژی نەتەوەیەک کە هەزاران ساڵە لەسەر خاکی خۆی دەژیت، هاوکات زیانێکی گەورەی دارایی و مەعنەویشیان لە خۆیاندا کە ئێستا خۆشیان لێی پەشمانن، ئاخر نە کوردیان پێ توایەوە و نە ڕێگەیەکیشیان بۆ دۆستایەتی کورد هێشتەوە.

ئێستا نەخشە ڕێگاکەی ئۆجەلان لە ناوەندە سیاسی و ڕۆشنبیری و میدیایەکانی تورکیا بووەتە نەقیزەیەک ڕۆژانە دەچێت بە کەمەری ناسیۆنالیزمی تورکیدا، بەشێوەیەک لە سەرۆک کۆمارەوە تا دەگاتە جەنراڵەکانی سووپا و پەرلەمانی ئەو وڵاتە کەوتوونەتە خۆیان، چونکە ئەوان باش لەوە تێگەیشتوون کە ئەو کێشەیە نابێ هەروا بێ چارەسەری بمێنێتەوە، ئەوەتا سەرنووسەری ڕۆژنامەی حوڕییەت کە دەیان ساڵە ڕای گشتی تورکی بە دژی ئۆجەلان و کێشەی کورد هاندەدات، گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە دەبێ کێشەکە چارەسەر بکرێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەکی باشە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانکاریانە و ئەو هێزە سەربازی و سیاسییەی کە کوردانی باکوور هەیانە لەو باوەڕەدام کە زۆر نابات تورکیا ئەو مۆدیلە چارەسەرییەی کە لە ئیسپانیا بۆ کێشەی نەتەوەی باسک و لە ئێرلەندای باکوور قبووڵکران، هەمان چارەسەری بۆ باکووری کوردستان قبووڵ بکات، بەڵام ڕەنگە لەسەرەتادا نەیانەوێت هەنگاوی گەورە باوێژن چونکە نەوەت ساڵە تورکیا بانگەشەی یەک نەتەوە و یەک ئاڵا دەکات.

چارەسەری کێشەی کورد لە باکووری کوردستان دەبێتە هۆی ئازادی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و پتەوبوونی حکوومەتی باشووری کوردستان، بۆیە دەبێ باشووری کوردستان دەستەوەستان نەوەستێت و دوای ڕووداوەکان نەکەوێت بەڵکو دەبێ ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە چارەسەرکردنی کێشەکەدا.

ئەگەر تورکیا گوێ بۆ داخوازییەکانی کورد لە باکوور بگرێت کە خوازیاری چارەسەرین لە نێو سنوورەکانی ئێستای تورکیا و باکووری کوردستاندا، داخوازییەک کە لانی کەمی مافەکانی کوردە لەم کاتەدا، ئەوا تورکیا دەتوانێ ڕۆڵی وڵاتی ئیسپانیا ببینێت و کوردیش وەکو باسکەکان چۆن توانیویانە لە دیموکراتیزەبوونی ئەو وڵاتەدا دەوریان هەبێت، هەمان ڕۆڵ ببین و دەرگا بەڕووی ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپادا بکەنەوە کە لە درێژخایەندا هەردوولا سوودمەند دەبن. بە ڕووەکەی دیکەدا بەردەوامبوونی شەڕ، درێژە بەو ماڵوێرانییە دەدات کە دەیان ساڵە هەندێک لایەنی شەڕخواز لە تورکیا پێی لەسەر دادەگرن، کە لە درێژخایەندا تورکەکان زیاتر زەرەرمەندتر دەبن تێیدا. پرسیارە گرنگە ئەوەیە کە ئاخۆ تورکیا ڕێگە دەدات ئەو تروسکە ئاشتییەی کە ئۆجەلان چەندین ساڵە لە زیندانەوە دەیەوێت بیگوێزێتەوە بۆ ڕووناککردنەوەی شەوەزەنگی شەڕخوازان، نەکوژێتەوە و ژیانی هەزاران لاوی کورد و تورک لە مردن ڕزگار بکات یان ڕەشەبای شەڕی جەنراڵەکان ئەو تروسکەی ئاشتیەش دەکوژێنێتەوە؟ پێدەچێت ئاشتیخوازان شانسیان زیاتر بێت، ئەوەش لە بەرژەوەندی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدایە کە سەد ساڵ زیاترە شەڕ لە ماڵەکانیان دوورنەکەوتووەتەوە.



گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

# وەزیرەکانی ئەمجارە

کورد، تا ئێستا لە هەڵبژاردنی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاودا زۆر کڵۆڵە. ئەزموونی ڕابردوو لە پەرلەمان و حکوومەتدا گەواهی ئەو ڕاستییەن. لە ڕابردوودا زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، چونکە هەمیشە لە بەر خاترانە و دڵڕاگرتن دەستنیشان کراون، بۆیە دیمەنی پەرلەمانتاری خەوتوو، یان نیمچە خەوتوو، یان دەم داچەقیو لە کاتی شینە باوێشکدا، ئاسایی بوون. کەم نەبوون ئەو پەرلەمانتارانەی بە پرەنسیپی "ئەندام پەرلەمانی لە بەتاڵی باشترە" گەیشتبوونە هۆڵی پەرلەمانەوە. بۆیە زۆر ئاسایی بوو، لە گەرمەی پرسە هەڵواسراوەکانی کوردستاندا، ئەوان لەو هۆڵە فێنکەدا، خەو بیانباتەوە.

وا باوە، کاتێ پۆستێکی بەتاڵ دەبێ، کەسێکی شیاوی بۆ بدۆزیتەوە. ئەوە تەنیا کوردە، کەسێکی بەتاڵ دەهێنێت و شوێنێکی بۆ دەدۆزێتەوە. لە کابینەی پێنجەمدا، سەرۆکی حکوومەت و دوو سێ وەزیر نەبێ، تەواوی کابینەکە خەڵکی نەشیاو بوون، ڕاگرتنی باڵانسی یەکخستنی ئیدارە، خەڵکێکی بێسەوادی کردە وەزیر. ئاخر هەموو کوردستان، 40 ڕێستورانتی ماقووڵی تێدا نییە، ئیدی بە عەقڵی کێدا دەچێ، 40 وەزارەتخانەی باشی هەبن.

هەندێ وەزارەتی کوردستان هەیە، هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە ڕاستەڕێ نەبووە و تا ئێستاش نەبووەتە شت، بۆ نموونە یەک سوودم نیشان بدەن، وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەم وڵاتەی گەیاندبێت. تاقە یەک ئیشی باشی وەزارەتی بێ پلانی پلاندانانم پێ بڵێن. وەزارەتێک هەبوو ناوی کاروباری ژنان بوو، حکوومەتەکە وا هەڵدەوەشێتوە و من کە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کار دەکەم ئێستاش نەمزانی ناوی ئەو وەزیرە چییە. یەکێکی دیکە بە ناوی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، بۆ ئەوەی ئەم وڵاتە دواکەوتووە پێش بخات، بەردەوام خەریکی گەشتی شارستانی بوو. ئەگەر بە نەقڵیات تا کۆیە بچێت سێ جار دەڕشێتەوە، کەچی وەزیرێکیش هەبوو گوایە وەزیری گواستنەوەیە، ئێمە لە ناو گەڕەکەکانی یەک شاردا پاسێکی ماقووڵمان نییە، کەچی ئەو باسی شەمەندەفەری نێوان شارەکانی دەکرد. وەزیری پەروەردە ئەوەندەی شەپلێشۆپێن بە پرۆگرامەکان و سیستەمی پەروەردە کرد، خەڵکی ناچار بوون قەرز بکەن و منداڵەکانیان نەنێرنە قوتابخانەکانی دەوڵەت، تۆ لەوە گەڕێ بادینان هەر دان بەو وەزارەتەدا نانێت و وا خۆیان لەو ڕووەوە حوکمی زاتی وەردەگرن. ئەرێ کەس لە ئێوە زانیویەتی وەزیرێک هەبوو ناوی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی بوو؟ هەرچی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی دونیا بوون باسی پێشێلکاری مافی مرۆڤیان لە کوردستان دەکرد، کەچی وەزیری مافی مرۆڤ کە ویلایەتەکەی لە تەواوبووندایە، دەنگی نەکرد. زۆر کەسوکاری ئەنفالکراو هەن لە داخی ئەو وەزارەتەی بۆیان قیت کرایەوە خوازیار بوون خۆشیان ئەنفال بکرانایە و ئەو ڕۆژەیان نەدیتبا. ئەگەر هەولێر بە نموونە وەربگرین، کە نەوزاد هادی هەبێت، ئیدی بوون و نەبوونی نازەنین وسوو چی لە شۆستەکان دەگۆڕێت؟ کورد جار و بار نەعلی کۆنی دەتواندەوە و دەیکردە مەسینە، ئێستا ئەوەش نەماوە ئیدی وەزیری پیشەسازی بۆچی بوو؟ لە هەمووی کۆمێدیتر وەزارەتێک بوو بە ناوی گەشت و (گو) زارەوە، هەرچەند بیرم دەکەوێتەوە لە بەر پێکەنین خۆمم پێ ڕاناگیرێت.

خوا بکەم ئەمجارە، لە هەڵبژاردنی وەزیرەکانی کابینەی شەشەمدا، کەسانێک دەستنیشان نەکەن، لە بری ئەوەی عەقڵی بەڕێوەبردنی وڵات بن، کەرەستەیەک بن بۆ پێکەنین.



نوورەدین
وەیسی
nuradinwaisi@rudaw.net

# حکومەتی بەرهەم

بڕیارە لەم هەفتەیەوە پەرلەمانی کوردستان د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح بە ئەرکی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕابسپێرێت. وەک چۆن چاوەڕێ دەکرێ پەرلەمانی ئەمجارە چالاکتر و زیندووتربێ لە خوولی پێشوو، بەهەمان شێوە کابینەی ئەمجارەی حکومەت بە هۆی ئەوەی ئۆپۆزیسۆنێکی بە هێزی دەبێ و چاودێرییەکی وردی کارەکانی دەکرێ، بۆیە باری گەلێک لە حکومەتەکانی پێشووتر گرانترە.

کابینەی پێشووی حکومەت بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی، ئەگەرچی هیچ چاودێرییەکی ئەوتۆشی لەسەر نەبوو لەلایەن پەرلەمانەوە، بۆ نموونە هیچ جارێک لێپرسینەوەی لەگەڵ وەزیرەکاندا نەکرد سەرەڕای ئەوەی بەردەوامیش لە میدیاکاندا باسی گەندەڵی وەزارەتەکان دەکرا و بەرپرسانی باڵای حکومەتیش نکوڵییان لە بوونی دیاردەی گەندەڵی نەدەکرد، بەڵام ناکرێ ئەو پرۆژە گەورە و گرنگانەش نادیدە بگرین کە کابینەی پێشوو ئەنجامیدان بەتایبەتی لە هەولێری پایتەختدا. حکومەتی نێچیرڤان بارزانی لە ماوەی تەنها چوار ساڵدا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بە کۆمەڵێک پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە و بیناسازی گەورەوە سیمای هەولێری گۆڕی. هەرچەندە ئەنجامدانی پرۆژەکان ئەرکی حکومەتە و نابێ بکرێتە منەت بەسەر خەڵکییەوە، بەڵام سلێمانی بودجەکەی لە هەولێریش زیاتر بوو کەچی بە هۆی ململانێی نێوخۆیی یەکێتییەوە بە بەراورد لەگەڵ هەولێر زۆر لە دواوەیە.

د.بەرهەم یەکێکە لە دیارترین کەسە تەکنۆکراتەکانی کوردستان و ئەزموونێکی زۆریشی لە حکومەتدا هەیە، ئەمە جگە لەوەی پەیوەندییەکی بەرفراوانی نێودەوڵەتیشی هەیە کە دەکرێ بە سوود وەرگرتن لەو هەموو تایبەتمەندییانە ببێتە سەرۆک حکومەتێکی بە بەرهەم، حکومەتێک بێت کە هەموو خەڵکی کوردستان خۆیان بە خاوەنی بزانن و نەبێتە ئامرازێک بۆ تۆڵەسەندنەوە لە باڵ و ڕەوتە نەیارەکانی خۆی و یان ببێتە بەشێک لە ململانێی نێوخۆی یەکێتی. لە هەماندەمیشدا لیستی گۆڕانیش نابێ لە پێناو دەنگ کۆکردنەوە و لەپێناو ئەوەی دەنگی لە نێوخەڵکدا دلێربێت، ئاستەنگ و کۆسپ بخاتەبەردەم کارەکانی حکومەت و نەهێڵێ وەک پێویست بەرنامەکەی جێبەجێ بکات.

دەستنیشانکردنی ئازاد بەرواریش لە لایەن پارتییەوە بۆ جێگری سەرۆکی حکومەتی کوردستان، نیشانەی ئەوەیە پارتی دەیەوێ بەجیدی هاوکاری د.بەرهەم بکات لە سەرخستنی حکومەتەکەیدا، چونکە ئازاد بەرواری ئەندامێکی دەستڕۆیشتووی مەکتەبی سیاسی پارتی و کەسێکی زۆر نزیکی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نێچیرڤان بارزانییە. ئەمە جیا لەوەی ئەویش پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ناوەندە عێراقی و عەرەبی و هەرێمییەکاندا هەیەو لە میدیاکان و قسەی سەرجادەشدا، نەمبیستووە بەبەراورد لەگەڵ بەرپرسانی تر بە گەندەڵبوون تۆمەتبارکرابێت، کە ئەمانە یارمەتیدەری دەبن بۆ سەرکەوتن لە کارەکەیدا.

بەرپرسانی کوردستان بەر لە هەموو کەس دەزانن خەڵکێکی زۆر لە کوردستان لە دەسەڵاتیان بێزار و تووڕەن، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەش بەروونی ئەو پەیامەی بە بەرپرسان گەیاند، بۆیە چاوەڕێن ئەمجارە دەسەڵات پەند لە هەڵەکانی وەربگرێ و حکومەتی د.بەرهەم، حکومەتی دەسکەوت و بەرهەم بێ.



حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

# ڕووناکبیر و ڕووناکگیرفان

## تۆ کە دوێنێ زەلامێکت بە خیانەتکار بە من دەناساند، چۆن لێت بێدەنگ بم ئەمڕۆ لێمی دەکەیتە ماندێللا و گاندی؟

نووسەرێکی عارەب، بە داخەوە ناوەکەیم بیر نەماوە، لەو بەینەدا شتێکی لەم بابەتەی نووسیبوو: ئاوی پاکی خواردنەوە و کارەبای بەردەوام و کونجی حەوانەوە و مافی پاراستنی ژیان، بۆ ڕۆژنامەوانان و نووسەران و هونەرمەندان و ڕۆشنبیران بە گشتی بەس نین، چونکە بزن و حوشتر و ئەسپیش ئەو مافانەیان بۆ مەیسەر کراوە .ئەو گیاندارانە، مافی ڕادەربڕینیشیان لە باڕاندن و بۆڕاندن و حیلاندندا هەیە.

ئەوەی ئەو دەستە بەشەرەی کۆمەڵگای کورد پێیان دەوێ، بەشداریکردنە لە بڕیاردان و بەڕێوەبردن و قەبووڵکردن و نەکردندا. ئەوان، بەر لە سیاسەتمەداران مافی خۆیانە پێ بەو یاسایانەدا بخشێنن کە لە دژی بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد دەردەچن. ئەو ڕۆشنبیرانەی، کە بە ویستی سیاسەتمەداران بێدەنگ دەکرێن و بەدەنگ دەهێندرێن خۆیان خاوەنی ئەو کەسایەتییەن نرخیان لە سەر دابندرێ و بکڕدرێن و بفرۆشرێن و جاروباری لغاویش بکرێن، لە کاتێکدا سیاسەتمەداران، بە تایبەتی سیاسەتمەدارانی کورد، دواکەوتووترین دەستەی کۆمەڵگەن لە ڕووی داهێنانی عەقڵییەوە .نەماندی جارێ لە جاران، بە درێژایی دەیان ساڵ، لە یەک گفتوگۆدا قۆڵیان نەبڕدرێ و خوێنی دەیان هەزار کەس بە هەدەر نەدەن. چارەنووسی میللەت و نیشتمان کە بەدەستی کۆمەڵێ خەڵکی سیاسییەوەیە و سیاسەتیان کردووەتە پیشە و پێی دەژێن و بۆی دەژێن و بەردەوام قازانجی زۆری لێ دەکەن، ئەگەر چاوی ڕووناکبیرانیان لە سەر نەبێ، بەرەو هەڵدێری دەبەن و دوای ئەوە دەبنە خاوەنی دوورگە و کەشتی و کۆمپانیای گەورە و پشکی زۆری بانکە جیهانییەکان. ئەو کاتە، کە دەستیان لە سیاسەت لە کوردستاندا پێ بەر دەدرێ و بە کەڵکی سیاسەتی هیچ شوێنێکی تری دنیاش نایەن، دەست لە سیاسەت هەڵدەگرن. ئەوان، بە قەولی هەمان نووسەری عارەب، کە بە چاوێک ئەشک بۆ شەهیدان دەبارێنن و چاوەکەی تر لە بکوژەکەیان دادەگرن، ناتوانن وەک پێویست لەگەڵ کەسوکاری شەهیدان و خاک و نیشتماندا ڕاستگۆ بن، بۆیە بە ناچاری ئەنفالچی لە کورد دەکەنە قارەمان و ئەندامی سەرکردایەتی و پێناسەی خەباتگێڕییان پێ دەدەن و قەبووڵ دەکەن فرۆکەوانی گومانلێکراو ئازاد بکرێ! جێی سەرسوڕمان نییە سیاسەتمەداری کورد فرۆکەوانی تاوانکار ئازاد بکا، بەڵام جێی سەرسوڕمانە ڕووناکبیر بیانوو بۆ ئەو ئازادکردنە بهێنێتەوە! کە بیانووشی هێنایەوە، بەراتەکەی یا ئەوەیە بکرێتە ئەندامی پەرلەمان یا وەزیر، یا بە لای کەمەوە بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی بەشەرلۆجی!

سیاسەت کە بووە پیشە و دەوڵەمەندبوونی بە دوادا هات، ئیدی دەسەڵات هۆشی ڕۆشنبیری سیاسەتچی جڵەو دەکا و ڕێی داهێنانی لێ دەگرێ. ئەو شاعیرەی بە شیعرێکی خۆی دنیای دەهەژاند و دەنگی بوو بە ژێیەکی ئەو لاواندنەوە و باڵۆرانەی کە لە قوڕگی ژنە ئەنفالەوە دەردەچوون، ئێستا دەبێ باروت دەورەی بگرێ تا لە ژنە ئەنفال پارێزراو بێ. ئەمە بەشداربوونی ئەو نییە لە دەسەڵاتدا، بەڵکو ئاڵووێرێکە لە وشە و ڕستە و هەڵوێستدا تا دەسەڵاتی پێ بە دەست بێنێ.

لێم ببوورن کە ئەم ڕایەم هەیە: ئەوەی توانیبێتی دوێنێ بەرگری لە سیاسەتی ستالین بکا، بە مەبەستی بازرگانی ئەوەی کردبێ ئێستاش بە مەبەستی بازرگانی بەرگریی لە سیاسەتی ئەمەریکا و دیزە بە دەرخۆنەکردنی ماددەی 140 و تەعریبکردنی کەرکووک و بەفیڕۆدانی نەوتی کوردستان دەکا و دیارە دەزانێ لە کوێوە نیسکان دێنێ و دەتوانێ لە وشک بنوێ و لە تەڕ بلەوەڕێ. ئەوەشی هەر ئەوەندەی هۆش پێدا شکابێ، ناتوانێ ئەمڕۆ لە کورد ببێتە داهێنەر و وێرانەمان بۆ ئاوەدان بکاتەوە و خاکی تەعریبکراومان وەرگرێتەوە. ئەوە، هەر لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیدا درۆ دەکا و درۆکانیشی هەر بە درۆ پینە دەکا!

هەر ئەوانەی کە ستالینیان بە ڕزگارکەری بەشەرییەت دادەنا، ئەمڕۆ نیگاری پێچەوانەی ماندێللا و مەهاتما گاندی بە شێوەی کاریکاتێرانە لە کەسە نیوتەنی و مێردەزمەی سیاسەت لە ناو کورددا پەیدا دەکەن و سەرکەوتووانە لە کارەساتە سیاسییەکانی کوردستاندا بەرەو پێش دەچن و چارەنووسی کوردیش لە دەستێکی ڕەشەوە دەخەنە دەستێکی ڕەشترەوە و پاشەڕۆژی ئەم نیشتمانە وا لێ دەکەن، هەمیشە خوێناوی بێ و سەرانیشی لە کورد دز و ڕێگر بن و لەخەڵکی تر پشیلەی دەستەمۆ!

ئەو بابەتە ڕۆشنبیرە سیاسەتپیشانە، ناچارن باسی ئاوی خواردنەوە و کارەبای زۆر و کونجی حەوانەوە و مافی باڕاندن و بۆڕاندنی هاوڕێ خوێندەوارەکانی دوێنێی خۆیان بکەن تا لە سەر پیشە بەپیتەکەی خۆیان بەردەوام بن و ئەوەندەی بکرێ کەمترین خەڵک هەڵوێستی پیسکەیی و دەستپیسییان بە ڕوودا بدەنەوە و کەمترین جار باسی هەڵوێستی دوێنێیان بکرێ کە 180 پلە پێچەوانەی هەڵوێستی ئەمڕۆیان بووە. تۆ کە دوێنێ زەلامێکت بە خیانەتکار یا تاوانبار و پیاوکوژ بە من دەناساند، چۆن لێت بێدەنگ بم کە ئەمڕۆ لێمی دەکەیتە ماندێللا و گاندی؟ ئەو، دوێنێ پیاوکوژ نەبوو یا ئەمڕۆ ماندێللا نییە؟!.. ئاخر درۆ تەنها بە درۆ پینە دەکرێ و دەبێ بۆ پینەکردنی یەک درۆ، لێزانانە هەزار درۆ دابهێنیت! ئەم دنیا سەخیفە پڕ لە نیفاق و درۆیە ئەوەندە دێنێ خۆتی بۆ بخەیتە بن باری دووڕوویی و بێهەڵوێستییەوە؟!

ئەو هەڵوێستە دووڕووییەی کە پێی دەگوترێ ڕووناکبیرانە و لە ڕاستیدا ڕووناکگیرفانانەیە، جۆرێکە لەو جلخوارییەی سەردەمی شێخی گەورە و هەزار جار ئەو جلەیان پیرۆز بێ!



ولادیمێرفان ولخنبێرخ
vvanwilgenburg@gmail.com

# ڕێزگرتن لە ئیسلام یا ترس لە ئیسلام

## خەڵک ڕەمەزانان ڕۆژەکان دەژمێرن و هەمیشە ناڕازین لەوەی ناتوانن بخۆن و بخۆنەوە، ئەمەش وا دەردەخات ئەوان بە ئارەزووی خۆیان بەڕۆژوو نابن

هەفتەی ڕابردوو ڕەمەزان دەستی پێکرد، کە مانگێکی پیرۆزی مسوڵمانانە. لەو مانگەدا خەڵک زوو تووڕە، تەمبەڵ و توندوتیژتر دەبن. نرخەکان بەرز دەبنەوە و خەڵکیش پارەیەکی زۆر لە خواردندا خەرج دەکات بەبەراورد لەگەڵ کاتی ئاساییدا. زۆربەی ئەو سیاسەتکارانەی من چاوم پێیانکەوت بەڕۆژوو نەبوون، یاخود تەنیا لەبەر ناوبانگییان و لە ترسی مەلاکان بەڕۆژوون.

لەکاتێکدا زۆربەی خەڵک پێیانوایە سەرکردایەتی لیستی گۆڕان زۆر پابەند نین بە ئیسلامەوە،، بەڵام ئەوان ئایەتێکی قورئانیان بۆ هەڵبژاردن بەکارهێنا. هەرچەندە زۆربەشیان بڕوایان بە ئیسلام نییە و بەڕۆژووش نابن، هەمان شتیش بۆ یەکێتی و پارتی. ئەندام پەرلەمانێکی سەر بە لیستی کوردستانی پێی ڕاگەیاندم کە ناچاربوون لە دەستوورداشەریعە بکەنە سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان، لەبەرئەوەی ئەگەر نەیانکردبا کەس دەنگی بۆ نەدەدان، بەڵام ئەو پەرلەمانتارە خۆیشی باوەڕی بە ئیسلام نییە، کە ئەمەش نموونەیەکی بچووکە.

لەڕۆژانی ئاساییدا زۆربەی سیاسەتکارە گەورەکان لە شیراتۆن و هۆتێلەکانی دیکە دەبینی بیرە دەخۆنەوە یا لەگەڵ ژنە دۆستەکانیان، بەڵام لەپڕ بەبۆنەی ڕەمەزانەوە هەموو هۆتێلەکان بەتاڵ بوونەتەوە و خەڵک "پاک" بوونەتەوە، ئەمەش پێی دەگوترێت "ڕێزگرتن" لە ئیسلام، یا باشترە ناوی بنێین ترس لە ئیسلام. هەر بۆیە زۆربەی لیستە سیاسیە کوردییەکان ئایین بەشێوەیەکی خراپ بەکاردێنن بۆ ئامانجە سیاسییەکانیان لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا.

لە ڕەمەزاناندا خەڵکی ئاساییش لە ئیسلام دەترسن. ئەو خەڵکانەی لە کاتی ئاساییدا هەموو شتێک دەکەن کە دژی ئیسلامە، کەچی لە پڕ دەبنە "خواناس و لەخواترس" و دەست دەکەن بە نوێژ کردن، تەنانەت لەسلێمانیش کچی گەنج لەچک دەپۆشن. ئایا کارێکی ڕاستە تەنها بۆ یەک مانگ خۆت بکەیە کەسێکی پاک و بێ تاوان و باش و 11 مانگەکەی دیکەش هەموو شتێک بکەیت کە "قەدەخە وحەرامە"؟. بۆچی بەدرێژایی ساڵ کردەوەی "باش" ناکەیت لەجیاتی ئەوەی ماوەی مانگێک بەڕۆژوو بیت . ڕاستیەکە ئەوەیە زۆربەی خەڵک ڕەمەزانان ڕۆژەکان دەژمێرن و هەمیشە ناڕازین لەوەی ناتوانن بخۆن و بخۆنەوە، ئەمەش وا دەردەخات کە ئەوان بە ئارەزووی خۆیان ئەو کارە ناکەن!.

چێشتخانەکان هەموویان داپۆشراون ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ "ڕێزگرتن لەو مانگە پیرۆزە" و لە دەرئەنجامیش هەموو کەس ئەوەی وەبیر دەهێنرێتەوە کە پێویستە بەڕۆژوو بن، ئەگینا تۆ مسوڵمان نیت. هەندێک بەمە دەڵێن ڕێزگرتن لە مانگی ڕەمەزان، بەڵام من پێیدەڵێم ڕێزلێنەگرتن. عەمید عەبدولخالق بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند ئەو کەسەی ڕێز لەم مانگە نەگرێت لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت و دەستگیر دەکرێت، بەڵام لە ڕاستیدا تەنها ئاگادار دەکرێنەوە کەنابێ لە شوێنە گشتییەکاندا بخۆن یا بخۆنەوە و جگەرە بکشێن، هەروەها وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئاینی ڕایگەیاند کە مەسیحییە مەشروب فرۆشەکانیش پێویستە دوکانەکانیان لە ڕەمەزاندا دابخەن، بەڵام ئێمە لە ئەوروپا لەبەرئەوەی ئێمە بەناو مەسیحین، داوا لەو مسوڵمانانە ناکەین کە لە وڵاتەکانماندا دەژین کە بەڕۆژوو نەبن، نوێژ نەکەن یا مزگەوت دروست نەکەن، یا داوایان لێبکەین گۆشتی بەراز بخۆن.

خەڵک دەڵێت ئایین بڕیارێکی شەخسیە، بەڵام تۆ ناچار دەکرێیت پێشوازی لە ڕەمەزان بکەیت، چونکە لە هەموو لایەک میوزیکی ئیسلامی دەبیستیت و بەردەوام پرسیارت لێدەکرێت کە ئایا بەڕۆژوویت هەتا ئەگەر بیانیش بیت. ئەگەر "ڕێزگرتن لە ئایین" مانای ئەوەبێت کە دەستگیر بکرێیت یاخود هوشداریت بدرێتێ و بەچاوێکی نزم تەماشات بکرێت،، ئەوا من نامەوێت ڕێز لە کەس بگرم.

هەندێ مسوڵمانی ئەوروپی و نا مسوڵمانیش پێیانوایە مانگی ڕەمەزان مانگێکی باشە بۆ لاوازبوونی کێشت و خۆلاوازکردن، بەڵام ئەمەش ڕاست نییە. چونکە لە ڕەمەزاندا خەڵک لەکاتی نائاسایی نان دەخۆن بۆ نموونە پێش نوێژی بەیانی. هەروەها شیرینی زۆر دەخۆن و لەدوای شکاندنی ڕۆژووش نانێکی یەکجار زۆر دەخۆن. هەندێ زانایانی ئیسلامی خەڵک ئاگادار دەکەنەوە کە ئەو کارە نەکەن، لەبەرئەوەی ئەوە دژی پرەنسیپی ئیسلامە. چونکە ڕەمەزان بەو مانایە نییە کە هەتا بتوانیت هەر بخۆیت.

سەخیر ئەختەر کە پرۆفیسۆرە لە بواری تەندروستیدا دەڵێ لەشی مرۆڤ لە کاتی بەڕۆژووبووندا یەدەگی قەڵەوی لەو کاتانە بەکاردێنێت کە خەڵکی برسیانە، بۆیە ئەگەر لەدوای شکاندنی ڕۆژووت زۆر بخۆیت، ئەوە تووشی قەڵەوی دەبیت.

هەرچەندە هەندێ خەڵک پێیانوایە ڕەمەزان وا لە خەڵک دەکات ببنە کەسێکی باشتر، بەوەی بیر لە خەڵکی دیکە بکەنەوە کە وەکو ئەوان بەخت یاوەریان نییە. بەڵام من پێموایە خەڵک زیاتر پرتەوبۆڵە دەکەن کە برسیانە و ڕۆژەکان دەژمێرن بۆئەوەی بزانن کەی ڕەمەزان کۆتایی دێ و جەژن دەست پێدەکات. ئەگەر سیاسەتکارە دەوڵەمەندەکانی کوردستان و خانەوادەکانیان لە جیاتی ئەوەی لەپڕ هەژارانی کوردستانیان وەبیر بێتەوە، لەجیاتی ئەوەی بەڕۆژوو بن و چاودێری ڕەمەزان بکەن، لەکاتێکدا باوەڕیشیان پێی نییە، باشترە کۆمەڵگایەکی تەندروست دروست بکەن کە هەلی کار بۆ هەموو کەس دەستەبەر بکات.



هێمن عەبدوڵڵا - هۆڵەندا
hemn_abdulla@hotmail.com

# بۆ ڕۆتتەردام ڕەمەزانی ناوێ؟

کاتێک چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە مەغریبەوە لێدوانی بۆ تەلەڤزیۆنێکی هۆڵەندی دەدا، پیاوێکی تووڕە و تۆسنی گوێڕانەگر بوو. ئەو دەیگوت بووەتە قوربانیی کۆمپلۆتێک .گوایە ڕاستڕەوەکان خۆشیان لێ نایە و دەیانەوێ شاربەدەری بکەن. هەر ئەو پیاوە، ساڵێک بەر لە ئێستا، لە سەر هەمان کەناڵ، وەک فریادڕەسێک کە کلیلی جادوویی بۆ چارەسەری کێشە زۆروزەبەندەکانی تایبەت بە "بێگانە خۆنەگونجێنەرەکان" پێبوو، دەناسێنرا. ئەوکات ئەو فریادڕەسە ڕوخسارێکی ئارامی هەبوو. کە قسەی دەکرد حەزت لێبوو گوێی لێڕاگریت. تەنانەت ئەو ڕۆژنامەوانەی هەڤپەیڤینیشی لەگەڵ دەکرد بە چاوی ئەبڵەق و بە ڕوخسارێکی نیمچە سوورهەڵگەڕاوەوە گوێی بۆ فەرمایشتەکانی "مامۆستا" ڕادەداشت. بەڵام چەند ڕۆژێک پێش ئێستا، ئەو ڕۆژنامەڤانەی لە ستۆدیۆی تەلەڤزیۆنەوە پرسیاری لێدەکرد، پاش تەواوبوونی هەڤپەیڤینەکە، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بە بینەرانی وت: ئەوەی دیتتان ڕەمەزانێکی تووڕە بوو!

تاریق ڕەمەزان فەیلەسوف و ئیسلامناسێکی سویسریی بە بنەچە میسرییە. با ڕوونتر بیڵێم نەوەی حەسەن بەننای دامەزرێنەری ئیخوان موسلیمینە و کەسێکە بەهۆی ئەو بڕوانامە بەرزانەی لە ژنێف و ئەزهەر بە دەستیهێنابوون و هەروەتر ئەو وتار و نووسینانەی کەوتبوونە بەردیدەی ڕۆژئاواییان، وەک سازکەری "پردێک" دەبینرا لە نێوان دنیای ئیسلامی و ڕۆژئاواییدا. هەر ئەوەش وایکرد سەرەتای ساڵی 2007، زانکۆی ئێراسمووسی ڕۆتتەردام وەک پرۆفیسۆری میوان داوای هاوکاریی لێبکات و شارەوانیی ئەو شارەش بە ڕاوێژکاری خۆی، کە ئەرکی سازکردنی پردێک بێت لە نێوان دانیشتوانی شارەکەدا، بە جیاوازیی باوەڕییانەوە، دایبمەزرێنێ.

دامەزراندنی ڕەمەزان بە پێشنیازی جێگرێکی پێشووی پارێزگاری شارەکە بوو، کە چەپە و بە بنەچە کوردێکی خەڵکی باکووری کوردستانە. ئەوەیش وایکرد کە پارتە ڕاستڕەوەکان دژی بوەستنەوە و لەسەرەتاوە هەوڵی هەراسانکردنی بدەن. بۆیەش هەرچەندە ڕەمەزان ڕۆڵێکی چەلەنگانەی گێڕا لە سازکردنی گفتوگۆیەکی جیدی سەبارەت بە پەیوەندیی موسوڵمانان و ڕۆژئاواییان لەو شارە گەورەیەی ئەوروپادا، بەڵام ماوە ماوە، بە تۆمەتی دژایەتیکردنی هۆمۆسێکسواڵەکان و ئافرەتان و قبوڵنەکردنی ڕای بەرامبەر و دووڕوویی، ناوی لە ڕۆژنامەکانی هۆڵەندادا دەهات. بۆیەش کاتێک ئەو ڕۆژانە سەرلەنوێ وێنە و ناوی کەوتەوە سەر لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتە، تەنیا یەک شتی تازەی تێدا بوو، ئەویش ئەوەبوو کە ڕۆتتەردام بڕیاری دابوو دەستی لێهەڵگرێ و بە گوتەی ئەحمەد ئەبوتالیبی سەرۆک شارەوانی: ئەوەی ڕوویدا چیدی دووبارە نابێتەوە.

دەرکردنی ڕەمەزان لە ڕۆتتەردام هەرایەکی ڕۆژنامەڤانی و سیاسیی نایەوە. زۆر لە نووسەرە چەپەکانی هۆڵەندا و تەنانەت مامۆستایانی زانکۆی ئێراسموسیش بڕیاری دەرکردنەکەیان پرۆتەستۆ کرد و پێیان ناڕاست بوو. چونکە هۆی دەرکردنەکەیان پێ لاواز بوو. ڕەمەزان بە هۆی هاوکاریکردنی کەناڵی پرێس تی ڤی ئێرانییەوە دەرکرا. کاربەدەستانی ڕۆتتەردام پێیانوایە کەسێک پارە لە حکومەتێکی زۆردار و نالێبوردەی وەک ئێران وەربگرێت، ناتوانێ ببێتە سازکەری پردی لێبوردەیی لەنێوان دانیشتووانی جڤاکێکی ئەوروپایی. ئەوان دەزانن کە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکەی ڕەمەزان، لەوکەناڵە ئێرانییەدا بەرنامەیەکی ئایینییە و کەم یان زۆر باسی سیاسەتی تێدا ناکرێت. لێ ئەوە لەبیر دەکەن کە حکومەتەکەی خۆیان، سەرەڕای ئەوەی هاوکاریی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی دەکات، کەچی پێوەندیی بازرگانیی بەهێزیشی لەگەڵ ئەو "حکومەتە نالێبوردە و زۆردار" ەدا هەیە.

دۆزی ڕەمەزان خەریکە لە ئەڵمانیاش هەرا دەنێتەوە. هەفتەی ڕابردوو ئەندامێکی پەرلەمانی ئەڵمانیا ڕایگەیاند کە دەست بە کۆکردنەوەی ئیمزای پرۆتەستۆ دەکات دژی ئەو بڕیارەی کاربەدەستانی ڕۆتتەردام کە "لەژێر گوشاری پارتە ڕاستڕەوە دەمارگیرەکاندا" داویانە. ئەو پەرلەمانتارە، کە پێشتر مامۆستای زانکۆ بووە، دەیگوت: "جاران داوام لە قوتابییەکانم دەکرد بۆ بینینی نموونەی بەرزی لێبوردەیی کۆمەڵایەتی بڕۆنە هۆڵەندا، بەڵام لەوەودوا ناتوانم ئەوە بڵێم."

دەپرسم: کاتێک ئەمیر و سوڵتان و شا "زۆردارە" عەرەبی و ئیسلامییەکان دەبن بە سپۆنسۆری کورسیی خوێندن لە مەزنترین زانکۆکانی ئەوروپادا، بۆچی کەس بە هەڵسوڕێنەری ئەو زانکۆیانە ناڵێت ئێوە ناتوانن کولتووری لێبوردەیی بگەیەننە قوتابییەکانتان. لێ کاتێک فەیلەسوفێک پرۆگرامێکی ناسیاسی لە تەلەڤزیۆنێکدا پێشکەش بکات کە دەوڵەتی ئێران سپۆنسۆریەتی، ئیدی ئەو کەسە دەبێت بە دێوەزمە و لێی دەتەکنەوە؟ هەر بەڕاست هۆی چییە کە ڕۆتتەردام ڕەمەزانی ناوێ؟



# مەلاكانی سلێمانی تووڕەن

**روودلو – سلێمانی**

دوای ئەوەی لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بڕیاردرا هەموو چێشتخانەو گازینۆ و چایخانەكانی سلێمانی لەمانگی رەمەزاندا ئازادن دوكانەكانیان بكەنەوە، زۆربەی مەلاكانی سلێمانی لەوتارەكانیان لەرۆژی هەینی رابردوودا هێرشیان كردەسەر ئەو بڕیارەو بە بڕیارێكی "نادروست"یان لەقەڵەمدا. عومەر فارس جێگری بەڕێوەبەری ئەوقافی سلێمانی لەبارەی بڕیارەكە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێمە وەكو وەزارەتی ئەوقاف بڕیارو رێنماییمان دەركردووە لە هەموو هەرێمی كوردستان رێز لە رەمەزان بگیرێ و كەس لەبازاڕ خواردن نەخوات و جگەرە نەكێشێت بەڵام لە سلێمانی كاری پێنەكراوە". هەر لەوبارەیەوە دانا ئەحمەد مەجید پارێزگاری سلێمانی بە (رووداو)ی گوت "بڕیارە رۆژی سێشەممەی داهاتوو هەموو مامۆستایانی ئایینی لەگەڵ خاوەنی چێشتخانەو گازینۆ و چایخانەكان بە ئامادەبوونی شارەوانی و ئەنجوومەنی پارێزگا كۆبوونەوەیەك سازبكەین بۆ ئەوەی بگەینە رێككەوتنێك سەبارەت بەوەی مامەڵەیەكی شارستانی لەگەڵ مانگی رەمەزاندا بكرێ".



# دووری بە پشتێن وشەڕواڵەوە تێ دەسووڕێتەوە

**رووداو–حەقایق**

بەپێی هەواڵێكی حەقایق عیزەت دووری جێگری سەرۆكی پێشووی عێراق لە لایەن پۆلیسی تكریتەوە گیراوەو پاشان لە بەرامبەر یەك ملیۆن دۆلار ئازاد كراوە.

بەپێی هەواڵەكە دووری لە كاتێكدا بە جلوبەرگێكی كۆن ودڕاوی كوردی وەك شوانكارێك لە سنووری پارێزگەی تكریت دەسووڕایەوە لەلایەن مەفرەزەیەكی پۆلیسەوە دەستگیردەكرێت كە بڕی 3 ملیۆن دۆلاریشی پێبووە بەڵام بەڕێوەبەری پۆلیسی سەلاحەددین لە بەرامبەر یەك ملیۆن دۆلار ئازادی كردووە، ئەو وێنەیەش لە لایەن پۆلیسێكەوە بە مۆبایل گیراوە.



# شەكیرا بە شەكیرا سەرسامە

**رووداو– Middle East Online**

دەشنێ موراد، تەمەن 23 ساڵ كە بەستایلی پۆپ و دانس و جووڵە سەرنجڕاكێشەكەی بووەتە دیاردەیەكی نوێ لەنێو موزیكی كوردی، دەڵێت "بە شەكیرا سەرسامم و وەك نموونەیەك تەماشای دەكەم".

دەشنێ كە بەشەكیرای كورد ناسراوە، سەرسامییەكەی بەو گۆرانیبێژە كۆلۆمبییە بەڕەچەڵەك لوبنانییە بەزۆربەی ڤیدیۆكلیپ و گۆرانییەكانیەوە دیارە. لەكلیپە نوێیەكەیدا بەناوی (هێلا هۆپ)، دەشنێ قژی بەرداوەتەوەو بەتەنوورەیەكی كورتەوە وەك شەكیرا سەما دەكات. لەوبارەوە دەشنێ دەڵێت "هونەری شەكیرا ئیلهامبەخشە بۆ من، بەڵام هەوڵیش دەدەم جووڵەی تایبەت بەخۆم هەبێت".

17 »




**خاوەنی ئیمتیاز:** كۆمپانیای رووداو

**سەرۆكی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن:** نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

**سەرنووسەر:** ئاكۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر:** سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین:** ساڵح قادر rodan@rudaw.net

**بەڕێوەبەری هونەری:** حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net

**نوێنەری ئەورووپا:** هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

**دیزاین:** عەبدوڵڵا رەفیق– بەختیار مستەفا– ڤیان سلێمان

Rudaw readers know more

هەفتەنامەیەكی سیاسی گشتییە كۆمپانیای رووداو دەریدەكات | نووسینگەی سلێمانی: شەقامی كانێسكان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر– بەرامبەر نیوستی | ...0 488 5696 | rudaw@rudaw.net | ...w.rudaw.net









